دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵ دا

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

سێشەممە ٣٠ی خەزەڵوەر ١٣٩١ _ ٢٠ی نوڤەمبری ٢٠١٢ | ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان | ژمارە: ٥٩٦ | نرخ: ١٥٠ تمەن



## ئامریکا: هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دەست لێوەشاندن نابێ

ڕۆژنامەیەکی کووەیتی بڵاوی کردەوە کە دوای ناردنی هێزی دیجلە بۆ نزیک لە سنوورەکانی هەرێمی کوردستان لە لایەن سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە، ولاتە یەکگرتووەکانی ئامریکا بە پشتیوانی لە حکوومەتی هەرێمی باشووری کوردستان بە سەرۆک وەزیرانی عێراقی راگەیاند کە «هێزی پێشمەرگە هێڵی سوورە».

ڕووبەڕووبوونەوەی سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگەی کوردستان مەترسیی هەڵگیرساندنی شەڕی لێدەکرێت و سەرچاوەیەکی کوردیش بە ڕۆژنامەی «سیاسەت»ی کووەیتی ڕاگەیاندوە، جۆبایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا لە ئەگەری هەڵگیرساندنی شەڕ لەگەڵ هێزی پێشمەرگە و بە تایبەت لە ناوچە کێشە لەسەرەکان، مالکی سەرۆک وەزیری عێراقی لە هەڵەکانی ئاگادار کردۆتەوە پێی راگەیاندوە کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بۆ دەست لێوەشاندن نابێ.



## سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە رۆژاوای کوردستان تیرۆر کرا

ریکەوتی ٢٩ی خەزەڵوەر، لەکاتی ئەنجامدانی خۆپێشاندانێک لەلایەن دانیشتوانی شاری سەریکانی، گرووپە چەکدارێکی نەناسراو کە سەر بە سوپای ئازادی بن، دەستدرێژیان لە خۆپێشاندەران کرد و دوای ئەوە سەرۆکی ئەنجومەنی گەل و ژمارەیەک کەسی دیکە داوایان لە گروپە چەکدارەکە کرد کە رێگری لە خۆپێشاندەران نەکەن، لە بەرانبەردا چەند کەسێک لەم چەکدارانە دەسرێژیان لێ کردن کە لە ئاکام دا عابید خالید، سەرۆکی ئەنجومەنی گەل لە رۆژاوای کوردستان و کەسێکی دیکە کوژراون ژمارەیەکی تریش برینداربون.

لەم پێوەندییەدا ئاژانسی هەواڵی فورات نیوز کە نزیکە لە پارتی کرێکارانی کوردستان بڵاویکردەوە کە، لەکاردانەوەی رووداوەکەدا یەکینەکانی پاراستنی گەل (YPG) ، وەڵامی گرووپەکەیان داوەتەوە و شەڕ و پێکدادان لە شاری سەریکانی هاتۆتە ئاراوە.

### حیزبی دیموکراتی کوردستان لە کۆنفرانسی پراگ دا:

# ئێران، سەرزەویی هاوبەشی هەموو دانیشتوانیەتی و بە هاوبەشیی هەموانیش دەبێ بەڕێوە بچێت




بە بەشداریی زیاتر لە ١٢٠ کەسایەتیی کوردو ئیرانی و نوێنەرانی حیزب و لایەنی سیاسیی کوردو ئێرانی و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، کۆنفرانسی «یەکیەتیی بۆ دێمۆکراسی لە ئێران» لە شاری پراگ لە ولاتی چێک بەڕێوەچوو.

کوردستان و کورد: لە ماوەی دوو رۆژی کاری ئەم کۆنفرانسەدا دوایین گۆڕانە سیاسییەکانی پێوەندیدار بە ئێران، پرسی تێپەڕبوون بەرەو دیموکراسی لە ئێران، یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی دژبەری رێژیمی کۆماری ئیسلامی و مەسەلەی نەتەوەیی پێکهاتە نەتەوەییەکانی ئێران و هەروەها کەندو کۆسپەکانی سەر ریگای ژنان لە بەشداریکردنیان لە سیاسەتدا باس و مناقشەیان لێ کرا.

لە کۆنفڕانسی»یەکیەتیی بۆ دێمۆکراسی لە ئێران» هاوشان لە گەڵ دەیان کەسایەتی و چالاکی سیاسیی ئێرانی و کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان هەردوو بەڕێزان: گوڵاڵە شەرەفکەندی و کاوە ئاهەنگەری، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بەشداربوون و باس و بابەتی تایبەت بە ناوەڕۆکی ئەم کۆبوونەوەیان پێشکەش کرد.

لەم کۆنفڕانسەدا بەڕێز کاوە ئاهەنگەری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لە گەڵ ‹› هەڵبژاردنی ئازاد و کۆسپەکانی بەردەم›› و چەمک و چۆنیتی دێموکراسی وەک یەکێک لە رێکارە سیاسییەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشە هەڵپەسێراوەکانی ئێرانی داهاتوو بۆ بەشداران دوا.

بەڕێزیان لە قسەکانیدا باسی لە پرسی موشارکەت و بەشداری لە سیستمی بەڕێوەبەریی ولاتێکی وەک ئێران دا کرد. لە درێژەی باسەکەی دا بە رەخنە گرتن لە هەڵبژاردنی ئازاد لە ئێران کە تا ئێستا لە لایەن ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانییەوە بۆ داهاتوو مەترەح کراوە، باسی لە مەنتقی بەشداری کردن لە بەڕیوەبەریی ئێرانی داهاتوو دا کرد وپێی داگرت کە دێموکراسیی هاوبەشی و تەوافوقی باشترین شێوازی بەرێوەبەرییە بۆ داهاتووی ئێران. هەر وەها تەئکیدی کردەوە کە لە پەنابردن بۆ دەنگدان لە ئاستی سەراسەریدا، حەزفکردنی لایەنە کەمینەکان زیاتر خۆی دەنوێنێ و روو دەدات.

## ئامادەکاری بۆ شەڕ، هەرسێ پارێزگای کەرکوکو سەلاحەدینو دیالەی گرتۆتەوە

سەرچاوەیەکی تایبەت بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، لە ئێوارەی دووشەممە١٩(نوڤەمبر)ەوە، رێگەکانی (کەرکوک –بەغدا)، لە خورماتوو شوێنەکانی تریشەوە، (سلێمانی-بەغدا) لە کەلارو خانەقینەوە داخران.

وتیشی، ئەو رێگایانە لە لایەن سوپای عێراقەوە داخراونو بەشێکە لەو پەرەسەندنانەی دوای رووداوەکانی هەینیی رابردوو لە نێوان پێشمەرگەو سوپای عێراقدا دروست بووە.

سەرچاوەیەکی باڵای هێزی پێشمەرگە بە ئاوێنەنیوزی راگەیاند، وەزارەتی پێشمەرگەوە فەرمانی بە لیوای(٥)ی شارەزور داوە بەرەو ناوچەکانی خورماتووو قەرەتەپە بەرێ بکەون.



وتیشی، دوای ئامادە باشیەکەی فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە، هێزەکانی پێشمەرگەش خراونەتە حاڵەتی ئامادەباشیەوە.

پێشتر سەرچاوەیەکی ئاگادار بەئاوێنەنیوزی راگەیاند، هێزەکانی فەرماندەی ئۆپراسیۆنەکانی دیجلە لەسنوری پارێزگاکانی کەرکوکو دیالەو سەلاحەدین،خراونەتە ئینزاری جۆری (g)ەوە، کە ئەو جۆرە ئینزارەش بەواتای ئەو پەری ئامادەباشی دێت بۆ شەڕ.

رۆژی هەینی رابردوو ١١/١٦ شەڕو رووبەڕووبونەوە لەنێوان هێزی پێشمەرگەو هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵی عێراقدا لەدووزخورماتوو دروست بوو، لەئەنجامدا کەسێک کوژراو نزیکەی ١٠ کەسیش بریندار بوونو تائێستاش رەوشی ئەو ناوچانە هێور نەبۆتەوە.

## کاردانەوەکانی مردنی ستار بێهێشتی لە گرتووخانەدا

لە حاڵێکدا غوڵامحوسێن موحسنی ئێژەیی، وتەبێژی وزارەتی داد، پێشتر رایگەیاندبوو کە ستار بێهشتی لە پێنج شوێنەوە جەستەی رەش و شین هەڵگەڕاوە؛ سەرۆکی پزیشکی دادوەری رایگەیاند کە ستار بێهشتی بە شێوەی سروشتی مردوە.

پزیشکی دادوەری هەر لەم پێوەندییەدا رایگەیاند کە بێهشتی رەنگە بە هۆی ئێسترێسەوە گیانی لە دەست دابێ، چونکی بەر لە مردنی دەرمانی دڵی خواردوە.

ئەم راپۆرتانە لە حاڵێکدا بڵاو دەبنەوە کە کەمپەینی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ لە ئێران لە زاری یەکێک لە نزیکانی بنەماڵەی بێهشتی بڵاوی کردەوە کە کاتی وەرگرتنەوەی تەرمەکە، لایەکی سەری تێک قوپابوو و سەر و چاویشی هەڵمسابوو. ناوبراو هەروەها دەڵێ: لای ئەژنۆی راستی تەرمەکەی ستار کفنەکەی خوێناوی کردبوو کە نیشانەی خوێنڕێژی بوو.



پێویستە بوترێ ستار بێهشتی کرێکارێکی وێبلاگنووس بوو کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی دوستگیر کراو لە کاتی بازجویی دا گیانی لێ ئەستێندرا.

روانینمان

## بۆ ئەوەی بانگەوازەکانمان چی دیکە بێ ولام نەمێننەوە

قادر وریا

حیزبی دیموکراتی کوردستان، وەک بایەخدان بە خەباتی مەدەنی و وەک رێزگرتن لە چالاکانی مەدەنی لە نیوخۆ و دەرەوەی رۆژهەلاتی کوردستان، لە ماوەی چەند سالی رابردوو دا، لە ریزی پێشەوەی پشتیوانانی ئەو بانگەواز و کەمپەینانە دا بووە کە هەر جارەی بە دەسپێشخەریی کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی و هەڵسووڕاوانی بوارەکانی مافەکانی ژنان، مافی مرۆڤ و هتد، وەڕێ کەوتوون. رەنگە لە هەڵوێستگرتن لەم جۆرە کاتانە دا یەکەم شت کە بە مێشکی رێبەریی حیزبی دیموکرات و تێکۆشەرانی دا هاتوە، ئامانج و نەفسی حەرەکەتەکە بووە. هەر کات، بانگەوازەکە یا کەمپەینەکە، ئامانجێکی پیرۆز و ئازادیخوازانە و دژ بە ستەم و دیکتاتۆری هەبووە و داکۆکیی لە قوربانیانی ستەم و نابەرابەری و هەلاواردن کردوە، هەم هاندەر بووە بۆ ئەوەی تێکۆشەران و ئەندامانی، پشتی بگرن، هەم راگەیاندن وئیمکاناتی دیپلۆماسیی خۆی، بۆ پشتیوانی لەم جۆرە حەرەکەتانە وەکار خستوە کە دیارە ئەم کارە هەرەوەزی و بە کۆمەڵانە، سوود و دەسکەوتی خۆیان هەبووە ، هەر وا کە لاوازی و کەم و کوورپی خۆشیان هەبووە.

ئێستا و دوای بلاوبوونەوە و وەڕێکەوتنی چەندین بانگەواز و کەمپەینی لەم چەشنە لەم چەند سالەی دوایی دا، کە دوا نموونەیان، بانگەوازی تایبەت بە ٢٧ی خەزەلوەر بوو، جێی خۆیەتی هەر کام لە حیزب و ریکخراوە سیاسییەکان و هەر وەها سەرجەم کەسانی دەستپیشخەر و چالاک لەم جۆرە حەرەکەتانە دا،بە چاوێکی رەخنەگرانە، ئاوڕ لەو کەمپەین و بانگەوازانە بدەینەوە و خالە لاوازەکانیان دەستنیشان بکەین، بۆ ئەوەی بەردەوام رابردوو و ئەزموونە ناسەرکەوتوو و بێئاکامەکان دووپات نەکەینەوە.

بڵاو کردنەوەی بانگەواز بە مەبەستی وەڕێخستنی حەرەکەتیکی گشتی وەک مانگرتنی سەرانسەری لە رۆژهەلاتی کوردستان لە رۆژێکی دیاریکراودا، ئەویش پاش ئەوەی بە روالەت چەندین رێکخراوی سیاسی و سینفیی پشتیان گرتوە،ئەگەر هیچ جووله و وڵامێکی بە دوا دا نەیە، نابێ هەر وا بە سەری دا تێپەڕ بین. ئایا کۆمەڵگە، هیچ حیسابێک بۆ ئەم جۆرە بانگەوازو لایەنەکانی پشتگر و پشتیوانیان ناکا؟ یا کۆمەڵگە ئامادەیی هەبووە بۆ جووڵەی داواکراو و ولامدانەوە بە بانگەوازەکە، بەلام بانگەوازەکەی پێنەگەیشتووە؟ یا بانگەوازەکەی پێگەیشتوە و ئەو هیز و لایەنانەش کە بانگەوازیان بلاوکردۆتەوە بە هی خۆی دەزانێ، بەڵام بە هۆی بارودۆخی ئەمنیەتی و زاڵبوونی کەشوهەوای سەرکوت، ناتوانێ داواکەیان جێبەجێ بکا؟

زۆر تاڵ دەبێت ئەگەر کۆمەڵانی خەڵک، بانگەوازەکەیان بیستبێ و داواکەش- بۆ وینە وەڕێخستنی مانگرتن بۆ پشتیوانی لە بەندییە سیاسییەکان- بە رەوا بزانێ و هەلومەرجیش بۆ ولامدانەوە بە بانگەوازەکە، گونجاو بێت، بەلام وەک پشتکردن و بێزاری دەربڕین لە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، ولامی بانگەوازەکەی نەدابێتەوە. ئەوەش هەر جێگای لێوردبوونەوەیە کە چەندین رێکخراو و گرووپ و سەدان چالاکی سیاسی و فەرهەنگی و میدیایی،بانگەواز روو بە خەلکی رۆژهەلاتی کوردستان بڵاو بکەنەوە، بەلام داواکەیان چووکترین جموجۆل لانیکەم لە ئاستی ئەندامان و لایەنگران و دۆستانی خۆیان دا وەڕێ نەخا و شتێکی ئەوتۆیان بەدەستەوە نەهاتبێ کە بەرووی خۆیانیەوە بگرن.

ل ٤

سیاسی





دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و داهاتووی پێوەندیی ئێران و ئامریکا

٤

سیاسی



شوێنی کورد لە رووداوەکانی سووریەدا

٥

ژنان





مانگرتنی ٨ زیندانیی سیاسیی ژن لە زیندانی ئێویندا

٧

کۆمەڵایەتی





پێناسە و جۆرەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە ژنان

٩

ئەدەب و هونەر



حەداثە (حەدداسە) یەشغوون کچە گۆرانیبێژی کوردی ئیسرائیلی بۆ رۆژنامەی «کوردستان»

١١



### خالید عەزیزی لە سمیناری دانمارک دا:

# میللەتێک کە چەندین کێشەی هەڵپەسێراوی نەتەوەیی هەیە، پێویستی بە گەرەنتی و ڕێککەوتنێکی نەتەوەیی هەیە





ڕۆژی شەممە ٢١ی خەزەڵوەر، بەرانبەر بە ١٠ی نوامبری ٢٠١٢ ، سمینارێکی سیاسی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری «برۆندب»ی وڵاتی دانمارک پێکهات.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەسپێکی قسەکانی دا باسی لە دوایین شۆڕشەکانی ناوچەکە کردو وتی: «کاتێک ئاور لە گۆڕانەکان دەدەینەوە دەبێ بزانین چۆنیان بەکاری دێنین و لە گۆڕانەکان بە چ شێوەیەک بە قازانجی مەسەلەکەی خۆمان کە مەسەلەی نەتەوەییە کەڵک وەردەگرین.»

عەزیزی لە درێژەی قسەکانی دا وتی: «بۆ ئێمە کە ساڵانێکە بۆ دێمۆکراسی و ئازادی خەبات دەکەین و لە کاتێکدا حکوومەتە دیکتاتۆرەکان دەگۆڕێن، شێوازی گۆڕانەکان جێگای باس و پرسیارە. ئێمە لە بایەخی ئەو گۆڕانانە کەم ناکەینەوە. ئێمە لە ناوچەیەکدا شاهیدی ئالوگۆڕین کە دێمۆکراسی بە خۆیەوە نەدیوە، بۆیە لە وڵاتێکدا کە دێمۆکراسی بەخۆیەوە نەدیوە لەوانەیە لەسەرەتای هەر شۆڕشێکدا کێشەی زۆری لێ بکەوێتەوە، بەڵام خۆشبینم بەوەیکە؛ لە ناوچەیەکەدا شاهێدی ئالوگۆڕین کە شعووری کۆمەڵانی خەڵک بە هاوکاریی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و بەرزیی شعوری سیاسی، ئەو پەیامە دەدا کە هیواداربین کە جارێکی دیکە لە وڵاتاندا شاهیدی دەسەڵاتەکانی وەک تاڵەبان و شێوازی کۆماری ئیسلامی نابین.

لە درێژەی وتەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزب باسی لە کاریگەرییەکانی ئەم شۆڕشانە لە سەر وڵاتانی دیکەی دیکتاتۆر لێدراوی وەک ئێران کرد کە پێی وابوو، «ئەو ناوچانەی کە گۆڕانیان تێدا دەچێتە پێش، جێگە و پێگەی کۆمەڵێک ڕێژیمی وەک کۆماری ئیسلامیی ئێران دەخەنە مەترسییەوە.

بەڕێز خالیدی عەزیزی لەم بەشە لە قسەکانی دا باسی خوێندنەوەی هەڵەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بۆ شۆڕشەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردوو کردو وتی: «ئێران دەیهەوێ وا لە خەڵک بگەیەنێ کە بەهۆی ئەوەیکە خۆی بەرهەمی ئینقلابە، خاڵی هاوبەشی لە گەڵ ئینقلابەکانی ناوچەکەدا هەیە، بەڕای ئێمە ئەوە هەڵەیە و وانییە. ئەوەی لە سووریە هاتۆتە گۆڕێ بە دڵنیایەوە دەسەڵاتی بنەماڵەی بەشار ئەسەد لاوازو نابوود دەکاو چاوەڕوانیی هاتنە سەرکاری دەسەڵاتێکی دێمۆکراتیک لە ناوچەکەدا دەکرێ.»

لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات باسی لە شوێنەواری ئەم گۆڕانانە لە سەر مەسەلەی کورد کرد وتی: «بە پێی ئەو گۆڕانانە دوو سێناریۆ بۆ کورد دەبینین؛ لەوڵاتێکی وەک سوریە کە کورد بە بێ ناسنامە مابووەوە، ئێستا گۆڕانی بەسەردا هاتوەو ئەمەش بەرهەمی ئەو شەپۆلە گۆڕانەیە کە لە ناوچەکەدا لە ئارادایە. ئەوەی لە تورکیە لە ئارادایە، مەسەلەیەکی دیکەیە. بە باوەری ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان، کورد لەم بەشە لە خاکی کوردستان دا توانیویەتی لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی دا ئاڵترناتیڤ بێنێتە ئاراوە. ئەوەی ئێستا لە تورکیە لە ئارادایە، سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان، بە شتێکی باشی دەزانین. باشترین ڕێگە چارە بۆ پرسی کورد لە تورکیە ئەوەیە کە دەوڵەتی تورکیە بە ڕێگە چارەی دێموکراسی و لەبەر چاوگرتنی مافی مرۆڤ هەڵسوکەوت لەگەڵ بەندکراوانی سیاسی و دۆزەکەیان دا بکات. ئەوە هەم بۆ خەڵکی تورکیە و هەم بۆ دەوڵەتی تورکیە دەبێتە مایەی شانازی.»

لەم بەشە لە قسەکانی دا بەڕێز عەزیزی وتی: «بە ڕای ئێمە ئەوەی لە عێراق لە ئارادایە دوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس، دەرفەتێکی دیکە بۆ کورد ڕەخساوە. بەخۆشیەوە ئەزموونی کوردی باشوور ئەوەی سەلماند کە کوردستان وەک نموونەیەک چاو لێ بکرێ بۆ چارەسەری مەسەلەی کورد لە بەشەکانی دیکە. بۆیە لە هەڵسوکەوتی سیاسیماندا پێویستە پاراستنی ئەو ئەزموونە لەبەر چاو بگرین.»

لە پێوەندی لە گەڵ داهاتووی ئێران و چۆنیەتیی بنیاتنانی دەسەڵاتێکی گەلی لەم وڵاتە، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، جێبەجێ کردنی بەرنامەی حیزبەکەی بۆ ئێرانێکی فرە نەتەوەیی بە ڕێگە چارە زانی. لەم پێوەندییەدا ناوبراو بە باسکردنی لە ڕێگەچارەی «فیدرالیزم» وەک دروشم و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێناسە کردنی ئێران بە واحیدێکی سیاسی ـ جوغرافیایی کە چەند نەتەوەی جیاواز لە یەکی تێدا دەژین، پێداگریی لە سەر بەڕێوەبردنی ئێران بە شێوەی فیدرالی کردەوە.

لە بەشێکی دیکەی وتەکانی دا سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان باسی لە ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی نێوان هێزو لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردو لەم پێوەندییەدا بە بایخەوە پێداگریی لە سەر لێک نزیک بوونەوەی هەردوو لایەنی دێموکرات کردەوەو ئاماژەی بەو هەوڵانە کرد کە لەم پێوەندییانەدا، ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان گرتوویەتە پێش.

بەڕێز عەزیزی لەم پێوەندییەدا وتی: «تا ئەو جێیەی پێوەندی بە ئێمەوە بووە هەوڵمان داوە هێزە سیاسییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لیک نیزیک بکەینەوە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا لە گۆڕانەکاندا زەرەرمەند نەبین، کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستی بە وەحدەتی نەتەوەی هەیە.

لەم بەشە لە وتەکانی دا کاک خالید عەزیزی وتی: بە باوەری من هونەری حیزبێکی سیاسی ئەوەیە پرۆژەی بۆ داهاتوو هەبێ و بیر لە سبەینێ بکاتەوە ، بۆیە بۆ ئەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوودا زەرەرمەند نەبێ، دەبێ خەڵک هان بدەین وەحدەت و یەکگرتوویی نەتەوەییان هەبێ. ئێمە لە حیزبی دێمۆکراتی کوردستان کە باس لە یەکگرتووی دەکەین باسی بەرژەوەندی گشتی دەکەین. ئێمە لە نێوخۆی خۆمان پێویستیمان بە قەرارادێکی نەتەوەیی هەیە، بۆ نەتەوەیەک کە کێشەی هەڵپەسێراوی نەتەوەیی هەیە، دەبێ ئیلزاماتی نەتەوەیی و قەراردادێکی نەتەوەیی هەبێ.

کۆتایی سمینارەکەی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی دانمارک بە پرسیار و تێبینیی بەشداربووان و وەڵامی پرسیارەکان لە لایەن بەڕێزیانەوە کۆتایی پێ هات.

شایانی ئاماژە پێکردنە کە هەر لەم سمینارەدا چەپکە گوڵی ڕێزلێنان لە لایەن خوشکە خەیاڵ قادری هاوسەری تێکۆشەری ناسراو، نەمر نەبی قادری، بە نوێنەرایەتیی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و مهناز محەممەدزادە بە نوێنەرایەتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە بەڕێز کاک خالید عەزیزی کرا.

## چاوپێکەوتنی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست لە شاری سلێمانی



**کوردستان وکورد:** بە بۆنەی هاتنی لویس ئەیالا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ کوردستان، مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، دیدارێکی بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبە کوردستانییەکان لەگەڵ ناوبراو ڕێک خست.

لە ئێوارە خوانێک دا کە یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان، ئێوارەی پێنجشەممە ٨ی نوامبر، لە شاری سلێمانی، بە ئامادەبوونی بەڕێز مام جەلال، سکرتێری گشتیی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و جێگری سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، بە بۆنەی هاتنی سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست بۆ کوردستان پێکی هێنابوو، سکرتێر و نوێنەرانی ژمارەیەکی زۆر لە حیزب و ڕێکخراوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەشدار بوون. لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانیشەوە، هەیئەتێک بە سەرۆکایەتیی بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوبەشیی قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسی و کەریم سەقزی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لەم بۆنەیە دا بەشدار بوون.

لە وتەیەکی کورت دا کارگێڕی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، بەڕێز مەلا بەختیار، وێڕای بە خێرهاتنی کردنی لویس ئەیالا بۆ کوردستان، ئەو کەسایەتییەی وەک دۆستێکی گەورەی کورد ناساند و ئاماژەی بە ڕۆڵی بەڕێز ئەیالا لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست بۆ بایەخدان بە پرسی کورد کرد. وەک نموونەش، ئاماژەی بە دوایین کۆنگرەی ئەو ڕێکخراوە کرد کە بە هەوڵی بەڕێز ئەیالا، سێ وتار لە لایەن سەرانی سێ هەیئەتی کوردیی بەشدار لە بەشەجۆراوجۆرەکانی کوردستان لەم کۆنگرەیە دا پێشکەش کران. هەر وەها ئەو ڕێکخراوەیە ڕەزامەندیی خۆی لە گەڵ وەگەڕخستنەوەی گرووپی کاری کوردان لە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست دا پێشان دا.

پاشان بەڕێز لویس ئەیالا، لە وتارێک دا، خۆشحاڵیی خۆی لە سەفەر بۆ کوردستان و ئامادەبوونی لە کۆڕی ڕێبەران و نوێنەرانی حیزب و ڕێکخراوە کوردییەکاندا دەربڕی. سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، باسی ڕۆڵی بەڕێز مام جەلال سەرکۆماری عێراق و جێگری سەرۆکی ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست و پێویستیی بە هێزکردنی پێوەندیی ئەو ئۆرگانیزاسیۆنە جیهانییە و نەتەوەی کوردی کرد. بەڕێز ئەیالا، وێڕای ئاماژە بەو نەهامەتی و کارەساتانەی بە سەر نەتەوەی کورد هاتوون، خۆشحاڵی و ڕەزامەندیی خۆی لە بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند. هەروەها پرسی کورد و داواکانی بزووتنەوەی کورد لە تورکیە، سوریە و ئێرانی بە ڕەوا و شایانی پشتیوانی زانی و ئامادەبووانی دڵنیا کردەوە کە ئەنترناسیۆنالی سۆسیالیست، پشتیوانی گەلی کورد دەمێنێتەوە. ئەیالا لە سەر ئەو باوەڕەی خۆشی پێی داگرتەوە کە هەموو مرۆڤەکان و نەتەوەکان مافی بێ ئەملاوئەولای خۆیانە کە بە مافەکانیان بگەن و خەبات و تێکۆشانی ئەویش هەر لەم پێناوە دایە.

پێویست بە ئاماژە پێکردنە کە لە پەراوێزی ئەم دیدارە گشتییەدا، سکرتێری گشتیی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست دانیشتنێکی هاوبەشی لە گەڵ هەردوو هەیئەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێک هێنا. لەو دانیشتنە تایبەتییەدا بەڕێز ئەیالا، وتی: بە دەستپێکردنی دیالۆگ و دانیشتن لە بەینی دیموکراتەکان خۆشحاڵم و هیوام ئەوەیە لەسەر هەوڵەکانتان بۆ یەکیەتی و یەکریزیی بەردەوام بن. ناوبراو هەروەها ئامادەیی خۆی بۆ هەر چەشنە هاوکارییەک کە لەم پێوەندییە دا لە دەستی بێت، ڕاگەیاند.

## دانیشتنێکی فەرمیی دیکە لەگەڵ هاوڕێیانی پێشوومان بەڕێوە چوو





لەدرێژەی دیالۆگی نێوان دێموکراتەکاندا، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی سێشەممە ١٣ ی نوامبری ٢٠١٢ (بەرامبەر بە ٢٣ ی خەزەڵوەری ١٣٩١)، هەیئەتێکی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە سەرپەرستیی هاوڕێ مستەفای مەولوودی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب و بە هاوڕێیەتیی کەریم سەقزی و ئاسۆی حەسەن زادە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی، سەردانی سکرتاریای هاوڕێیانی پێشوومانیان کرد و لەلایەن وەفدێکی ئەوانەوە بە سەرپەرستیی کاک حەمەنەزیف قادری و بە هاوڕێیەتیی کاک شاهۆ فەرازمەند و کاک دارا ناتق پێشوازی‌یان لێ کرا.

لە سەرەتای ئەو دانیشتنە فەرمییەی سەر ئاستی ڕێبەرییەکانی دوو لایەن کە لە کەش و هەوایەکی دۆستانەدا بەڕێوە چوو، هەیئەتی هەردوولا وێڕای وەبیر هێنانەوەی پاشخانی هەنگاوەکانی پێوەندیدار بە کرانەوەی دەرگای دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەنێوان دوو لایەندا، خۆشحاڵیی خۆیان لە درێژەکێشانی ئەو پرۆسەیە بەمەبەستی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی گونجاو بۆ پرسی نێوان دوو لایەن و لێبڕاویی ڕێبەریی هەر کام لەوان بۆ هەنگاو هەڵێنانەوە بەو ئاقارەیاندا دووبارە کردەوە.

پاشان لە باس و گفتگۆیەکی چڕ و پڕدا هەیئەتی هەردوولا دوورەدیمەن، سیناریۆ و مێکانیزمەکانی چارەسەری ئەو کێشەیەیان تاوتوێ کرد و وێڕای دەستنیشان کردنی ئەو خاڵە بنەڕەتییانەی کە تێڕوانینی جیاوازی هەر کام لە لایەنەکانی لەسەرە، ڕێکارەکانی بەرەوڕووبوونەوەی کۆسپەکانی سەر ئەو ڕەوتەیان خستەبەر باس و هەڵیان سەنگاندن.

لە کۆتایی دانیشتنەکەدا، نوێنەرانی هەردووک لایەن ئامادەیی خۆیان بۆ درێژەدانی وتوویژ و دیالۆگ دووپات کردەوە و لەپێوەندی لەگەڵ هەوڵ و هەنگاوەکانی داهاتوودا هەماهەنگیی پێویستیان ئەنجام دا.

شایانی گوتنە کە بەشی کۆتایی دیدارەکە بۆ دانیشتنێکی دۆستانە بە بەشداریی ژمارەیەکی دیکە لە ئەندامانی ڕێبەریی هاوڕێیانی پێشوومان تەرخان کرابوو.

# پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ باراک ئۆباما، بە بۆنەی هەڵبژێرانەوەی بە سەرۆک کۆماریی ئامریکا



بەڕێز باراک ئۆباما، سەرۆک کۆماری ئەمریکا!
لە گەڵ ڕێز و سڵاوی گەرم،
بە ناوی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بە بۆنەی هەڵبژێرانی دووبارەت بە سەر کۆماری ئەمریکا بە گەرمی پیرۆزباییتان لێ دەکەم.
بۆ بەڕێزتان و دەوڵەت و خەڵکی ئەمریکا، سەرکەوتن و بەرەوپێشچوونی زیاتر لە دووهەمین خولی سەرکۆماریت دا بە ئاوات دەخوازین.
گەلی کورد و خەڵکی ئێران کە لە مێژ ساڵە لە دژی دیکتاتۆری و لە پێناوی ئازادی و دیموکراسی و مافە ئینسانییەکانیان دا خەبات دەکەن و قوربانی دەدەن،چاوەروان و هیوادارن دەوڵەتی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی بەڕێزتان، رۆڵێکی چالاکی لە پشتیوانیی نەتەوەی حەقخوازی کورد وبزووتنەوەی دیموکراسیخوازی لە ئێران و رۆژهەڵاتی نێوەراست دا، هەبێت.
لە گەڵ باشترین ئاواتەکان بۆ بەڕێزتان و خەڵکی ئەمریکا

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**٨ی نوامبری ٢٠١٢**
**١٨خەزەڵوەری ١٣٩١**

# بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سمینارێکی سەرۆکی پارتی یەکیەتیی دێموکراتیک (پە یە دە)



ڕۆژی ١٧ی نۆڤەمبەری ٢٠١٢ بە بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە لەندەنی پایتەختی بریتانیاو کۆمەڵێک کەسایەتیی کوردو نوێنەرانی هێزو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان سمینارێک بۆ ساڵح موسلیم، سەرۆکی پارتی یەکێتیی دێموکراتێک لە ژێر ناوی «کوردەکان و ڕۆژهەڵاتی نێوەراستی لە حالی ئالوگۆردا» بەڕێوەچوو.
ناوبراو لە سەرەتای قسەکانی دا لە پێوەندی لە گەڵ مێژووی جووڵانەوەی نەتەوەی کورد بە گشتی و گەلی کورد لە رۆژاوای کوردستان بە تایبەتی باس کرد.
ساڵح موسلیم لە بەشێکی دیکەی سمینارەکەدا چووە سەر بارودۆخی ئەمڕۆی رۆژاوای کوردستان و قەیرانی سووریە وسەبارەت بە ویست و داواکاریی کوردانی ڕۆژئاوای کوردستان وتی: ئێمە حەقی خۆمانە کە داوای مافی خۆمان بکەین و مافی سەرەکیی خۆمانە کە لە دەولەت و بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتەدا بەشمان هەبێت، هەر وەک چۆن پێویست و گرینگە کە هەموو نەتەوەکانی تری ئەو وڵاتە لەگەل یەک و پێکەوە لەبنیادنانەوەی ئەو وڵاتە و دەسەڵاتی حوکم دا بەشدار بن.
لەم سمینارەدا لە سەر بانگهێشتی رەسمیی پارتی یەکێتیی دێموکراتیکی رۆژاوای کوردستان، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هاتوو لە بەڕێزان: مەولود سوارە، نوێنەری حیزب لە بریتانیا، فەرزاد حیکمەت بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لەبریتانیا، عبدالله ئەمینی، بەرپرسی کۆمیتەی حیزب لە لەندەن و فەریدون مەعروفی بەشدار بوون.
لە پەراوێزی کنفرانسەکەدا هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیان لەگەڵ بەشێک لەدۆستان و میوانانی بەشدار دیدار تازە بکەنەوەو لە پێوەندی لە گەڵ دوایین گۆڕانکارییەکانی سووریەو داهاتووی رۆژاوای کوردستان لە گەڵ ساڵح موسلیم، سەرۆکی پارتی یەکێتی دیموکراتیکی رۆژاوای کوردستان ئاڵوگۆری بیروڕایان کرد.

# بەرێوەچوونی هەشتەمین کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ



ڕۆژی یەکشەممە١١ی نوامبری ٢٠١٢ی زایینی هەشتەمین کۆنفرانسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێمۆکراتی کوردستان بە ناوی کۆنفرانسی «شەهید پەروین رووحی» لە وڵاتی نۆروێژ بەرێوەچوو.
سەرەتا بە خولەکێک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان، بە تایبەت ئەو شێرە ژنانەی کە لە رێگای ئازادیی کوردستان گیانی خۆیان بەخت کردوە کۆنفرانسەکە دەستی بە کارەکانی کرد.
پاشان پەخشانێک بۆ شیرە ژنی پێشمەرگەی شەهید «پەروین رووحی» لە لایەن بەرێوەبەری بەرنامە بەرێز بەفرین رۆستەمی لە ژێر ناوی تەوارە سوورپۆشەکەم خوێندرایەوە.
لە سەرەتای کۆنفڕانسەکەدا بەرێز «مەحبوب رەحیمی»، بەرپرسی کومیتەی یەکیەتیی ژنان لە نۆروێژ، باسێکی لە گرینگیی چالاکی ژنی کورد لە هەلو مەرجی ئێستادا پێشکەش بە بەشدار بووان کرد.
پاشان رەحیمی ڕاپۆرتی کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە نۆروێژی لە نێوان کۆنفرانسی حەوتەم بۆ هەشتەم پێشکەش کرد.
دواتر بەشدارانی کۆنفرانس ڕاوبۆچوونی خۆیان بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی ڕاپۆرت و کارو چالاکییەکانی کۆمیتەی «یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان» لە نێوان دوو کونفرانس دا خستە ڕوو، دوای گرتنی ڕخنەو تێبینی بەشداران، ڕاپۆرت بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.
شایانی باسە کە بەشێک لە میوانەکانی کۆنفرانس بۆ باشتر بەرێوەچوونی کارەکان بەشداری چالاکانەیان لە بەحسەکاندا کرد.
لە بڕگەیەکی دیکەی کاری کۆنفڕانسدا ڕاپۆرتی ماڵی لە لایەن خاتوو نەمام زەرینفام پێشکەش کرا کە لە لایەن بەشداربووانەوە بە کۆی دەنگ پەسەند کرا.
پاشان پەیامی پیرۆزبایی کۆمیتەی حدک لە نۆروێژ لە لایەن بەرێز ئەحمەد نەقشی بۆ کۆنفرانسی یەکیەتیی ژنان پێشکەش کرا و بەرێزی پشتیوانیی کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکیەتیی ژنان دووپات کردەوە، هەروەها بەو بۆنەوە برووسکەی پیرۆزبایی و چەپکە گوڵ لە لایەن بەرێز سەیران مەعرووفی، بەرپرسی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش بە کۆنفرانس کرا.
لە برگەیەکی تری کۆنفرانسەکەدا بەرێز شوعلە قادری بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات باسێکی گشتی لە سەر زەروورەتی بزووتنەوەی ژنان و کاری هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنان کرد.
دوا برگەی کاری کۆنفرانس بەرێوەچوونی هەڵبژاردنی بەرێوەبەرایەتییەکی نوێ بۆ ڕاپەڕاندنی کارو چالاکییەکانی یەکیەتیی ناوبراو بوو کە لە پروسەیەکی ئازاد و بە دەنگدان ئەو برگەیەش لە کاری کۆنفڕانس بەرێوەچوو و بەرێوەبەرایەتییەکی نوێ بۆ کومیتەی گشتیی یەکیەتیی ژنانی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی نۆروێژ هەڵبژێردرا.
شیاوی ئاماژەپێهدانە کە هونەرمەندی لاو ئارەزوو عومەرزادە بە چەند گۆرانی گوڕوتینێکی دیکەی بە کۆنفرانسەکە بەخشی.

# پەیامی ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان به بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا شوکروڵلا بابانەوە



شوکروڵلا بابان، بێژەر،ئەدیب و کەسایەتیی فەرهەنگیی ناسراو و خۆشەویستی کوردستان کۆچی دوایی کرد.
مامۆستا شوکروڵلای بابان، شەوی هەینی لە سەر شەممە ٢٦ لە سەر ٢٧ی خەزەڵوەر، لە تەمەنی ٨٩ ساڵی دا، لە شاری تاران ماڵاوایی لە ژیان کرد.
شوکروڵلا بابان، کە ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە سنە لە دایک ببوو، لە ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوییەوە چووە نێو کاری رادیۆیی و بە یەکێک لە پێشەنگانی کار وتێکۆشان لە رادیۆی کوردی لە ئێران دادەنرێ.ئەو زۆر زوو وەکوو بێژەرێکی سەرکەوتوو، جێگای خۆی لە دڵی گوێگران و هۆگرانی رادیۆی کوردی دا کردەوە. لە کاری رادیۆیی دا تا ئاستی بەرێوەبەرێتیی رادیۆ لە پارێزگەکانی کوردستان، ورمێ و کرماشان رۆیشت. لە رێگای ئەو بەرنامە ئەدەبییانەوە کە شوکروڵلای بابان، لە رادیۆی کوردیی سنە و کرماشانەوە پێشکەشی دەکردن، شێعر و ئەدەبیات بە گشتی و بە تایبەتی شێعرو ئەدەبیات و گۆرانی و مۆسیقا و زمانی کوردی بووە جێگای سەرنج و بایەخپێدانی لاوانی کورد و لە نێو ئەو کەسانەی لەم رێگایەوە، بۆ لای کاری ئەدەبی و شێعر و زمانی کوردی راکێشران، دواتر کەسانێک پەروەردە بوون کە جێ پەنجەیان بە ئەدەبیات و زمانی کوردییەوە دیارە.
مامۆستا شوکروڵلا بابان شانبەشانی کاری بێژەری، کاری نووسین، وەرگێران، فەرهەنگنووسی و مێژوونووسیشی کردوە و کۆمەڵێک کتێب و بەرهەمی لەم بوارانە دا لە پاش بە جێ ماون. شوکروڵلا بابان دڵسۆز و ئەوینداری مێژوو و زمان و ئەدەبیاتی نەتەوەکەی بوو و ساڵانێکی زۆر بە خۆشەویستیی نەتەوە و نیشتمانەکەیەوە، ماندوویینەناسانە خزمەتی کرد و هەتا ئەو کاتەی نەخۆشی و پیری تەنگی پێهەڵنەچنی، لە تێکۆشان و خزمەت، نەوەستا.
ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی ئەو کەسایەتییە فەرهەنگییە، بە گەرمی سەرەخۆشی لە بنەماڵەی مامۆستا شوکروڵلا بابان و هەموو هۆگرانی دەکا و رێز بۆ تەمەنێک کارو خزمەتی ئەو مرۆڤە بە نرخە دادەنێت.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**ناوەندی راگەیاندن**
**٢٧ی خەزەڵوەری ١٣٩١**
**١٧ی نۆڤەمبری ٢٠١٢**

# دیدار و دانیشتنەکانی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات لە هەولێر

## سەردانی هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

## لە بنکەی نوێنەرایەتیی حیزب لە هەولێر

رۆژی ١٦ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ بەهمەن حسێن، جێگری سکرتێری گشتی و هیوا سەید سەلیم، بەرپرسی پێوەندی یەکان ، سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی لە شاری هەولێر کرد و لە لایەن نوێنەری حیزب، بەڕێز برایم زێوەیی یەوە پێشوازییان لێ کرا.
لە سەرەتای ئەم دیدارەدا پێوەندی هەر دوو لایەنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە باشووری کوردستان ، هاتە بەر باس و پێداگری لە سەر بەردەوامیی پێوەندییەکانی هەردوو لا کرایەوە.
تەوەرێکی دیکەی دانیشتنەکە ، تایبەت بوو بە باسکردن لە بارودۆخی ئەمرۆی رۆژهەڵاتی کوردستان و چەندوچۆنی ئاستی پێوەندی یەکانی نێوان هێزەکانی رۆژهەڵات و خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ دوایین ئاڵوگۆرەکان.

## کۆنسۆلی فەلەستین پێشوازیی لە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە شاری هەولێر کرد



رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ١٨ی رەزبەر نوێنەری حیزب لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان،بەرێز برایم زێوەیی، سەردانی کۆنسۆلی فەلەستینی کرد و لە لایەن هەیئەتێک بە سەرپەرستی نەزمی حزوری، سەر کۆنسۆلەوە لێ کرا.
لە سەرەتای ئەم دیدارەدا، باس لە پێوەندی و دۆستایەتیی لەمێژینەی حیزبی دێمۆکرات و رێکخراوی ئازادیخوازی فەلەستین و بە گشتی پێوەندی نێوان هەردوو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردو فەلەستین کراو هەروەها هەردوو لا پێداگرییان لە سەر درێژەدان و پتەوتر کردنی ئەم پێوەندییانە کردەوە.
لە بەشیکی دیکەی دیدارەکەدا دوایین ئالوگۆرە سیاسییەکانی ناوچەکەو کارییگەرییان لە سەر هەردوو پرسی رەوای گەلی کوردو گەلی فەلەستیین ئالوگۆری بیروڕایان لە سەر کرا.

## سەردانی نوێنەرایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

## لە دەدفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکرات لە هەولێر

رۆژی چوارشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، هەیئەتێکی نوێنەرایەتیی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ ئارام مودەررسی و ئەسعەد مرادی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕیی بیرورا لەسەر پرسە هاوبەشەکان سەردانی دەفتەری نوێنەرایەتیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانیان لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان کرد، کە لە لایەن هەیئەتێک لە نوێنەرایەتی حیزب پێکهاتوو لە بەڕێزان؛ برایم زێوەیی و حەسەن کاکیلی یەوە، پێشوازی یان لێ کرا.

# کاسبکارێکی دیکەی کورد گیانی لێ ئەستێندرا

## دیسان جینایەتێکی دیکەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی



لە ئاکامی تەقەی هێزەکانی رێژیم لە کاروانی کاسبکارانی ناوچەی سەردەشت، کاسبکارێک کوژرا.
بە پێی هەواڵی گەیشتوو بە ناوەندی هەواڵی «کوردستان و کورد»، شەوی ١٨ی خەزەڵوەر دەستەیەک لە کاسبکارانی ناوچەی سەردەشت کە باری گازۆڵیان پێ بووە، لە «زەلاتە»ی ئالوەتان دەکەونە کەمینی هێزە سەرکوتکەرەکانی رێژیم و لە ئاکامی دەسرێژی بەکرێگیراوانی رێژیم دا، کاسبکارێک بە ناوی «باپیر موجاهید»، کوڕی شەهید مەحموودی دۆڵێ دەکوژرێ و جەنازەکەی رەوانەی شاری پیرانشار دەکرێ.
« کوردستان» ئەم تاوانە مەحکووم دەکا و سەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهید مەحموود دۆڵەیی دەکا.



مەسعود رەواندوست

# دەوری دووهەمی سەرۆک کۆماریی ئۆباما و داهاتووی پێوەندیی ئێران و ئامریکا

دەوڵەتی ئامریکا وەک گەورەترین زلهێزی ئەمڕۆی دنیا و لەسەرووی ئەویشەوە سەرۆک کۆماری ئامریکا، زیاترین کاریگەرییان لەسەر رووداو و پێشهاتە سیاسی، ئابووری و نیزامییەکانی دنیا هەیە و سیاسەت و بەرنامە و ستراتیژیی ئەم دەوڵەتە کاریگەریی راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆی لەسەر پێوەندی و پێکهاتەی دەسەڵات و سیاسەت و تەنانەت چارەنووسی زۆر وڵاتی دیکەی دنیا هەیە.

هەر بۆیە مەسەلەی دەستاودەست بوونی دەسەڵات و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری لە ئامریکا، ئەوەندەی بۆ خەڵکی ئەم وڵاتە گرنگە، ئەوەندەش لای خەڵک و دەوڵەتەکانی دیکەی دنیا گرنگە، بە تایبەت لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە بەردەوام ناوەندی رووداو و ئاڵوگۆڕە گرنگەکان بووە و ئامریکاش زیاترین دەوری لە پێوەندی لەگەڵ ئەم رووداوانە هەیە.

یەکێک لەو وڵاتانەی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست کە لە ماوەی سی و چەند ساڵی رابردوودا زیاترین کێشەی لەگەڵ ئامریکا هەبووە و بە ئاشکرا دژایەتی و دوژمنایەتیی ئامریکای کردوە بە بنەمای سیاسەتی دەرەوەی خۆی، ئێرانە.

پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا لە ماوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا هەورازو نشێو و ئاڵۆزیی زۆری بەخۆوە بینیوە و بەردەوام کێشە و ململانێ هێما و تایبەتمەندیی بەرچاوی ئەم پێوەندییانە بووە. دوو وڵات دژایەتیی یەکتریان کردوە و بە تایبەت ئێران هەمیشە هەوڵی داوە بە زەبر لێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئامریکا لە شوێنە جیاجیاکانی ناوچەکە و جیهان‌دا گوشار بخاتە سەر ئامریکا و ئامریکاش لە بەرامبەردا هەوڵی‌داوە لە ریگای جۆراوجۆر و بە تایبەت بە گوشاری رێکخراوە نێودەوڵەتییەکان ئێران ناچار بکا بە سیاسەت و هەڵسوکەوتی خۆیدا بچێتەوە.

لە ماوەی دە پازدە ساڵی رابردوودا کە پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و بەرنامە نهێنییەکەی بۆ دەستراگەیشتن بە تێکنۆلۆژیی ئەتۆمی بۆتە یەکێک لە بابەتە سەرەکییەکانی کێشە و ناکۆکیی نێوان ئێران و رۆژئاوا، بە تایبەت ئامریکا، وڵاتانی جیهان و لە سەرووی هەمووانەوە ئامریکا بۆ گوشارهێنان بۆ سەر ئێران بۆ وەلانانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، کە وێدەچێ بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی بێ، وێڕای گرتنەبەری شێوازی وتوویێژ و دانوسان بۆ روونکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی ئەم بەرنامەیە، بەردەوام هەڕەشەی هێرشی نیزامیشیان وەک یەکێک لە بەربژارەکان وەلانەناوە و نیگەرانیی هەلایسانی شەڕێکی دیکەیان لە ناوچەکە لەبەردەم دەوڵەتی ئێران و خەڵکی ناوچە و جیهان‌دا هێشتۆتەوە.

لەم پێوەندییەدا و لە حاڵێکدا کە بە گوێرەی زانیارییەکانی ناوەندە جاسووسییەکانی وڵاتانی رۆژئاوایی، ئێران زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە دروستکردنی چەکی ئەتۆمی نزیک بۆتەوە و لە کاتێکدا کە ئۆباما وەک سەرۆک کۆماری دێموکراتی ئامریکا لە دەوری یەکەمی سەرۆک کۆماریی لە چوار ساڵی رابردوودا توانی بە پێکهێنانی کۆدەنگییەکی بێ‌وێنە لە نێو وڵاتانی جیهان لە دژی ئێران و سەپاندنی قورسترین سزا و گەمارۆ سیاسی و ئابوورییەکان وێڕای چەندین بڕیارنامەی ئەنجومەنی ئاسایشی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئێران بخاتە هەلومەرجێکی زۆر دژوار و قەیراناوی، مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماریی ئامریکا بوو بە چاوەڕوانییەک کە هەموو چاوەکان بڕانە ئاکام و کاریگەرییەکەی لەسەر مەسەلە جیهانییەکان و یەک لەوان کێشەی ئێران و ئەگەرە جۆراوجۆرەکانی بەردەم ئامریکا و رۆژئاوا لە رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ سەرپێچی و ملبادانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بەرامبەر کۆمەڵگای جیهانی‌دا.

ئێستا کە ئاکامی ئەم هەڵبژاردنە روون بۆتەوە و ئۆباما بۆ جاری دووهەم بۆتە سەرۆک کۆماری ئامریکا، پرسیار ئەوەیە کە ئۆباما لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی‌دا چ سیاسەتێک دەگرێتەبەر و ئایا هیچ گۆڕانێک بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئامریکا بەرامبەر بە ئێران‌دا پێک‌دێ؟ داخوا ئێران و ئامریکا بە جۆرێک لەسەر کێشەکانی نێوانیان پێک دێن یان ناکۆکییەکان دەبنە هۆی سەرهەڵدانی شەڕێکی دیکە لە ناوچەکەدا؟

ئەگەر سرنج بدەینە مونازەرەی ئۆباما و رامنی پێش هەڵبژاردنی ئامریکا دەبینین یەکێک لەو مەسەلانەی وەک پێوانەی هێز و لاوازیی سیاسەتی دەرەوە باسیان لێ دەرکرد هەڵوێست و سیاسەتەکانی دەوڵەتی ئامریکا بەرامبەر بە ئێران بوو و ئۆباما وێڕای بەرگری لە سیاسەتەکانی لەم بوارەدا رایگەیاند کە هەتا ناوبراو سەرۆک کۆماری ئامریکا بێ رێگە نادا ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی. هەر دوو رۆژ دوای هەڵبژێرانەوەکەشی کۆمەڵێک گەمارۆی نوێی بەسەر بەشێک لە بەرپرسان و دەوڵەتی تاران‌دا سەپاند و کۆنگرەش خەریکی ئامادەکردنی زنجیرەیەک گەمارۆی نوێیە بۆ سەر ئێران.

ئەم هەڵوێستەی ئۆباما و ئەم سزا نوێیە لە راستیدا پەیامێک بوون بۆ ئێران و ئەو کەسانەی چاوەڕوان بوون سیاسەتی ئۆباما بەرامبەر بە ئێران لە دەوری دووەم‌دا ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ و نیشانی دا کە سیاسەتی دەوڵەتی ئامریکا و شەخسی ئۆباما بەرامبەر بە ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی ناگۆڕێ و لە زیاترکردنی گوشار و سزاکان بۆ سەر ئێران هەتا تەسلیم بوونی ئەم رێژیمە بەردەوام دەبێ.

راستییەکەی ئەوەیە کە ئەگەرچی لە ئامریکا سەرۆک کۆمار دەسەڵاتێکی زۆری هەیە و بە تایبەت لە سیاسەتی دەرەوەدا دەستی زۆر ئاوەڵایە، بەڵام ئەوەیکە چ کەسێک و چ حیزبێک لەسەر کار بێ، هیچ ئاڵوگۆڕێک لەو سیاسەتە ستراتیژیکەی ئامریکادا پێک ناهێنێ کە ئامانجەکەی دابینکردنی ئاسایشی نەتەوەیی ئامریکایە.

مەسەلەی ئێران و بەرنامە ئەتۆمییەکەی بۆ ئامریکا و وڵاتانی رۆژئاوایی و لە هەمووان هەستیارتر بۆ ئیسرائیل مەسەلەیەکە کە تەنیا یەک بەربژاری هەیە و ئەویش ئەوەیە کە ئێران نابێ ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و هەتا ئێرەش ئەگەرچی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە بەناو وتوویژەکان کاتی کڕیوە و بە درێژکردنەوەی وتوویژەکان لەگەڵ رۆژئاوا خۆی لە ئامانجەکەی نزیک کردۆتەوە، بەڵام ئێستا هەم ئێران زیاتر لە هەمیشە لەم هێڵە سوورە نزیک بۆتەوە کە دنیا بۆی داناوە و هەم رۆژئاواش دەرفەتی بەکارهێنانی زمان و شێوازی دیپلۆماتیک و خۆپاراستن لە رووبەڕووبوونەوەی نیزامیی زۆر نەماوە. هەر بۆیە بیروبۆچوونی ئۆباما هەر چییەک بێ و حیزبەکەی چۆن بیربکاتەوە، ئەوە ئاسایشی نەتەوەیی و سیاسەتی ستراتیژیکی ئامریکا و ئیسرائیلە کە رێگە نادا ئێران بە دەستڕاگەیشتن بە چەکی ئەتۆمی ببێتە مەترسییەک بۆ سەر جیهان و ئاسایشی نەتەوەیی ئەم وڵاتانە.

لێرەدا دەبینین تەکلیفی لایەنێکی مەسەلەکە روونە و تا ئەو کاتەی ئێران واز لە بەرنامە ئەتۆمییە گوماناوییەکەی نەهێنێ، رۆژئاوا و ئامریکا لە سیاسەتی بایکۆت و سزا و گەمارۆی ئەم رێژیمە بەردەوام دەبن و هەوڵ دەدەن بازنەی گەمارۆکان تەنگتر بکەنەوە و ئەگەر رۆژێک بزانن ئێران دەستی بە چەکی ئەتۆمی رادەگا لەوانەیە بەربژێری نیزامییش بگرنەبەر.

کەوابێ لە راستیدا ئەوە لایەنی دیکەی مەسەلەکە واتە ئێرانە کە بە بەرنامە و سیاسەتەکانی خۆی، شێواز و سیاسەتی داهاتووی رۆژئاوا و بە تایبەت ئامریکا بەرامبەر بە خۆی‌دا دیاری دەکا. ئەگەر ئێران لە سیاسەتی ئەتۆمیی خۆی و هەر وەها سیاسەتی پشتیوانی لە تیرۆریزم‌دا بەردەوام بێ، سیاسەتی رۆژئاوا نەک نەرمتر نابێتەوە بەڵکوو هەروەک گوترا لە رووبەڕووبوونەوەی نیزامییش نزیک دەبێتەوە. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر سیاسەتی ئێران گۆڕانی بەسەردا بێ و ملکەچی ویست و خواستی جیهانی و تەسلیمی گوشارەکانی رۆژئاوا بێ ئەوە سیاسەتی رۆژئاوا و ئامریکاش دەگۆڕێ و نەرمتر دەبێتەوە.

لەم دواییانەدا لە ئێران و لە زمانی چەند بەرپرسێکی بەرزی رێژیمەوە باس لە وتوویێژ لەگەڵ ئامریکا کراوە و ئەوە بۆتە هەوێنی چەند لێکدانەوەیەک لەسەر ئەگەرەکانی دروست بونی پێوەندیی دیپلۆماتیک و ئاسایی کردنەوەی پێوەندییەکانی ئێران و ئامریکا.

سەبارەت بەم مەسەلەیە پێویستە سەرەتا ئەوە بزانین کە لە سیستمی کۆماری ئیسلامی‌دا تەنیا کەسێک کە سەلاحییەت و دەسەڵاتی بڕیاردان لەسەر ئەم مەسەلەیەی هەیە خامنەیییە و پێشتریش کەسانێک، بە هەر مەبەستێک، ئەو باسەیان هێناوەتە گۆڕێ بەڵام بە ئیشارەیەکی خامنەیی لە کارەکەیان پەشیمان کردوونەتەوە. هەروەها لایەنێکی دیکەی مەسەلەکە ئەو راستییەیە کە هەتا ئەوکاتەی ئێران ئامادە نەبێ لە بەرامبەر ویست و داوای جیهانی‌دا لەسەر بەرنامە ئەتۆمییەکەی تەسلیم بێ، وتوویێژ و ئاسایی کردنەوەی پووەندییەکان مانایەکی نییە، کاتیکیش ئێران هاتە سەر ئەو قەناعەتە کە مل بۆ داواکانی ئامریکا راکێشێ ئەوە ئۆتوماتیک وتوویێژ دەست پێدەکات و بە وەبەرچاوگرتنی ماهییەت و نێوەرۆکی سیاسەت و بۆچوونەکانی کۆماری ئیسلامی، جارێ هیچ نیشانەیەک لەم گۆڕان و تەسلیم بوونە دیار نییە، ئەگەرچی رێژیمی ئاخوندی نیشانی داوە کە ئەگەر بوون و مەوجوودییەتیان بکەوێتە مەترسییەوە هەموو ئوسوولەکانیان پێشێل دەکەن و بە پێی رێنماییە ئایینییەکانی شیعە ئەوە شتێکی ئاساییە.

کەوابێ هەروەک گوترا بۆ وڵامی پرسیاری ئەم بابەتە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین لە سیاسەت و هەڵسوکەوتی رێژیمی تاران‌دا چ ئاڵوگۆڕێک پێک‌دێ و دەبێ ببینین کە لە چەند مانگی داهاتوودا رێژیم چ مانۆرێکی سیاسی دەدا و ئەگەر بە نیازی تەسلیم بوونیش بێ لە چوارچێوەی چ بەرنامە کردەوەیەک‌دا دەری دەخا، بە تایبەت کە ساڵی داهاتوو ساڵی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارییە لە ئێران.







## یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان کۆڕێکی لە ژێر ناوی «مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان» بەڕێوە برد

رۆژی پێنجشەمە ٢٥ی خەزەڵوەر بەشی ئاموزشی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕاتی کوردستان کۆڕێکی بۆ بەڕێز سۆهەیلا قادری ئەندامی جێگری کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و چالاکی مافەکانی ژنان لە ژێر سەدێری «مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لە جیهان ، ئێران و کوردستان» لە یەکێک لە سالۆنەکانی کۆمیسیۆنی ئاموزش پێک هێنا.

خاتوو سۆهەیلا قادری لە سەرەتای کۆڕەکەی دا بەسڵاو لە ئیرادە و خۆڕاگریی ژنانی کورد بە گشتی و ژنانی چالاکی باکوری کوردستان بە تایبەتی، هەروەک لە سەردێری وتارەکەیدا (مێژووی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی ژنان لە جیهان ، ئێران و کوردستان ) ئاماژەی پێکراوە، چووە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدانی بزووتنەوەکانی ژنان لە ئاستی جیهانیدا. ناوبراو لەم پێوەندییەدا بە هێنانەوەی چەند نموونەیەک لە خەباتی ژنان لە وڵاتانی فەڕانسە، ئامریکاو بە گشتی بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی ئوروپایی باسی لە قۆناغبەندییەکان و داواکارییە سەرەتاییەکانی ژنانی خەباتکاری ئوورووپایی کرد.

لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا بەڕیز سۆهەیلا قادری باسی لە بزووتنەوەی ژنان لە وڵاتانی ئاسیایی کرد کە وێڕای زاڵبوونی هێندێک کۆت و بەندی دواکەوتووی کۆمەڵایەتی دیسانیش توانیویانە بە ئیلهام وەرگرتن لە خەباتی ژنانی جیهان بۆ بەشێک لە ویست و داخوازییە پێشێلکراوەکانیان دەنگ هەڵبڕن و قوربانیشی بۆ بدەن.

هەر لەم پێوەندییەدا بەڕێز قادری باسی لە بزووتنەوەو سەلەڵدانی ژنانی ئێران کرد و سەرەتای بزووتنەوەی رێکخراوی ژنانی لە ئێران بۆ سەردەمی مەشرووتە گەڕاندەوە.

خاتوو سۆهەیلا بەشێکی باسەکەی تەرخان کردبوو بۆ باسی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان لەو بەشەدا وتی: سەرهەڵدانی بزووتنەوەی ژنان لە کوردستان گرێدراوی خەباتی ناسیۆنالیستی و نەتەوەیی بووە .ئەو پیی وابوو کە لە نیوەی سەدەی ٢٠ەوە واتە لەدوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە کورد وەک نەتەوەیەکی زوڵم لێکراو زۆرتر خەباتی لە بواری نەتەوەییەوە چڕ کردۆتەوەو ئەگەر ژنانیکیش بەشدار بووبن خەباتی سیاسی و نەتەوەییان کردوە، بەڵام گرینگی ئەم هێزە نەتەوەییانە لەوەدایە کە بەکردەوە تەعامول وروانینیان بەرامبەر ژنان دەرخستوە .

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانی دا وتی؛ بێجگە لە مەیدانی عەمەل مەحەکێکی دیکە هەیە بۆ ناسینی روانگە و هەڵوێست و کردەوەکانی هێزە سیاسییە کوردییەکان، کە





ئەویش رۆڵ و دەوری ژنان لەنێو پێکهاتەی ئەو حیزبانەدایە واتە (ژن لە بەرنامە و پەسنکراوەکانی ئەم هێزانەو ئەدەبیاتیانداو بەرنامە و هەنگاوی تایبەت بە ژنان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ئەم هێزانەو ژن لە ستاکتۆری ئەو هێزانەدا. هەر بۆیە هێزە کوردییەکان هەوڵیان داوە لە پەسند کراوەکانی خۆیاندا گرینگی بە پرسی ژن بدەن و باسی ستەم وهەڵاواردنەکان بکەن و بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدوای رێگەچارەکاندان بگەڕێن.

بەدوای قسەکانی بەڕێز سۆهەیلا قادریدا بەشدارانی ئەم کۆڕە چالاکانە بەشداری باسەکەیان کردو بە پرسیار و تێبینی یەکانیان باسەکەیان دەوڵەمەند کرد.



## بۆ ئەوەی بانگەوازەکانمان چی دیکە بێ وڵام نەمێننەوە

عەیبی کار لە کوێ دایە؟ بە دڵنیایەوە، ئەو قسە راست نییە کە حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان، پێگەیەکی ئەوتۆیان لە نیو خەڵک دا نییە. وەڕێنەکەوتنی حەرەکەتیکی دیاریکراو و جێبەجینەبوونی داوا و بانگەوازێکیش ، بە مانای دەستهەلگرتنی خەلک لەو حیزب و ریکخراوانەی خۆیان نییە. ئەدی ئەگەر وایە حیکمەتی ئەو بە دەنگەوە نەهاتنە چییە؟ ئایا حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، هیچکات یەکگرتووانە و بە هاوبەشی داوایەکی دیاریکراویان لە خەلکی رۆژهەڵات کردوە و بۆ جێبەجیبوونی ئەم داوایەش هەموو توانای خۆیان خستۆتە گەڕ؟ ئەگەر وڵامەکە، ئەرێیە، ئەو کات ئەو پرسیارە خۆی دەسەپێنێ کە وڵامی خەڵک بەو داوا و بانگەوازە یەکگرتووانەیە چ بووە؟ئایا هەلومەرجی گشتی بۆ جێبەجێبوونی داواکە لە بار بووە؟

ئەزموونی مانگرتنە گشتییەکەی ٢٣ی بانەمەڕی١٣٨٩ پێمان دەڵێ ئەگەر هاودەنگی و یەکگرتوویی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان لە لایەک و زەمینەی نارەزایەتی دەربڕینی گشتیی خەڵک لە لایەکی دیکە دەست بدەنە دەستی یەکتر، ئەو جۆرە بانگەوازانە، بە شیوەیەکی سەرکەوتووانە، ولام دەدەنەوە. لەوانەیە ئەگەر تووڕەیی و نارەزایەتییە گشتییەکە لە لێواری تەقینەوە و سەڕڕێژکردن دابێت، و کەشوهەواکەش بۆ دەربڕینی گونجاو بێت،خەلک چاوەڕوانی بانگەوازی یەکگرتووانەی لایەنە سیاسییەکانیش نەبن و بانگەوازی بە تەنیای لایەنیک، یا کۆمەڵێک چالاکی مەدەنی ، بەس بێت بۆ ئەوەی حەرەکەتیکی گشتی وەڕێ بکەوێ. بەلام ئەو کاتانەی کە بارودۆخ و هەلومەرج، بۆ نارەزایی دەربڕین گونجاو نییە،تەنانەت بانگەوازی یەکگرتووانە و یەکدەنگی حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانیش، بە زەحمەت ولام وەردەگرێتەوە. بەڵام لە هەر حاڵ دا،یا نابێت ئەم جۆرە بانگەواز و چاوەروانیانە، بەرەورووی خەڵک بکرێنەوە، یا نابێ هەر لایەنێک، و کۆمەڵە چالاکێک ، بێدروستبوونی یەکگرتوویی و هاودەنگیی بە کردەوەی لایەنە سیاسییەکان و وەگەڕکەوتنی توانای رێکخستن و راگەیاندنی ئەوان ، بە خۆی ئیجازە بدا، داوا و چاوەروانییەکی گەورە بەرەورووی خەڵک بکاتەوە. با چالاکانی مەدەنیی دەرەوەی ولات، دڵنیا بن کە وەڕێخستنی حەرەکەتی گەورە لە نیوخۆی ولات بە بێ بەشداری وهاوبەشیی جیددیی حیزبەکان ناکرێت، ئەویش بەشداری و هاوبەشییەکی یەکگرتووانە و بە کردەوە. دیارە گرێکوێرەی کارەکەش، نەبوونی ئیرادە بۆ یەکگرتوویی و کاری هاوبەش لە نێو حیزب و رێکخراوە سیاسییەکان دایە.هەر بۆیە لە جیاتی بڵاوکردنەوە و و وەڕێخستنیی ئەو جۆرە بانگەواز و کەمپەینە بێ تەئسیر و بێولامانە،وەرن با قورسایی کاری خۆمان بخەینەسەر دروستکردنی ئیرادەی یەکگرتن وکاری هاوبەش لە نیوان حیزب و ریکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەلات، چونکە، بە دڵنیایەوە، بێدابینکردنی ئەم پێویستییە، بانگەوازەکانمان هەروا بێولام دەمێننەوە.

# شوێنی کورد لە ڕووداوەکانی سووریەدا



**مستەفا مەعروفی**

لە ماوەی سەرهەڵدانی شۆرشی خەڵکی سووریا لە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد دا، لە کاتێکدا ئەوە لە کورد چاوەڕوان دەکریێ کە خۆی ڕێک بخاو بە هێزو توانایەکی زیاترەوە بەرەو ڕووی ڕووداوەکان بێتەوە، مەترسیی ئەوە هەیە کە ڕۆژئاوای کوردستان ببێتە ناوچەیەکی ئاڵۆز لە وڵاتێکی ئاڵۆزداو کورد نەتوانێ لە پێکهاتەی داهاتووی سووریەدا جێگەی شیاوی خۆی بکاتەوە. پێکهاتنی ئیتیلافی نیشتیمانیی خەباتگێرانی سووریەو ڕۆڵو حوزووری کەم ڕەنگی کورد لەم ئیتیلافەداو هێندێک کێشەو وردە تێکهەڵچوونی سوپای ئازادی سووریە لەگەڵ هێزەکانی سەر بە pyd لە نزیک حەڵەب ئەو نیگەرانیەی زیاتر پەرە پێداوە. لە کاتێکدا کە لەسەردەمی ڕێژیمی بەعسی سووریەدا کورد حاشا لە نیشتمانو ناسنامەی نەتەوەییو تەنانەت ناسنامەی هاووڵاتیی تاکەکانی دەکرا، جیی خۆی بوو لەم شۆرشەدا بەشداریورۆڵێکی بەرچاوترو کاریگەرتری هەبووایە. کورد لە سوریە نزیکەی ١٥٪ی حەشیمەتی ئەم وڵاتە پێک دینێ کە لە کۆی ٢٠ میلیۆن حەشیمەتی سووریە نزیکەی ٢ میلیۆن کەس دەبێ. پێکهاتەیەکی حەشیمەتیی ئەتۆ دەتوانێ تەقریبەن توانایەک بە کورد بەبخشێ کە کورد لە عێراق هەیەتی.

مەترسییەکانی سەر ڕێگای کورد لە سووریە

نەبوونی یەکپارچەییو هەمانگیی پێویست لە نێو هێزە کوردییەکانی سووریەدا گەورەترین کێشەی کوردە لە سووریە. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوە کە هێزو توانای کورد لەم بەشە لە کوردستان لەسەر مەسەلەی ڕەوای کورد لە سەر سووریە خڕ نەبێتەوەو بەرەو جیهەتی جۆراجۆر بڵاو بێتەوە.

ڕووداوی خوێناویی ساڵی ٢٠٠٥ لە ڕۆژئاوای کوردستان لە کاتی یاریی فووتباڵ دا دەری خست کە نفووزی p.k.k لە نێو کوردانی سووریەداو دۆستایەتیو تەنانەت هاوپەیمانەتیی ئەو هێزە کوردیە لە هێندێک بواردا لەگەڵا ڕێژیمی بەعسی سووریە ناتوانێ کوردی سووریە لە کردەوەی دڕندانەی ئەو ڕێژیمە بیارێزێ.

هەتا سەرهەڵدانی شۆرشی خەڵکی سووریا لە ژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد، بزووتنەوەی کورد لە سووریا لە بەر دوو هۆ بزووتنەوەیەکی چالاک نەبوو، یەکەم، سێبەری قورسی دیکتاتۆریو کۆنترۆڵی توندی وڵات بەگشتی و کوردستان بە تایبەتی لەلایەن ڕێژیمەوە دەرفەتی لە گووڕانو بەهێزبوونی بزووتنەوەیەکی چالاکو ڕەسەن گرتبوو کە خەباتێکی شێلگیرانە لە پێناو مافە ڕەواکانی نەتەوەیی کورد لەم پارچەیەی کوردستان دا بکا. دووەم، نفووزو حوزووری p.k.k لە بەشی زۆری ڕۆژئاوای کوردستان دا، ئەمە ببووە هۆی ئەوەکە بیرو هەستی پەنگخواردووی نیشتمانیو نەتەوەیی کوردی لە سووریا زیاتر بە کاناڵی ئەم هێزەدا بەتاڵ ببێ، لە حاڵێک دا ئەم هێزە کوردیە بۆخۆی دۆستایەتییەکی باشی لەگەڵ ڕێژیمی سووریە هەبووە. بزووتنەوی کورد لە سووریە لە جیاتی ئەوەی ڕووی لە کێشەکانی سووریەو خودی کوردستانی سووریە بێ، بەرەو دەرەوەی خۆی ڕاکێشراوە وزەو توانای خۆی بۆ چارەسەری کێشەکانی خۆی تەرخان نەدەکرد. ئاسەواری ئەم بارودۆخە هەتا ئێستاش سێبەری خستۆتە سەر ڕووداوەکانی ڕۆژئاوای کوردستان.

مەترسییەکی دیکە بۆ کورد لە سووریە ڕۆڵی بەرچاوی تورکیە لە ڕووداوەکانی سووریەو هەماهەنگیو هاوپەیمانەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی سوورەیە دایە. دیارە ئەمە لە لاوازکردنی ڕێژیمی بەشار ئەسەدو سەرکەوتنی شۆرشی سووریەدا هۆیەکی باشە، بەڵام ڕۆڵ و نفووزی تورکیا لە داهاتووی سووریەدا زیاتر دەکا کە بۆخۆی کێشەو دوژمنایەتیی لەگەڵ کورددا هەیە. هەر بۆیە دەتوانێ بۆ کوردو مافەڕەواکانی

کورد لە پێکهاتەی داهاتووی سووریەودا مەترسیداربێ.

هیواو هومێدەکانی بەردەم کورد لە سووریە

ڕێژەی کورد لە کۆی حەشیمەتی سوریە، ڕێژیەکی کەم نیە، لە حکوومەتی داهاتووی سووریەدا تەنانەت ئەگەر حکوومەتێکی دیموکراتیش نەبێ، ساڵانێکی زۆری پێ دەچێ کە ببێتەوە بە حکوومەتی بەشار ئەسەد. کەوابوو ئاسان نابێ ویستو ئیرادەی نەتەوەیەک بەو ڕێژە بەرچاوەوە پشت گوێ بخاو لانی کەم سەرکوتی بکا.

جگە لەوەش ژمارەیەکی بەرچاو هێزو لایەنی کوردی لە سووریە لە میدان دا هەن، ئەو هەوڵانەی بۆ یەکخستنو هەماهەنگ کردنی ئەو هێزانە لە سووریەدا دەبینرێن، ئاسۆیەکی ڕوونی خستۆتە

پێش داهاتووی کورد لە سووریە.

بارودۆخی ناوچەو ئەو شۆرشانەی لە وڵاتانی عەرەبی دا کراون، لانی کەمی دەسکەوتەکان ئەوە بووە کە سیستمی

تاک حیزبیو دیکتاتۆریی فەردی جێگای خۆیان داوە بە سیستمێکی پلۆرالیستو فەرە چەشن هەرچەند ڕێگایەکی درێژیان بۆ گەیشتن بە « دیموکراسی « لە پێش دایە. بۆ سیستمی داهاتووی سووریە زەحمەتە کە سیستمی تاک حیزبیو دیکتاتۆریی فەردی بسەپێو کەمایەتییەکی بەرچاوی وەکوو کورد، وەبەرچاو نەگیرێ.

وڵاتانی گەورەو خاوەن نفووزی جیهان لە ناوچەدا بە ئاشکراو بە ڕوونی ڕادەگەیەنن کە هەر چەشنە ئیئتیلافێکی ئاڵتەر ناتیڤ لە سووریە دەبێ بەربڵاو بێو وەڵامدەری جۆراوجۆرەیە ئایینیو

نەتەوەییەکانی سووریە بێ، کەوابوو ڕوانگەی نێونەتەوەییش لە قازانجی کورد لە سووریەدا دەچێتە پێش.

سەرەنجام

شۆرشی سووریە دەرفتێکی بێ وێنەی بۆ هەموو پێکهاتەکانی ئەم وڵاتەو بە تایبەتی بۆ مەسەلەی کورد ڕەخساندوە. کێشەی کورد لە هەر پارچەیەکی کوردستان سروشتو هەلومەرجی خۆی هەیە. دۆستایەتی p.k.k لەگەڵ ڕێژیمی سووریەو نفووزی ئەم هێزە لە نێو کوردستانی سووریە پێشی بە سەرکوتو پێشێکرانی مافەکانی کورد لەم پارچەیە دا نەگرتوە، ڕووداوی خوێناویی ٢٠٠٥ بە ڕوونی ئەم ڕاستیەی سەلماند. نموونەی لەم چەشنە لە ساڵی ١٩٩٨دا لە کاتی سەرکوتی خوێناویی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا کە بە

ئیعتیراز لە گیرانی عەبدوللا ئۆجەلان هاتبوونە سەر شەقامو لە شاری سنە ٥٧ کەس شەهید بوون،و زۆر نموونەی دیکە ئەو ڕاسییە دەسەلمێنن. لە حاڵێک ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بۆخۆی ئەو ئیجازەی بە p.k.k دابوو! کە ڕێپێوان بکەن.

ئەگەر کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان یەکپارچەو هەماهەنگ ڕۆلێکی بەرچاوو کاریگەرتر لە ڕووداوەکانی سووریەدا بگێڕێ، بەو ڕادەیەش دەتوانێ لە سیستمی داهاتوو دا جێگای هەبێو لە دەسکەوتەکانی شۆرشدا بەشی هەبێ. کەڵکوەرگرتن لە ئەزموونی پارچەکانی دیکەی کوردستانو پشتیوانیو دۆستایەتی لەگەڵا هێزەکوردستانیەکان . نەک بەستراوەیی . دەتوانێ خزمەت بە مەسەلەی ڕەوای کورد لە سووریەدا بکا. گە لەمانەش بە پشت بەستن بە پرەنسیپەکانی دیموکراسی کە زامنی پاراستنی مافە کەمایەتییەکانن، دەتوانێ سەنجی کۆڕوکۆمەڵ و وڵاتانی دنیای پێشکەوتوو بۆلای خۆی رابکێشێ.





# سێدارە: پرسێکی هەڵە و مەترسیدار



**ڕووشەن چاکر**
**ڕۆژنامەی وەتەن**

**لە تورکییەوە : عەزیز مەعروفی**

پرسی سێدارە و هەڵواسین لە ساڵی ٢٠٠٠ دا، بە دژی ئەوانەی دە ترۆر و توند و تیژی گلاوبوون و هەروەها چوار ساڵ دواتریش بە دژی هەر چەشنە تاوانێک لە وڵاتەکەمان، هەڵگیرا. هەرچۆنێک بێ سەرۆک وەزیران ئەردۆغان بە قسە و لێدوانەکانی ئەم ماوەیەیان دا، توانوێتی سەر لەو نوێ پرسی سێدارە و هەڵواسین بخاتەوە بەر باس. لە ڕاستیدا، ئەوەش هەتا بڵێی بانگەشەیەکی هەڵە و مەترسیدارە. هەڵەیە، چونکە:

١_ درووستەکەی ئەوەیە، خەڵک و کۆمەلگاکان دەبێ بۆ خۆیان مافە و ئازادییە بنەڕەتییەکان بکەن بە پرسی سەرەکیی و بۆ بەرەوپێشبردن و پێشخستنیان هەنگاو بنێن. وەدەست هێنانی مافێک ( هەڵوەشاندنەوەی حوکمی ئێعدام)، و دیسان زەوتکردن و گەڕاندنەوەی بە دڵنیاییەوە ناتوانێ وڵاتێک پێش بخات.

٢_ مشتومڕی لە سێدارەدان بە بەستێنی « ڕوانگەی خەڵک» پاساو و شیکردنەوەی بۆ دەکرێ، تەنانەت دەکوترێ ئەگەر پێویست بە ڕیفراندۆم بوو بۆی دەکرێ و سەرنجی بۆ ڕادەکێشن. ئەگەر وابێ کەڵکوەرگرتن لە بیروڕای گشتی کە پێوەندی بە ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانەوە هەیە و بە هۆیەوەش چاو لە ئاست چاوەڕوانی و نیگەرانییەکانی کەمایەتییەکان بنوقێندرێ، بەڕێگایەکی دروست نابینین.

٣_ ئەوانەی لایەنگری هەڵواسینن لەوەی کە کام پێوەر لە خۆ بگرێ و کام چوارچێوە لە خۆ بگرێ، بیر و ڕای جیایان هەیە. وا دێتە بەرچاو هەموویان حوکمەکە بۆ تاوانبارانی ترۆر دەخوازن. لێرەدا ڕوونە، ئامانجی سەرەکییان پەکەکە›یە، بەڵام ئەو خاڵە پشت گوێ خراوە : پەکەکە سەرەڕای ئەوەی نیزیکەی ٣٠ ساڵە هەیە، ئەو کات حوکمی سێدارەش کاری پێ دەکرا، پەکەکە تاقە یەک کەسیشی لە سێدارە نەدرا. هەر بۆیە، بەر لە هەموو شتێک چاوەڕوانی ئەو وەڵامەین « بۆچی ڕاست ئێستا؟» پاشان « ئایا بەڕاستی پرسی لە سێدارەدان دەتوانێ پەکەکە›ییەکان تووشی ساردی و سڵەمینەوە بکات؟»

بۆچی جێگای مەترسییە؟

کە باسی پەکەکەمان کرد، با ئاوڕێکیش لە مەترسی بوونی ئەو بانگەشەش وەدەین:

٤_ لە کاتی هەڵوەشاندنەوە دا و هەروەها بانگەشە بۆ وەگەڕ خستنەوەی سەرلە نوێی حوکمی لە سێدارەدان، وەک چەق و کڕۆکی مەسەلەکە ،عەبدوڵا ئۆجەلان دەگریتەوە. دەوڵەت باخچەلی سەرۆکی مەهەپە (پارتی نەتەوە پەرەستی تورکیە-وەرگێڕ) بۆ لە سێدارەدانی ئۆجەلان پەتک ڕادەدێرێ. سەرۆک وەزیر

ئەردۆغان دەڵێ: « من بوومایە ئۆجەلانم لە سێدارە دەدا». ئەگەر ئەو حوکمە جارێکی دیکە بهێنریتەوە

نێو یاسا، ئەوە دیسان ئۆجەلان دێتەوە بەرباس. هەرچەند ئەمن ئەوە بە شتێکی دوور دەزانم، بەڵام خۆ ئەگەر مەبەست لێی تەنیا بۆ هەڕەشەش بێ، بێ شک جێگای ڕەخنەی توندە.

٥_ وەک لە سەروە وتم، ئەو پرسە کاریگەریی زۆر ناکاتە سەر سارد کردنەوە و سڵەمینەوەی ئەندام

و چەکدارانی پەکەکە. تەنیا دەتوانێ هێندێک زیاتر لەو شەڕکەرانەی بە دیل دەگیرێن، ناچاریان بکات زانیاری بدرکێنن. کەواتە لە جیاتی « سارد کردنەوە و سڵەمینەوە» هەستی «تۆڵە» زۆر زیاتر خۆی

پێش دەخات و ئەمەش چەندین قارەمان بۆ پەکەکە دەخوڵقێنێ.

٦_ هێشتا بیرۆکەی پرسی

هەڵواسین و سێدارە دەستی پێ نەکردوە، چەند توێژێکی کۆمەڵگا لە خۆشیان کەوتوونەتە هەڵبەز دابەز. ئەگەر هێندێک ئەو پرسە وەک «تۆڵەی خوێن لە بڕی خوێن» بە ڕێگای هێمنی و سەقامگیری

دادەنێن، مانای ئەوەیە کارێکی یەکجار مەترسیدار دەکەن. چونکە ئەو کارە و بەڕێوەبردنەکەی ناتوانێ کێشە و خوێن ڕشتنەکان بوەستێنێ بە پێچەوانەوە زۆتر و خێراتریان دەکات.



**حەقدار – ناحەق**

ئەردۆغان پێش ریفراندۆمی ١٢ی سپتامبر ٢٠١٠، لەو هەرەوەزەی بۆ مەبەستی پشتیوانی لە دادگایی کرانی بەرپرسانی کودەتای سەربازی ١٢ی سپتامبری ١٩٨٠ وەڕێخرابوو، بە گریانەوە نامەکانی ئەو کەسانەی دەخوێندەوە کە ئەو سەردەمی لە سیدارە درابوون،بۆیە ئێستاش کە پرسی سێدارە دەوروژێنێ، واتای زۆر هەلدەگرێ. بێ گومان زۆر کەس هەن بڵێن :» لە ١٢ی سپتامبر دا خەڵک بە ناحەق لە سێدارە دران». بەڵام لە بیرمان نەچێ، ئەوانەی ئەو کات دەسەڵاتداری ولات بوون تۆزقاڵێک شک و گومانیان لە سەر نارەوانی بوونی ئیعدامەکان نەبوو. کەواتە ئەگەر ئەمڕۆ پرسی لە سێدارەدان بهێنینەوە گۆڕ و بە «مافێکی بێ ئەم لاو ئەو لای بزانین» و بە هۆیەوە خەڵکی پێ بێ سەر و شوێن بکەین، ڕەنگە تەنانەت گەڕەنتییەکیش بۆ ئەو کەسانەی ئێوە لە سێدارەیان دەدەن، داخوا سبەی دەسەڵاتدارانی ولات نامەکانیان بە گریانەوە دەخوینەوە یان نا، نەبێ. واتە کاتێک پرسی سێدارە و هەلواسین بە گرینگییەوە باسی دەکرێ، لە سەر حەق بوون- لە سەر حەق نەبوون وەک دوو چەمکی ڕێژەیی و کاتی خۆ دەنوێنن. ئەگەر پرسی سێدارە بە تاقە ڕێگای خۆ دەربازکردن لە کێشەکە بزانین بە دڵنیاییەوە دەبێ لێی دوور بکەوینەوە.

# له ١٨ی ئاپریلی ٢٠١١ەوە تا ١٨ی نوامبری ٢٠١٢



عەزیز مەعروفی

١٨ی ئاپریلی ٢٠١١ تا ١٨ی نوامبری ٢٠١٢ دەکاتە ١٩ مانگ. لەو مەودا نە زۆر دوورەدا، شۆڕش و خەباتی باکوری کوردستان، بە هەموو لق و تەوەرەکانییەوە هەم لە خەباتی شار و هەم لە خەباتی شاخ دا زۆر پێشهاتی چاوەڕوانکراو تەنانەت نەکراویشی بە خۆیەوە دیتوە. بۆ بەرچاو ڕوونی و هەڵوێستە لە سەر دوورەدیمەنی نیزیکی شۆڕش و تێکۆشان بۆ ئازادی لە باکوری کوردستان، پێویستە ئاوڕ لە چەند وێستگە و قۆناخی شۆڕشی ئەو بەشە لە کوردستان بدەینەوە.

یەکەم، سەر لە ئێوارەی ١٨ی ئاپریلی پار، کۆمسیونی هەڵبژاردنەکانی تورکیە، ماڤی کاندیداتۆری لە٧ پاڵێوراوی کورد، لە سەر لیستەی پارتی ئاشتی و دیموکراسی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرتاسەری پارلمانی تورکیە لە ١٢ی حوزەیران هەمان ساڵ، هەڵوەشاندوە. بڕیاری کۆمسیۆنی ناوبراو بە دوو هۆی سەرەکی وەک؛ ئەو پاڵێوراوانە بەڵگەی تەواو و پێویستیان بۆ خۆ پاڵاوتنی پارڵمانتێری نییە و هەروەها پێشتر حوکمی زیندانیان هەبووە، دەبویست ئەو مافە لە لەیلا زانا، سەباحەت تونجەل، خەتیب دیجلە، ئەرتۆغرۆل کورکچوو، گولتەن کشاناک و سالح یەلدز، پوچەڵ بکاتەوە. ئەو بڕیارە کە بۆ دەست وەشاندن لە ئیرادەی سیاسیی کورد و ڕێگرتن لە چوونە پارڵمان گیراووەبەر، هیچ چەشنە پاساوێکی نەبوو جیا لەوەی کە مەبەستێکی سیاسیی لە پشت بوو. بەڵام خەڵکی باکووری کوردستاندەرفەتی سەرگرتنی ئەو فێڵە سیاسییەی نەدا و لە ڕۆژی دواترەوە خەڵک لە زۆربەی شارەکانی کوردستان ڕژانە سەر شەقام و نارەزایەتیی خۆیان دژ بەو بڕیارە کە بڕیاری دەوڵەتیی بوو ،دەربڕی. هاوکات لە گەڵ نارەزایەتی نواندنی یەکەم ڕۆژی کوردەکان دا بوو کە ڕەجەب تەیپ ئەردۆغان وتی:»لە تورکیەدا کێشەی کورد نەماوە، بەڵکو کێشەی برا کوردەکانم هەیە». سێ ڕۆژ خۆ پیشاندانی بەردەوامی کوردەکان و ئاڵۆزی و گرژی لە ڕادەبەری زۆربەی شار و ناوچەکانی باکووری کوردستان دەولەتیان ناچار کرد کە دان بە هەڵەی خۆی دابنێ و لە بڕیارێک کە جگە لە تێکهەڵچوون و پەشیوی شتێکی دیکەی لێ شین نابیتەوە، پاشگەز بیتەوە. قسەکانی ئەو کاتی سەرۆک کۆماری تورکیە عەبدوڵا گوڵ و سەرۆکی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان و سەرۆک وەزیرانی تورکیە تایپ ئەردۆغان، کە لە پێوەدنی لە گەڵ چاوخشاندنەوە و پاشگەزبوونەوە بەو بریارە کران، سوور بوون و پێداگری کوردەکانی بە مافەکانیان، نیشان دا.

دووهەم، لە ٢٠ سالی دوایی دا هەموو ساڵێک کوردەکانی باکور توانیوانە، ڕێو ڕەسمەکانی نەورۆز بەو پەڕی شکۆوە بەڕێوە بەرن. بەڵام نەورۆزی ئەم ساڵ، دیتمان دەوڵەت ڕیگەی بەڕێوەچوونی ئەو جێژنانەی لە کوردەکان قەدەغە کرد و ئەو مافەشی بە کوردەکان ڕەوا نەدەدیت. دەستنیشانکردنی ١٨ی مارس بۆ بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆز لە ئامەد وەک جێژنی پێشوخت، بۆ بەشداریی زیاتری خەڵک کە ڕۆژی پشوو لە تورکیەیە، دەرفەتی زیاتری بە کوردەکان دا، بە شیوەی حەشیمەت و بە کۆمەڵ ڕوو لە مەیدانی گەورەی شار بکەن و هێزی بیست هەزاری کەسی دەوڵەتی تەیار بە هەموو جۆرە چەکێک، لە سەر ڕێگا لابەرن و بتوانن پڕ شکۆ ترین نەورۆز لە مێژووی کوردستانی باکور دا تۆمار بکەن. گرژی و شەڕ و گرتنەکان لە نیشانە ودیمەنی بەڕێوەچوونی نەورۆزەکانی ئەم ساڵ بوون و تێیدا خەڵکێکی زۆر و لە ڕیزی هەر پیشەوەشیاندا چەند پارڵمانتێری کورد و بە تایبەت ئەحمەد تورک کەوتنە بەر هێرشی هیزەکانی دەوڵەتی و بریندار بوون. کەش و دیمەنی نەورۆزەکانی ئەم ساڵ هەروەها توند و تیژیی هێزەکانی دەوڵەت سەردەمی ساڵەکانی سەرەتای نەوەدەکانی وە بیر کۆمەڵگەی کورد وتورک دەهێناوە، کە دەولەتی ئەو کاتی تورکیە هەرچەشنە دەنگ و مافێکی لە بەرەی ئازادیخواز و بە تایبەت لە خەڵکی شۆڕشگێڕی کورد، ئەستاندبوو. بۆیە ئیرادەی خەڵکی شۆڕشگێڕی باکور لە ١٨ مارسی ئەو ساڵ پاش تێپەڕینی ١٠ مانگ بە سەر ١٨ ی ئاپریلی ٢٠١١ دا، جاریکی دیکەش، خۆی دەرخستەوە و گوێی بە سیاسەتی قەدەغ و قۆرخی دەولەت نەدا.

سیهەم، وەک دەزانین لە ١٢ی سێپتامبرەوە، مانگرتنێکی بەرین و بەربڵاوی گیراوانی سیاسی کورد لە گرتووخانەکانی تورکیە، دەستی پێکرد. داوای سەرەکیی ئەم جارە کە بە سیهەم مانگرتنی گشتی گیراوانی کورد هاتە ئەژمار بریتی بوو لە؛ لابردنی بایکۆتی ١٦ مانگەی سەر بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان، دابینکردنی مافی بەگری کردن بە زمانی دایک لە دادگاکانی تورکیەدا و ، هەروەها دەوڵەت مافی خوێندن و نووسین بە زمانی دایک لە هەموو بوارەکاندا بۆ کورد بە ڕەسمی بناسێ.

مانگرتنی گیراوانی بەدەپە و پەکەکە لە گرتووخانەکانی تورکیە دا، هەر وەک دەوڵەت بە ڕیگەی ڕێپێچەکدان و دە زیندان ئاخینەکان، بواری تێکۆشانی لە خەباتی سیاسیی کورد تەسک کردوە، کوردیش هەر بەو ئەندازە، سوچ و کەلێنی گرتووخانەکانی کردوە بە مەیدانی تێکۆشان و لەوێوە داوای مافەکانی دەکات. بۆیە ئەگەر مەودای تێکۆشان لە شارەکان چووکە دەکرێتەوە، ئەوە تێکۆشان خۆ دەخزێنیتە نێو گرتووخانەکان و گیراون بەو ڕێگایە کە ڕێگای مەرگە، نارەزایەتی لە سیاسەتەکانی دەوڵەت دەردەبڕن و داوا و ویستی خۆیان دەگەیننە دەرەوەی گرتووخانەکان.

ئەو مانگرتنە، بە خۆشییەوە بێ ئەوەی مردنی بە دواوە بێ، پاش ٦٨ ڕۆژ کۆتایی هات. ئەوە یەکەم خاڵی جیاکەرەوەی مانگرتنی ئەم جارە لە جارەکانی پێش خۆیەتی. وەڕێ خستنی متینگ و ڕێپیوان، پشتیوانیی خەڵکی زۆربەی شارەکانی باکووری کوردستان، کوژاندنەوەی چراکان و داگیرسانی مۆم، مانگرتنی بەشێکی بەرچاو لە نوێنەری پارڵمانی سەر بە پارتی ئاشتی و دیموکراسی( بەدەپە)، پشتیوانی و هاودەردیی بەشیکی زۆر لە توێژی ڕووناکبیری تورک و پشتیوانی وریێوانی خەڵکی بەشەکانی کوردستان بە تایبەت لە کوردستانی باشوور و دەستە و پۆلی کورد لە وڵاتانی دەرەوەش بە نۆرەی خۆی لە پشتیوانیکردن و مانگرتنی ئەم جارەدا کەم وینە بوون.

دەوڵەتی تورکیە، پاش٦٦ ڕۆژ لە مانگرتن ڕەزامەندی لە سەر ناسینی مافی بەرگری کردن بە زمانی دایک بۆ مانگرتووان قایل بوو.ئەو مافە بۆ ١٠ هەزار زیندانی کە ماوەی چەند ساڵە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک، دە زیندانەکاندا ڕاگیراون، مزگێنێکی خۆش و دەسکەوتێکی بە نرخە.

چاوەڕواننەکراو نەبوو کە تەنیا عەبدوڵا ئۆجەلان، دەتوانێ کۆتایی بەو مانگرتنە بهێنێ. بەڵام بۆ چی پاش ٦٨ ڕۆژ؟ وەک لە سەرە وتمان، هەڵگرتنی بایکۆتی سەر عەبدوڵا ئۆجەلان یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی مانگرتووانە. بۆیە دەوڵەتی تورکیە چاوەڕوانی دەکرد مانگرتووان بی ئەوەی بە هیچ کام لەو مافانەیان بگەن، مانەکە بشکێنن. قسەکانی ئەردۆغان کە دەیوت : ئەو مانگرتنە،» شانۆ»، ‹درۆ» و « هەڵدێرە» ئەوانی لە کارەکەیان سارد نەکردەوە. هاوکات لە گەل ئەمەش، دەوڵەت نەیدەهێشت مانەکە مردنی لێ بکەویتەوە، چونکە وەها ئەنجامێک بە گران بۆ تورکیە تەواو دەبوو . بۆیە لەو حاڵەتەدا، ڕاست لە باردۆخێکدا کە ئەگەری گیان لە دەستدانی مانگرتووان بە هێز دەبوو، دەوڵەت ناچار بوو، دەرگای داخراوی سەر ئیمراڵی بکاتەوە و پاش چەند چاوپێکەوتنی نەهێنیی نێوان دەزگای ئاسایشی تورکیە و بەڕێز عەبدوڵا ئۆجەلان، سەهۆڵەکانی نێوان دەوڵەت و ئیمراڵی بتوێتەوە و بە ڕاسپاردنی محەممەد ئۆجەلان، برای عەبدوڵا ئۆجەلان، لە ١٨ی نوڤامبردا، مانگرتنەکە بە یەکجاری کۆتایی پێ بێ. لیرەشدا، ئیرادەی مانگرتوان قورسایی خۆی دەرخست و خەلک و ویژدانە زیندووەکانیش و خاوەیداریتی و پشتیوانیان لیکردن.

تاکو ئیستا هیز و وزەی مانگرتوان کاری خۆی کردوە. دەوڵەت هەر لە ئیستاوە گشت ئەو مافانەی کە بۆ گیراوانی گرتووخانەکانی «سنجان « لە ئانکارا و « سیڤیلەر» لە ئیستانبوڵ لە بەر چاوی گرتوون، بۆ ئۆجەلانیش لە بەر چاویان دەگرێ. بەڵام ڕەنگە، مەسەلەی ئازادیی ناوبراو وەک شەرتی سەرەکی و لە مێژینەی پەکەکە وبەشی زۆری کوردەکان، هەر لە جێی خۆی دابێ و هەروا بە تەوژم بێ. پرسی خوێندن و نووسینیش بە زمانی دایک، کە بە هێندێک ئاوردانەوەی بچووک لێی بە یاسای بنەڕەتی نوێ سپێردارە، زیاتر لە پێشوو، جیگای باس و ململانێی کورد لە گەڵ دەوڵەتی تورکیە دەبێ.

هاوکات لە گەڵ سەرجەم ئەو قۆناخانەی لە سەروە باسمان کردن و ئاوڕمان لە ئیرادەی شۆڕشگێڕیی خەڵکی باکووری کوردستاندایەوە، دەبینین شەڕ و پێکدادان لە نێوان چەکدارانی پەکەکە› و دەوڵەت لە گەرمەی خۆی دابووە. هێرش و ئۆپەراسیۆنەکانی دەولەتیی بۆ دەرەوەی سنوور و بە تایبەت بۆمبارانی قەندیل و ناوچەکانی دەوروبەری ، هەروەها شەڕ و تێکهەڵچوونەکان لە نێو خۆی باکووری کوردستان و کوشتەی سەربازانی تورک و چەکدارانی پەکەکە، لە پاش هەڵبژاردنی ١٢ی حوزەیرانی پارەکانەوە هەتا ئیستا درێژەی هەیە. هەر دوێنێ قەندیل بۆمباران کرا و لە شەمیزینان ٥ سەربازی تورکیە کوژران.

بۆیە ئەگەر دەولەت ئاوڕێکی بە پەرۆش لە کێشەی کورد لە باکوور نەداتەوە و بە پیناسەیەکی نوێوە بە پیل مەلەسەلەی کورد نەچێ و ڕێگا چارەیەکی شیاو و ڕیشەیی بۆ نەدۆزیتەوە ، شۆڕشی سیاسی و مەدەنیی کورد لە هەموو شیوەکانی دا و بە گرتووخانەکانیشەوە، بەرۆکی بەر نادەن. لە لایەکی تریشەوە، کوردەکانیش بە تایبەت پەکەکە دەبێ قەناعەت بەو ڕاستییە بهێنێ کە ویڕای ئەوەی خەباتەکەی ڕەوایە، پێویستە بشزانێ کە هەلومەرجی خەباتی باکووری کوردستان وەک ساڵانی پێشوو نەماوە، کە هێزی چەک قسە بکات، بەڵکو لەو دەرفەتە بچووکە کە هاتوتەوە پیش دەرفەتی زیاتر بۆ قووڵبوونەوەی خەباتی سیاسی خەڵکی کوردستان خۆش بکات. ئەوە تاقە ڕێگایە کە هەم خەباتی سیاسی و جەماوەریی کورد لە باکور دەرفەتی گەشە و بەهێز بوونی زیاتری بۆ دەکرێتەوە، هەم لەم سۆنگەیەشەوە دەولەتی تورکیە دەبێ مافەکانی کورد وەک نەتەوەیەکی ٢٠ میلیۆنی بەو جۆرە کە هەیە و پێوستن قەبووڵ بکات. لە پێشەوە دەولەتی تورکیە، پێویستە هێرش و ئۆپەراسیۆنەکان ڕابگرێ، ئاو بە ئاوری شەڕی ٣٠ ساڵە دا بکات و پەکەکەش، خۆ لە هەر چەشنە شەڕ و هێرشێک بە دوور بگرێ. مانگرتن و ئەنجامەکەی، بە مەرجێک باش لێک بدرێتەوە، دەکرێ ببێ بە سەرەتایەکی باش و بە برشت بۆ مافی نەتەوەیی کورد و بۆ ئاشتی لە تورکیە دا.

# محەمەدرەزا رەحیمی، هەمیشە وەفادار بە دەسەڵات



مەحموود شەریفی

و: سیروان موساپوور

محەمەد رەزا رەحیمی، جێگری یەکەمی ئێستای سەرۆک کۆماری ئێران لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو و، لەنێو ئەڵقەی دۆستانی ئەحمەدی نژاددا یەکێک لە کەسە نزیکەکانی ناوبراو بووە. هێندێک لە بۆچوون و ڕادەربڕینەکانی رەحیمی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوو و شک و گومان لەسەر بڕوانامەی خوێندن و ئەو تۆمەتە ورد و درشتانەی کە دراونەتە پاڵ ناوبراو، سیمایەکی هەرا خوڵقێنیان لەو کەسە لە راگەیاندنەکانی نێوخۆ و دەرەوەی ئێران نیشان داوە.

محەمەدرەزا رەحیمی لە ساڵی ١٣٢٩ لە سرێش ئاوای سەر بە شارستانی قوروە چاوی بە دنیا هەڵێناوە. سەرەڕای پێداگریی خۆی لەسەر کوردبوونی، باوکی تورک و دایکی کوردە و توانای ئاخاوتنی راست و رەوانی بە زمانی کوردی نییە. رەحیمی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری قوروە تەواو کردوە و قۆناغی دواناوەندییشی لە شاری هەمەدان تێپەڕ کردوە. لە ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧دا بەرپرسایەتیی دادستانی و لێپرسینەوەی لە شارەکانی قوروە و سنە لەئەستۆ بووە و لە ماوەی ساڵەکانی ١٣٥٧ و ١٣٥٨ وێڕای هاوکاری لەگەڵ خەڵخاڵی دەستی لە ئێعدامکردنی کەسانێکی زۆردا هەبووە، بە شێوەیەک کە شوێنێک لە شارستانی قوروە بە نێوی ( گۆڕستانی بەهاییەکان) بوو بە جێگەی شاردنەوەی تەرمی کەسانێکی زۆر لەو زیندانییە سیاسییانەی کە لەو ساڵانەدا ئێعدام کرابوون. رەحیمی دوای ئەم ماوەیە بە بزواندنی هەستی ئایینی خەڵکی ناوچەکە توانی ئاژاوە بخاتە نێو پێڕەوانی مەزهەبی شیعە و سوننی و بە راکێشانی پشتیوانیی شیعەکان توانی بۆ ماوەی دوو دەورە وەک نوێنەری شارستانی قوروە بۆ مەجلیس هەڵبژێردرێتەوە. لە هەڵبژاردنەکانی خولی چوارەمی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی لە ساڵی ١٣٧١، رەحیمی بە کەڵکوەرگرتن لە کەشی سارد و بێڕکابەری زاڵ بەسەر هەڵبژاردنەکاندا توانی وەک نوێنەری سنە - دیواندەرە بۆ جاری سێهەم بچێتەوە مەجلیس. ناوبراو ساڵێک دواتر لە خەرمانانی ١٣٧٣ بە بڕیاری وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی هاشمیی رەفسەنجانی بوو بە پارێزگاری سنە. رەحیمی لە ماوەی نوێنەرایەتی مەجلیس و بە تایبەت چوار ساڵەی پارێزگاربوونی وەک پارێزگاری سنە، زەربەی قەرەبوونەکراوی لەم پارێزگایە و خەڵکی ناوچەکە دا. دروستکردنی دەستە و باندی مافیایی بە قاچاغ بردنی شوێنەواری مێژوویی و ماددە هۆشبەرەکان لە گرینگترین کارەکانی ناوبراو لەم ماوەیەدا بوون. بە پێی ئامارەکانی پارێزگاری سنە هەتا پێش هاتنەسەرکاری ناوبراو وەک پارێزگار، کەمترین ئاماری تووشبووانی ماددە هۆشبەرەکان لەم پارێزگایەدا هەبووە بەڵام دوای هاتنەسەرکاری ئەو، ئیعتیاد بە ڕێژەیەکی بەرچاو بەرز بۆتەوە هەتا ئەو جێگەیەی کە رەحیمی لە کۆبوونەوەیەکدا رایگەیاندبوو کە ئەمن چەکم لە دەستی خەڵکی کورد وەرگرتەوە و بە جێگەی ئەو وافورم پێداون. لەم قۆناغەدا زۆرترین پۆستەکانی بەڕێوەبەرێتیی دەوڵەتی درانە دەست کەسانی شارەکانی دیکە بە تایبەت رەشت و ئیسفەهان، بە شێوەیەک کە بۆ راگواستن و هاتوچۆپێکردنیان چەندین ئۆتوبوس تەرخان کرابوون. رەحیمی لەم سەردەمەدا لەژێر ناوی جۆراوجۆر دەستی بە کۆکردنەوەی ماڵ و سامانی ناڕەوا و نایاسایی و دزی کرد. گۆڕین و دەستێوەردانی پرۆژەی نەخۆشخانەی (بعثت) لە ڕێگەی سپاردنی بە خزمێکی دەرەجە یەکی خۆی و دزیکردن لە بوودجەکەی و، دزی و کەڵکی خراپ وەرگرتن لە پرۆژەی گەورە و تێچووی پردی رووگوزەری شاری سنە، گواستنەوەی نایاسایی ئیمتیازی حەوتوونامەی ئابیدەر لە «سازمانی هەمیاری شارەداری» بە ناوی خۆی، دەست بەسەرداگرتن و خاوەنداریێتی کردنی بینای گەورەی حەوتوونانەی ئابیدەر، شێوازی سپاردن و دەستێوەردان لە زەوییەکانی زانکۆی ئازادی سنە، خراپ بەکارهێنانی شوێنگەی ئیداری لە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پێرسۆنێلی ژن لە پارێزگاری و ...

رەحیمی دوای جێهێشتنی مەجلیسیش، بەردەوام هەوڵی دا یەکێک لە یاریکەران و هەلسووڕێنەرانی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە حەوزەی شارستانی قوروە بێت. بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لەنێو شیعە و سوننیەکاندا هەمیشە هەوڵی دا پاڵێوراوی نزیک لە خۆی رەوانەی مەجلیس بکات هەرچەند بە هۆی هۆشیاریی خەڵکی ناوچەکە و ژمارەیەک لە چالاکە سیاسییە دڵسۆزەکان چەند جارێک بە مەبەستەکانی نەگەیشت. ئەوەی کە لێرەدا گرینگە ئەوەیە کە لەراستیدا شیعە یان سوننەبوون بۆ ئەوە بایەخێکی ئەوتۆی نەبوو و تەنیا بە نیازی کۆکۆنەوەی دەنگەکان بۆ پاڵێوراوی نزیک لە خۆی بوو و ...

رەحیمی لە جەریانی هەڵبژاردنەکانی دووی جۆزەردانی ١٣٧٦، توانای خۆی لە گۆڕینی دەنگەکانی خەڵک و ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکاندا سەلماند. لەم هەڵبژاردنانەدا پارێزگای سنە دوای پارێزگای مازەندەران (شوێنی لەدایکبوونی ناتق نووری) تەنیا پارێزگایەک بوو کە دەنگەکانی محەمەد خاتەمی کەمتر لە دەنگەکانی ناتق نووری بوو. دوای راگەیاندنی دەنگەکان و دڵنیابوون لە ساختەکاری و دەستکاری کردنی دەنگی خەڵک، دەنگۆی لەسەرکارلابردنی رەحیمی لە پارێزگاریی سنە بڵاو بۆوە. لەم سەردەمەدا رەحیمی بە ئامادەبوون لە تەلەویزیۆنی ئوستانیی سنە رایگەیاند کە ئەگەر کێوەکانی ئاویەر و شاهۆ ببزوون، من لە جێگەی خۆم نابزووم. بەڵام لە خەرمانانی ٧٦، لە



حاڵێکدا کە تەنیا ١٧ رۆژ لە جێبەجێبوونی بڕیاری سەرۆک کۆماریی خاتەمی تێپەڕ دەبوو، عەبدوڵڵای نووری وەزیری نێوخۆی دەوڵەتی خاتەمی لە سەفەرێکی لەناکاودا بۆ سنە، رەحیمی لەسەرکار لابرد و عەبدوڵڵای رەمەزانزادەی لە جێگەی دانا. رەحیمی لەو ماوەیەدا کە پارێزگاری سنە بوو، بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوو کە تورک بوونی خۆی بشارێتەوە و خۆی وەک کوردێک نیشان بدات. بەڵام لەراستیدا لە ماوەی ٤ ساڵ پارێزگاربوونیدا زۆرترین تیرۆرەکان بە دژی حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لەنێوخۆی ئێران و لە خاکی عێراقدا جێبەجێکران و سەدان کەس لە ئەندام و پێشمەرگەکانی حیزبە کوردییەکانی دانیشتووی عێراق بە شێوازێکی ناجوانمێرانە تیرۆر کران.

رەحیمی لە ریاکاری و زمانلووسی بۆ سەرۆک کۆمارەکانی ئێران هەمیشە دەستێکی باڵای هەبووە و ناوبانگێکی زۆری دەرکردوە. لە سەردەمی پارێزگاری ئەودا و لە جەریانی سەفەری هاشمیی رەفسەنجانی بۆ کوردستان، جووتیارانی ناوچەکەی ناچار کرد بۆ ئەوەی بە دەیان تراکتۆر بە شێوەیەک رابگرن کە لە سەرەوەڕا رستەی ( درود بر رەفسەنجانی) بەرچاو بکەوێت و هەر لەم سەفەرەشدا بوو کە ناوبراو دەستەکانی رەفسەنجانی ماچ کرد. بەڵام رەحیمی بە هەمان رادە کە وەسفی خاوەن دەسەڵاتەکان دەکا، کاتێک کە دەسەڵاتیش رووی لێ وەرگێڕێت، ئەویش روو لە کەسانی دیکە دەکات و بە کەسانی دیکە هەڵدەڵێ. لە رەوتی هەڵبژاردنەکانی خولی نۆیەمی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٤دا، رەحیمی لە داکۆکیکارە سەرەکییەکانی رەفسەنجانی لە هەڵبژاردنەکاندا بوو. دوای سەرکەوتنی ئەحمەدی نژاد لە هەڵبژاردندا، رەحیمی بوو بە سەرۆکی دیوانی محاسباتی تەواوی وڵات و دەستی بە خۆشخزمەتی بۆ ئەحمەدی نژاد کرد هەتا ئەو شوێنە کە لە کۆبوونەوەی ساڵانەی بەڕێوەبەرانی ئەم دیوانەدا لە ساڵی ١٣٨٥ چەند وتەیەکی لە وەسفی ئەحمەدی نژاددا هێنایە سەر زمان کە هەڵڵایەکی زۆری لێ کەوتەوە. ناوبراو گوتبووی کە: « لە سووریە یەکێک لە موسوڵمانەکان پێی گوتم کە ئەگەر قەرار بووایە دوای پێغەمبەر، پێغەمبەرێکی دیکە هاتبایە، ئەو پێغەمبەرە ئەحمەدی نژاد دەبوو. ئەم دەربڕینی هەست و سۆزە بۆ ئێمە شانازییەکی گەورەیە و لە بەرەکەتی بوونی ئێوە رێزیان بۆ ئێمەش دادەنا». دوابەدوای ئەم وتانە ٧٠ کەس لە نوێنەرانی مەجلیس خوازیاری لەسەرکارلابردنی رەحیمی بوون. بەڵام ئەم جۆرە ریاکارییانە و پێشینەی ئەو لە جەریانی ساختەکاری لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ٢ی جۆزەردانی ١٣٧٦ بوو بە هۆی ئەوە کە ئەحمەدی نژاد بێتە سەر ئەو رایە کە بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەرۆک کۆماری لە ساڵی ١٣٨٨، رەحیمی وەک پاڵێوراو بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزیری نێوخۆ دیاری بکا. بەڵام راپۆرتی پوورمحەمەدی وەزیری لەسەرکارلابراوی دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد بۆ خامنەیی و دەستێوەردانی ناوبراو رێگەیان نەدا رەحیمی ئەم پلەیە بەدەست بێنێت. بەڵام لە بەرامبەر ئەمەدا رەحیمی توانی بە هاوکاریی دۆستێکی دێرینی خۆی لە بەپێچەوانەنیشاندانی ئاکامی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٣٨٨، هاوکاریی ئەحمەدی نژاد بکا. ئەحمەدی نژادیش لە بەرامبەر ئەم خۆشخزمەتییانەدا لە ساڵی ١٣٨٩ ناوبراوی وەک جێگری یەکەمی خۆی دەستنیشان کرد. پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە گەلێک کار و کردەوە نایاسایی و سەرپێچیی ماڵیی و ئیداری لە کارنامەی رەحیمیدا تۆمار کراون کە لەوانەیە بچووکترینیان بڕوانامەی دوکتۆرای تەزویری ناوبراو بێت. رەحیمی یەکێک لە تاوانبارە سەرەکییەکانی پەروەندەی بیمەی ئێران ناسراو بە ئیختلاسی خەیابانی فاتیمییە و چەندین جار لە رەوتی پێداچوونەوە بەم دۆسیەیەدا لەژێر ناوی (م.ر) قسەی لەسەر کراوە. پەرەسەندنی ناکۆکییەکانی نێوان خامنەیی و ئەحمەدی نژاد بوو بە هۆی ئەوەکە تۆمەتی زۆر جیدی بە دژی رەحیمی ئاشکرا بکرێن هەتا ئەو جێگەیەی کە لە دەزگای دادوەریی وڵاتدا دۆسیەیەکی بۆ کرایەوە و تەنانەت بڕیاری دەسبەسەرکرانیشی درا کە بوو بە هۆی ئەوەکە ئەحمەدی نژاد لە چاوپێکەوتنێکی رۆژنامەوانیدا رەحیمی و کابینەکەی بە هێڵی سوو ناوزەد بکات سەرەڕای هەبوونی تۆمەتی زۆر بە دژی رەحیمی ، باڵی خامنەیی زیاتر بە نیازن هەتا بە خۆبواردن لە دەسبەسەکردنی ناوبراو، لە لایەک بە دژی باڵی ئەحمەدی نژاد پروپاگەندەی پێوە بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە بە پشت بەستن بە کەسایەتی رەحیمی ( وەلانانی کەسانێک کە دەسەڵاتیان لەدەست داوە و نزیکبوونەوە لە خاوەن دەسەڵاتانی نوێ) لەم تۆمەتانە لە رەوتی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو کەڵک وەربگرن. لە حاڵەتی بەردەوام بوونی روانین و شێوازەکانی پێشووی ئەحمەدی نژاد، دەبێ چاوەڕوان بین کە لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆک کۆماریدا روو لە ئەحمەدی نژاد وەربگێڕێ.

**سەرچاوەکان:**
- ویکیپیدیای فارسی
- وبلاگ سایە آزادی

# مانگرتنی ٨ زیندانیی سیاسیی ژن لە زیندانی ئێویندا



**کوێستان فتووحی**

٩ی خەزەڵوەری ١٣٩١ هێزەکانی پارێزگاری لە زیندانی ئێوین بەهۆی ئەوەی گومانیان دەکرد کە زیندانیانی سیاسیی ژن لە بەندی ٣٥٠ دا موبیلیان پێیە و بۆ ناردنە دەرەوەی هەواڵەکانی نێو زیندان کەڵکی لێوەردەگرن، بە ناوی گەڕان بۆ دیتنەوەی موبیل هێرشیان کردە سەر ژنانی زیندانی و بە شێوەیەکی دوور لە ئەخلاق و پرەنسیپی مرۆڤانە دەستیان کرد بە پشکنینی ژوور و کەلوپەلە تایبەتییەکانیان . هەرچەند ئەم کارە ماوەماوە لەلایەن هێزەکانی پارێزگاری لە زیندانەوە روو دەدا، بەڵام ئەمجارەیان شێوەی گەڕان و پشکنینەکەیان بەتایبەتی پشکنینی جەستەی زیندانییەکان بە جۆرێک بوو کە پڕ بوو لە سووکایەتی و بێڕێزی بەو ژنە زیندانیانە. تەنانەت لیباسی ژێرەوەشیان لەبەر داکەندن و بەمەش نەوەستان کەوتنە پشکنینی جەستەیان. ژنانی زیندانی نارەزایەتی لەم کردەوە پڕسووکایەتییەی هێزەکانی زیندان، دەردەبڕن و داوا دەکەن بەرپرسانی زیندان داوای لێبووردن لەو زیندانیانە و بنەماڵەکانیان بکەن و جارێکی دیکە کردەوەی لەم جۆرە دووپات نەبێتەوە. بەڵام بەرپرسانی زیندان سەرەتا گوێیان بەم داوایە نەدا. بۆیە ٩ کەس لە ژنانی تێکۆشەر و ئازادیخواز کە هەر بەهۆی چالاکییەکانیان لە پێناوی دادپەروەری و ئازادیدا لە زیندانن، بە نیشانەی شێلگیربوون لە سەر داخوەزاکانیان و ئێعتراز بە پێشێلکرانی مافەکانیان لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە، مانیان لە خواردن گرت. بە پێی هەواڵی راگەیەنەکانی سەر بە چالاکانی بزووتنەوەی ژنان لە ئێران، ناوی ئەو ژنانەی مانیان لە خواردن گرتبوو بریتی بوون لە: شیوا نەزەرئاهاری چالاکی مافی مرۆڤ، بەهارە هیدایەت چالاکی خوێندکاری، ژیلا بەنی یەعقووب رۆژنامەنووس، نازەنین دەیهیمی وەرگێڕ لە بواری ئەدەبیاتی منداڵان، نەسیم سوڵتان بەیگی چالاکی خوێندکاری، حەکیمە شەکەری ئەندامی گرووپی دایکانی تازیەبار، مەهسا ئەمرئابادی رۆژنامەنووس، ژیلا کەرەم زادە مەکوەندی ئەندامی گرووپی دایکانی تازیەبار، و هەروەها نەسرین ستوودە وەکیل و تێکۆشەری مافی مرۆڤ کە زۆر لەوە پێشتر بەهۆی ئەو ناعەداڵەتیانەی لەزینداندا لەگەڵی دەکرێ وەک ئەوەی دیدار لەگەڵ هاوسەر و منداڵەکانی لێ قەدەغەکراوە، مانیان لە خواردن گرت.

ئەو ژنانە هەموویان بەتاوانی دژایەتی لە گەڵ نیزام و هەوڵدان بۆ تێکدانی ئەمنییەتی وڵات زیندانی کراون.

بەدوای مانگرتنی ئەو چەند کەسە زیاتر لە ٣٠ زیندانیی سیاسیی ژن لە زیندانی ئێوین بە نووسینی نامەیەک بۆ بەرپرسی زیندانی ئێوین رایانگەیاند ئێمە پشتوانیی خۆمان لە مانگرتنی ئەو هاوبەندییانەمان رادەگەیەنین و خوازیاری لێپرسینەوەی ئەم کردەوە شەرماوییەی ئەو هێزانەین. لە بەشێک لە نامەکەدا هاتبوو کە رەفتاری وەحشیانەی هێندێک لە هێزەکانی پاراستنی زیندان کە پێنووس لە دەربڕینیان شەرم دەکا، هەرگیز بۆ لێخۆشبوون نابێ و ژنانی زیندانی ئەمە قەبووڵ ناکەن و لەمەو بەدوا رێگە نادەن بەمجۆرە پشکنینی جەستەو کەلوپەلەکانیان بکەن و زۆر بە جیددی داوا دەکەین لەلایەن بەرپرسانەوە داوای لێبوردن بکرێ و بڕیاریش بدرێ چی دیکە رەفتاری لەم شێوەیە نابێ دووبارە بکرێتەوە.

دیارە بە پێی ئەو هەواڵانەی لە لایەن بنەماڵەی ئەو زیندانیانەوە بڵاو بۆوە، پاش حەوتوویەک ئەو ژنانە جگە لە نەسرین ستوودە، کۆتاییان بە مانگرتنەکەیان هێنا کە ئەمەش بە هۆی ئەوەی بەرپرسانی زیندان لە ئاست داوای ژنانی زیندانی دا پاشەکشەیان کرد و پەیمانیان دا کە چی دیکە رێگە نەدەن رەفتاری لەم شێوە دووبارە بکرێتەوە و لێپرسینەوە لەم مەسەلەیەش بکرێ.



### مانگرتنی ژنانی زیندانیی سیاسی و پەیامی ئەو مانگرتنە

مانگرتن لە خواردن و نارەزایەتیی ژنانی زیندانیی سیاسی لە نێو زیندانەکان لەگەڵ ئەوەی خۆڕاگری و راوەستانە لە بەرابەر پێشێلکردنی مافەکانیان لە لایەن مەئموورانی زیندانەوە، پەیامێکیشە بۆ هەموو ژنانی ئازادیخوازی ئێران، بۆ بەردەوامیی خەبات لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنییەوە ئاڵای دژایەتیی لەگەڵ ژنانی ئێرانی هەڵگرت. دەسەڵاتێک کە زیاتر لە ٣٠ ساڵە بە ناوی ئیسلام و پابەندبوون بە رێوشوێنە ئیسلامییەکان ژنان دەچەوسێنێتەوە و سووکایەتی بە جەستەو رووح و فکریان دەکا.

ئەو حەرەکەتەی ژنانی تێکۆشەر لە نێو زیندانیدا، ئەوە دەردەخا کە داکۆکی لە مافەکان وپاریزگاری لە حورمەتی ئینسانی، دەبێ لە هەر هەلومەرجێک دا بەرێوە بچێ و خەبات لە پیناوی چەسپاندنی قانوونێکی دادپەروەرانە لە هەر شوێنێک و بارودۆخێک دا درێژەی پێ بدرێ. ئاکامی ئەم حەرەکەتە بوێرانە وحەقخوازانەیە پێمان دەڵێ دەکرێ لە دەروونی بەندیخانە و لە نێو هەناوی ئەشکەنجەگەراندا پاشەکشە بە دەسەڵات و سیستمی دیکتاتۆر بکرێ. لە هەمان کاتیشدا مانگرتنیان لە زینداندا نیشانەی ئەوەیە کە زیندانی کرانیان نەک هەر نایانبەزێنێ و لە داخوازەکانیان پاشگەزیان ناکاتەوە ، بەڵکوو لەسەر داواکانیان خواستانەی شێلگیرتریان دەکا.

### نموونەی ئیرادەی بەهێز و خۆڕاگری

بزووتنەوەی ژنان لە ئێران ئەمڕۆ زۆری پێویست بە کەسانێکی وەک نەسرین ستوودە و شیوا نەزەرئاهاری و زۆر لەو ژنە تێکۆشەرانەی دیکە هەیە کە ئێستا لە زیندان دان. ئەوە راستییەکی تاڵە کە خرانە زیندانی ئەو تێکەشەرانە زیانی هەیە بۆ خەباتی دادپەروەرانەی ژنان و رەنگە رەوتی خەباتەکە تا رادەیەک سست بکا، بەڵام نابێ ئەوەشمان لەبیر بچێ بوونی ئەوان بەو ئیرادە بەهێز و بەرزەوە لە نێو زیندانەکانیشدا دڵگەرمییە بۆ بزووتنەوەی ژنان لە ئێران دا. ئەوەی ئەمڕۆ نەسرین ستوودە و هاوەڵەکانی لە سەری بەند کراون نەک هەر ژنان بەڵکوو هەموو ئەوانەی تامەزرۆی ئازادیی و دادپەروەریین شانازییان پێوەدەکەن و دڵنیان ئازار و زیندان و مەینەتییەکانی زیندان، ناتوانێ پێشی رەوتی ئەو خەباتە بگرێ و ئەو بزووتنەوەیە بگرێ کە ئەوان لە ریزیدان.

نەسرین ستوودە و هاوەڵەکانی جگە لەوەی هاووڵاتییەکی بەرپرس لە ئاست مافەکانی مرۆڤ دان، چ تاوانێکی دیکەیان هەیە وا ئەمڕۆ کەوتۆتەبەر توندترین سزا لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە؟ رێژیمی ئیسلامیی ئێران هەمیشە پێی وا بووە لە رێگای سەرکوتی ئازادیخوازانەوە دەتوانێ بەسەر قەیران و کێشە نێوخۆییەکاندا زاڵ بێ. بەڵام ئەو کردەوانەی بەرانبەر ئەو مرۆڤە شایستانە دەیکا جگە لە ریسوایی زیاتری لە نێو کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکاندا هیچ بەرهەمێکی دیکەی بۆی نابێ.

# ململانێیەکان بۆ بەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری توندتر دەبێ

## (دوایین ئاڵوگۆڕەکان لە پێوندی لە گەڵ خولی یازدەیەمی هەڵبژاردنی سەرکۆماریدا لە ئێران)

**ئا: کوردستان**

پاش دیاریکردنی وادەی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی خولی یازدەیەمی سەرکۆماریی ئێران کە بڕیارە رۆژی ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی داهاتوو بەرێوە بچێ، هەتا دێ ململانێی نێوان هێز و لایەنە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە زیاتر دەبێ و شەڕی بە دەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری داهاتوو، باڵی بەسەر زۆرێک لە رووداوەکانی ئەو وڵاتەدا کێشاوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ریفۆرمخوازان لە ئێران خراونەتە پەراوێزەوە، لە ئێستادا ململانێ بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری زیاتر لە نێوان باڵە جیاوازەکانی کۆنەپارێزاندایە کە ئەوانیش لەنێو خۆیاندا چەندین رەوت و لایەن و رکابەری یەکترن. لە هەمانکاتدا پەراوێز خرانی ریفۆرمخوازان لە ئێران بەو مانایە نییە کە ئەوان پێگەیان نییە.

بەرەی کۆنەپارێزانی ئێران کە هەموو دەسەڵاتەکانی لە کۆماری ئیسلامیدا بەدەستەوەیە لە پێنج باڵی جیاواز پێک دێ. هەروەها بەرەی ریفۆرمخوازانیش دەتوانین بەسەر دوو باڵی میانڕەو و توندڕەودا دابەش بکەین کە لە ئێستادا یەکیان گرتوە.

بەرەی لایەنگرانی ئەحمەدینژاد کە زیاتر لە لایەن «ئیسفەندیار رەحیم مەشایی»ەوە سەرۆکایەتی دەکرێ لەم رۆژانەدا کەوتۆتە ململانێیەکی توندەوە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کۆنەپارێزان و بەتایبەتیش دوای ئەوی «ئەحمەدی نژاد» لە چاوپێکەوتنێکی تەلەڤزیۆنیدا لە وڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بەوەی کە ئەمساڵ ساڵی کۆتایی کابینەکەیە، ئایا لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا چ دەکات لەگەڵ ئەو کەسانەی کە تۆمەتبارن بەگەندەڵی؟ بە گاڵتەوە وتی: کێ دەڵێ ئەمساڵ ساڵی کۆتایی دەوڵەتە؟ ململانێیەکە قووڵتر بووەوە و وا لێکدرایەوە کە ئەحمەدینژاد دەیەوێ وەک «پۆتین»و «مێدودۆف» بکات و بۆ ساڵی داهاتوو «ئیسفەندیار رەحیم مەشایی» یان کەسێکی دیکە بکاتە سەر کۆمار و دوای چوار ساڵ دیسان بۆ خۆی ببێتەوە بە سەرکۆمار. سەرەڕای ئەمە چەند کێشەیەکی دیکە کە پەیوەندیان بە بازاڕی دراو و داڕوخانی بایەخی تمەنەوە هەبوو، بوونە هۆی قووڵبوونەوەی ململانێیەکە، بە جۆرێک کە ئەو کێشانە بوونە هۆی ئەوەی ئەحمەدی نژاد بۆ جاری دووهەم لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا بێتە بەردەم پارلەمان. ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەحمەدینژاد و قۆڵەکەی رێگایەکی دژواریان بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو لە بەردەمدا بێ.

لە لایەکی دیکەشەوە باڵەکانی دیکەی کۆنەپارێزان لە ژێری سێبەری «عەلی خامەنەیی» رێبەری کۆماری ئیسلامیدا، بەرەوە ئەو دەچن کە کاندیدە دیاریکراوەکانی خۆیان رابگەیەنن و ئاماژەکان زیاتر روویان لە سێ کەسە کە ئەوانیش بریتین لە: «محەمەد باقر قالیباف»، سەرۆکی شارەوانیی تاران و «سەعید جەلیلی»، سکرتێری ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و «عەلی لاریجانی»، سەرۆکی پارلەمانی ئێران. هەروەها رۆژنامەی»گاردین»ی بەریتانیاییش پێشتر لە راپۆرتێکدا باسی ئەوەی کرد بوو کە ئەگەری زۆرە یەکێک لەم سێ کەسە ببێتە سەرکۆماری داهاتووی ئێران.

تا ئێستا لە نێوان «محەمەد باقر قالیباف»و»سەعید جەلیلی»و «عەلی لاریجانی»دا تەنیا «محەمەد باقر قالیباف» رایگەیاندوە کە خۆی بۆ پۆستی سەرکۆماری داهاتووی ئێران کاندید دەکا. جگە لەم سێ کەسە هەروەها باسی کاندید کردنی»عەلی ئەکبەر ویلایەتی» گەورە راوێژکاری عەلی خامنەیی بۆ کاروباری نێودەوڵەتی و «غولامعەلی حەداد عادڵ» و «ئەحمەد تەوەککولی» و چەند کەسێکی دیکەش دەکرێت.

لە لایەکی دیکەشەوە دەوترێ ریفۆرمخوازان لە دوو بەرەی میانڕەو و توندڕەو پێک دێن ، بەڵام ئەوەندەی هەست پێدەکرێ ئەم دوو قۆڵە لە ژێر گوشاری کۆنەپارێزاندا یەکیان گرتوە و ئێستا زیاتر هەوڵ بۆ ئەوە دەدرێ کە«محەمەد خاتەمی» سەرکۆماری پێشووی ئەو وڵاتە کاندیدا بکرێتەوە. هەروەها باسی کاندید کردنی «محەمەد رەزا عارف» و «سەید حەسەن خومەینی»، نەوەی دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی و «عەبدوڵڵا نووری» وەزیری ناوخۆی یەکەم دەوڵەتی خاتەمی و «موحسێن مێهرعەلیزادە» و چەند کەسێکی دیکە دەکەن.

تا ئێستا بەرەی کۆنە پارێزان زیاتر ترسیان لەوە هەیە کە «هاشمیی رەفسەنجانی» خۆی کاندید بکاتەوە و چەند جاریش کە ئەم باسە لە میدیاکانی نێوخۆی ئێران هاتۆتە گۆڕێ کاردانەوەی توندی کۆنەپارێزان و بە تایبەتی لایەنگرانی ئەحمەدینژادی لێ کەوتۆتەوە. لەم بارەوە «سادق زیبا کەلام» کە نزیکە لە هاشمیی رەفسەنجانی پێشتر بە رۆژنامەی «ئارمان»(رۆژنامەیەکی سەر بە هاشمیی رەفسەنجانی یە) راگەیاند بوو کە هاشمیی رەفسەنجانی بۆ ئەم هەڵبژاردنە خۆی کاندید ناکا، بەڵام چالاکانە لە مەیدانەکەدا دەبێ و پشتگیریی پاڵیوراوێکی ریفۆرمخوازان دەکا.

تا ئێستا هیچکام لە لایەنەکان بۆ وەدەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری داهاتوو، ساخ نەبوونەتەوە لەسەر کاندیداکی دیاریکراوە و بەهۆی ململانێیەکانەوە و هەر کام لە لایەنەکان لە بەرامبەر یەکتریدا چەند بەربژێریان زەق کردۆتەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی ریفۆرمخوازان لە پێکهاتەی کۆماری ئیسلامیدا کەوتوونەتە پەراوێزەوە، ململانێی سەرەکی لەم هەڵبژاردنانەدا دەکەوێتە نێوان کۆنەپارێزان و تەنانەت باس لەوەش دەکرێ کە رەنگە لە ئاکامدا ریفۆرمخوازان لەگەڵ قۆڵێکی میانڕەوی کۆنەپارێزان رێک کەون و پشتگیری لە پاڵیوراوەکەی ئەوان بکەن

لەم هەڵبژاردنەدا لە ئاستی خۆرهەڵاتی کوردستان ئێستا «ئەنجومەنی هاوئاهەنگی ریفۆرمخوازانی کورد» کە لە چەند پارلەمانتارێکی پێشوو و چەند کەسایەتییەکی کورد پێکهاتوە سەرقاڵی کار کردن لەگەڵ رێفخوازەکانی تارانن. هەروەها «جەلال جەلالیزادە» نوێنەری پێشووی پارێزگای سنە لە پارلەمانی ئێران و ئەندامی «ئەنجومەنی هاوئاهەنگیی ریفۆرمخوازانی کورد» لە وتووێژێکدا لەگەڵ رۆژنامەی «ئارمان» کە لە تاران دەردەچێ رایگەیاندوە کە ریفۆرمخوازەکان لە ناوچە پەراوێزخراوە و بێبەشەکان پێگەی باشیان هەیە و ئەم ئاماژەی «جەلالی زادە» زیاتر مەبەستە لە شار و ناوچەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانە.

هەروەها بە نیسبەت هەڵوێستی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیی ئێران، تا ئێستا هیچ حیزبێک بە فەرمی هەڵوێستی خۆی رانەگەیاندوە و پێشبینیی ئەوە دەکرێ کە زۆربەیان وەک هەڵبژاردنەکانی رابردوو ئەم هەڵبژاردنەش بایکوت بکەن.

هەڵبژاردنی سەرکۆماری لە ئێران هەر چوار ساڵ جارێک لە رێگای دەنگدانی گشتییەوە بەرێوە دەچێ و ئەو کەسانەی کە خۆیان بۆ ئەم پۆستە کاندید دەکەن دەبێ سەر بە ئایینی شیعە بن و هەروەها بەپێی یاسا ژنیش ناتوانێ خۆی بۆ ئەم پۆستە کاندید بکا.

بە دەستهێنانی پۆستی سەرکۆماری لە ئێران بۆ هەموو لایەنەکان گرنگییەکی تایبەتی هەیە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم پۆستە دوای رێبەری کۆماری ئیسلامی زیاترین دەسەڵاتی هەیە.

هەڵبژاردنی ساڵی داهاتووی ئێران کە بڕیارە لە مانگی جۆزەرداندا بەرێوە بچێ، یازدەهەمین خولی هەڵبژاردنی سەرکۆمارییە لەو وڵاتەداو هەر لە ئێستاوە ژمارەیەک لە کارەکتەرە سیاسییەکان ناویان کەوتۆتە بەر باس بۆ خۆ پاڵاوتن و ژمارەیەکیش خۆیان رێک خستوەو دەستیان کردوە بە پڕوپاگەندە و سەفەری ئەم شار و ئەو شار.

لایەنە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێران لە کاتێکدا بەرەو هەڵبژاردنی یازدەهەمین خولی سەرکۆماریی دەچن کە هێشتا ململانێی نێوان لایەنەکانی ئەو وڵاتە لە ژێر کاریگەریی هەڵبژاردنەکانی خولی دەیەمی سەر کۆماری و رووداوەکانی دوای ئەو هەڵبژاردنانە دایە.

# کێ لە بەردەوامی کوشتنی کاسبکارانی کورد بەرپرسیارە؟



چیا عەبدوڵڵاپوور

رۆژهەڵاتی کوردستان له چوارچێوەی نەخشەی ئێراندا کەوتۆتە سنورەکانی رۆژئاوای وڵاتی ئێران و هەمیشە لە لایەن دەوڵەتی ناوەندییەوە بەتایبەت لە دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیەوە تێبینیی ئاسایشیی توندی لەسەر بووە و ئەوەش وەک بیانویەک لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەکار هاتوە کە لە کوردستان دا سەرمایە گوزاری بگاتە کەمترین ئاستی خۆی و تەنانەت رێگری لە سەرمایەدارە خۆجێیەکانیش دەکەن کە سەرمایە گوزاری لەم ناوچانە بکەن. ئەوەش بۆتە هۆی ئەوە کە رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەوتنێکی بەرچاو لە هەموو بوارەکاندا بەخۆیەوە نەبینێت و بێکاری بگاتە بەرزترین ئاستی خۆی و ئەوە لە ئاکام دا ببێتە هۆی سەرهەڵدانی کۆمەڵێک دیاردەی نەخوازراو و کاری ناچاری وەک ‹‹کۆڵبەری›› کە لە راستی دا ئەوە لە ئاکامی سیاسەتی هەڵاواردنی ئاشکرای کۆماری ئیسلامی کە بە دژی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان رەچآوی دەکات، هاتۆتە کایەوە.

بۆیە لێرە دا دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی خۆیان هۆکاری سەرەکین لە سەر هەڵدانی دیاردەیەک بە ناوی کۆڵبەری و دەیان دیاردەی دیکە لە کۆمەڵگای ئێران بەگشتی و رۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی کە ئەوەی لێرەدا جیگای سەرنجە پرسی کۆلبەریە کە هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی دوژمنکارانە دەستیان داوەتە کوشتوبری ئەو کەسانەی کە بە ناچاری و بۆ دابین کردنی بژێوی ژیانیان دەستیان داوەتە ئەو کارە.

ئەگەر لێرەدا پێناسەیەک بۆ کۆلبەری بکەین دەتوانین بڵێین کە کۆلبەری کارێکی ناچاری و پڕمەترسییە کە کەسی کۆلبەر بە هەڵگرتنی بار و گواستنەوەی بۆ شوێنێک بژێوی خۆی دابین دەکات. لەم پێناسەیە دا ئەوە جێگای تێبینییە کە کاتێک دەگوترێ کارێکی ناچاری و پر مەترسییە مەبەست ئەوەیە کە ئەو کەسانەی کە ئەو کارە دەکەن ئەگەر هەلی کاری دیکەیان هەبێت ئەوا کۆلبەری ناکەن بەڵام ئەوان بە ناچاری و بۆ دەرباز بوون لە بێکاری و دابینکردنی بژێوی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان دەستیان داوەتە ئەم کارە. هەروەها بۆیە پڕ مەترسییشە چوونکە ئەوان لە سەر سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان ئەم کارەدەکەن و ئەو سنوورانەش هەموو بە مین چێندراون و هەلومەرجی ئاو وهەوایی وای کردوە ئەو مینانە لە شوێنی خۆیان نەمێنن و زۆرجار بێنە سەر رێگای هاتوچۆی خەڵکی ئاسایی و کاسبکارانیش هەروەها لە گەڵ مەترسیی سەرما بردن و لە کۆتاییدا کوژرانیان لە لایەن هێزەکانی سەر سنوور و چەکدارانی کۆماری ئیسلامی بەرەو روون کە لەم ساڵانەی دوایی دا کوشتنی ئەو کاسبکارانە گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی.

سزای کەلوپی قاچاخ بە پێی یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخی کەلوپەڵ و دراو

لەم بەشەدا ئاماژە بەو سزایانە دەکەم کە لە یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ قاچاخی کەلوپەڵ دا هاتوە کە ئەم یاسایە کە ساڵی پار دوای هەشتا ساڵ گۆڕانی بەسەر داهات لە بەشی سزای قاچاخی کەلوپەل لە بەندی ١٩ی ئەم یاسایەدا ئاواهاتوە:

بەندی ١٩- هەرکەس کاری قاچاخی کەلوپەڵی یاساخ بکات یان کەلوپەلی یاساخ راگرێت یان هەڵگرێت یان بفرۆشێت لەگەڵ ئەوەیدا کە دەست بەسەر کەلوپەلەکەی دا دەگیرێت بە شەش مانگ تا دوو ساڵ بەند کردن، سزای نەختینەیی بە بڕی دە بەرابەری بایەخی کەلوپەلەکە و تاکوو هەفتاو چوار زەربە قامچی سزا دەدرێت. لە کاتێک دا کە بایەخی کەلوپەلی قاچاخی زیاتر لە یەک میلیۆن تمەن (ریال ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠)بێت ئەو ئامرازەی کە کەڵکی لێوەرگیراوە دەستی بەسەردا دەگێرێت.

تیبینی ١- بڕیاری مادەی (٧٠٢) ی یاسای سزادانی ئیسلامی تەنیا ئەو خواردنەوەی ئەلکۆلیانە دەگرێتەوە کە لە ناوخۆی وڵات بەرهەم هاتوون.

تێبینیی ٢- هەر کات بڕی ئەو خواردنەوە ئەلکۆلیانە ی کە دەستیان بە سەرداگیراوە زیاتر لە بیست لیتر بێت، لە کاتێک دا کە بە گەرانەوە بۆ بەلگەگەلێک بۆ نموونە پێشینەی تاوانبار دەربکەوێت کە ئامرازی گواستنەوە بە ئاگاداری و لەسەر ویستی خاوەنەکەی بۆ کاری قاچاخەکە دراوە بەو ئەم ئامرازەش دەستی بەسەردا دەگیرێت و جیا لەمە، ئامرازی گواستنەوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکە و هاوتای بایەخەکەی بە جەریمەی نەختینەیی ئەو تاوانبارە زیاد دەکرێت.

تێبینیی ٣- لە کاتێک دا کە ئەو ئامرازەی کە بۆ گواستنەوە بەکار هاتووە لە کاری قاچاخ و هەڵگرتنی کەلوپەلی قاچاخ ئەوەی کە لەم بەندە دا باس کراوە، خاوەنەکەی کەسێکی دیکە جیا لە تاوانبارەکانی تاوانەکانی سەرەوە بێت و بە گەرانەوە بۆ بەلگەگەلێک بۆ نموونە پێشینەی تاوانکاری تۆمەتبار بسەلمێندرێت کە بە ئاگاداری و لەسەر ویستی خاوەنەکەی بۆ کاری قاچاخ دراوە بە ئەو ئامرازی گواستنەوەکە دەستی بەسەر دا دەگێردرێت و جیا لەمە، ئامرازی گواستنەوەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی و هاوتای بایەخەکەی بە جەریمەی نەختینەیی ئەو تاوانبارە زیاد دەکرێت.

تێبینیی ٤- ئەو کەلوپەلانەی کە بۆ دروست کردن یان ئاسانکاری کاری قاچاخی کەلوپەلی یاساخ بەکار دەبردرێت و ئەو شتەی کە لە لایەن خاوەنەکەی یان بە ئاگادار ئەو کەڵکی لێ وەرگیرابێت دەستی بەسەر دا دەگیردرێت و لە کاتێک دا کە بایەخی کەلوپەلەکە کەمتر بێت لەو بڕەی کە باس کرا و لانیکەم دووجار بەم مەبەستە کەڵکی لێوەرگیردرێت و بە شێوەی یەکلاکەرەوە دەرکەوێت ئەوا لە جاری سێهەمدا دەستی بەسەر دادەگیردرێت. لە کاتێک دا کە تۆمەتبارەکە بە بێ ئاگاداری خاوەنەکەی کەڵکی لێ وەرگرێت، هاوتای بایەخەکەی بە سزای نەختینەیەکە زیاد دەکرێت.

تێبینیی ٧- شوێنی پاراستنی کەلوپەلی قاچاخی یاساخ کە خاوەنی شوێنەکە ئاگاداری ئەوە بێت، لە کاتێک ئەنجامی مامەلەکە لێی دەکەوێتەوە، دەستی بەسەر دادەگیردرێت.

تێبینیی ٥- خواردنەوەی ئەلکۆلیەکان، کەلوپەلی مێژوویی - فەرهەنگی، ئەو ئامرازی بەرنامە وەرگرتن لە ماهوارە بە شێوەی نایاسایی، ئامراز و کەلوپەلی قومار و بەرهەمە دەنگی و رەنگییە نەشیاو و ناپەسەندەکان لە نموونەکانی کەلوپەلی یاساخن.

تێبینیی ٦- شوێنی پاراستنی کەلوپەلی قاچاخی لە کاتێک دا کە بایەخەکەی زیاتر لە یەک میلیارتمەن (١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ریال) بێت و لە دا کە بڕیاری هاتوو لە تێبینیی (٦) دا نەیگرێتەوە، ئەوا شوێنەکە دەستی بەسەر دادەگیرێت و پلۆمپ دەکرێت و لە کاتێک دا کە تاوانبار لە ماوەی دو مانگ لە رێکەوتی دەرچوونی بڕیاری کۆتایی، جەریمەکە نەدات، شوێنەکە دەفرۆشرێت و بڕی جەریمەکەی لێ هەڵدەگیردرێت و ئەوەی ماشەوە دەگەرێندرێتەوە بۆ خاوەنەکەی.(١)

هەر وەک و بە پێی بەندی ١٩ی یاسای بەربەرەکانی لەگەڵ هەلگرتنی کەلوپەلی قاچاخ و تێبینییەکانی ئەم بەندە سەبارەت بە سزادانی تاوانباران بۆمان دەرکەوت لە هیچ شوێنێکی ئەم یاسایەدا باس لەوە نەکراوە کە تاوانباران بدرێنە بەر دەسرێژی راستەوخۆی گوللە و گیانیان لێ بستێندرێت. بەڵام هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی هیچ گرینگی بە یاساکانی خۆشیان نادەن و بێ بەزەییانە کاسبکاران و بە تایبەت کۆڵبەرانی کورد دەدەنە بەر دەسرێژی گوللە و گیانیان لێ دەستێنن و کەسیش لێیان ناپرسێتەوە. ئەوەش تەنیا لە هەڵسوکەوتی و بیری و هزری دوژمنکارانەی ئەوانەوە بە نیسبەت هاوڵاتانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەرچاوەدەگرێت و هیچ پاساوێک هەڵناگرێت.



**بێدەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر تاوانی کوشتنی کاسبکارانی کورد و هەموو تاوانەکان و پێشێلکاریەکانی دیکە لەدژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە شیوەیەک لە شێوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بەردەوام بن لە تاوانەکان و پێشێلکاریەکانیان**

بەڵام لەم ناوەشدا فەرقو جیاوازی دەکرێت لە لایەن راگەیەنە گشتیەکان لە بەینی ئەو کەسانەی کە بە دەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن بۆ نموونە کاسبکارێکی بێتاوان لە گەڵ رۆژنامەنووسێک. ئەوە لە هەر شێوەیەک دا بێت تاوانە و نابی جۆری پیشە کوژراوەکان ببیتە هۆی ئەوەی کە یەکیان زیاتر گرینگی پێ بدرێت و ئەوەیدیکەیان وەک رووداوێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێت و تەنانەت هەواڵەکەشی بڵاو نەکرێتەوە.

## کێ تاوانبارە؟

هیچ شک و گومان لەوە دا نیە

ئەرکی ئۆپۆزیسیۆنی کورد له هەمبەر کوشتنی کۆڵبەران و کاسبکارانی کورد

تاکوو هەنووکە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان نارەزایەتییەکی جیددی و گشتگیر سەبارەت بە کوشتنی کاسبکاران و کۆلبەرانی کورد رووی نەداوە و زۆربەی زۆری خەڵکی ناخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان لەم پێوەندییەدا بێ دەنگی هەڵبژاردوە و هەر کەسە دەستی بە کڵاوی خۆی گرتوە تاکوو با نەیبات، و ئەوەش هۆکاری خۆی هەیە کە لەم نووسینەدا جیگای سەرنج نییە، بەڵام هەندێ جار لە کەس و کاری کەسی کوژراو نارەزایەتی دەربڕاوە و سکاڵا بەرز کراوەتەوە و ئەوەش ئاکامێکی نەبووە و نەبۆتە هۆی ئەوەی کە کۆتایی بە کوشتنی کاسبکاران بێنێت و لە هەندێ نموونەی زۆر کەم دا تەنیا بۆتە هۆی ئەوەی کە ئەو کەس یان کەسانەی کە دەستیان لە کوشتنی کاسبکاران یان کۆڵبەران دا هەبووە لە جیاتی ئەوەی کە سزا بدرێن تەنیا لە ناوچەی خزمەتیان دورخراونەوە و بگرە گواستراونەتەوە بۆ شوێنی باشتریش. بەڵام ئۆپۆزیسیۆنی کوردیش بە هەموو لایەنەکانەوە کە خۆیان بە هێزی سیاسیی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دەزانن دەبێ هەنگاوی جیدی هەڵێننەوەبە مەبەستی ئاگادار کردنەوەی ناوەندە جیهانیەکانی مافی مرۆڤ و هەروەها وشیار کردنەوەی زیاتری خەڵکی کوردستان تاکوو نەهێلن هێزە ئینتیزامیەکان دەست بۆ کوشتنی کاسبکاران بەرن. چونکە بەراستی خەڵکی کوردستان لەم پێوەندیەدا وشیارییان کەمە و تەنانەت ناتوانن بە پێی یاسای کۆماری ئیسلامییش لەم پێوەندیەدا بەرگری لە خۆیان بکەن و رێگری لە کوشتنی رۆڵەکانیان بکەن. بۆیە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن دەبێ زیاتر لە جاران هەست بە بەرپرسایەتی بکەن لە هەمبەر تاکەکانی گەلەکەیان و خاوەندارەتیان لێ بکەن، لەگەڵ ئەوەیدا کوشتنی هەر کەس جا بە بە هەر بیانوویەک بێت مەحکوومە

کە بکەری ئەو تاوانانە تاوانباری سەرەکین و لەم ناوەشدا ئەگەر چەکدارێک ئەمری بەرپرسەکەی پێ نەبێت و بەرپرسەکەشی ئەمری کەسی سەروتر لە خۆی نەبێ و هەر ئاوا تاکوو دەگاتە بەرپرسانە پایە بەرزی کۆماری ئیسلامی ئەو لە جیات گرتن و دادگایی کردنی ئەوە کەسانەی کە بە پێی قانوونی خۆیان کاری قاچاخ دەکەن ئاوا بێ بەزەییانە و دوژمنکارانە و دوور لە بەها مرۆیەکان تەقە لە تاکی کاسبکارو کۆڵبەری کورد ناکەن و گیانیان لێ ناستێنن، بۆیە تاوانباری سەرەکی لێرەدا کۆماری ئیسلامیە لە هەموو ئاستەکانی دا. چونکە ئەگەر بۆ جارێکیش ئەندامێکی هێزە چەکدارەکانیان یان گرووپێک لەم هێزانەی کە دەستیان بە خوێنی کاسبکارانی کورد سوور بووە بە توندی سزا بدات ئەوا کوشتنی کاسبکاران دووبارە نابنەوە.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانیش بە بێدەنگی خۆیان لە ئاست کوشتنی کاسبکاران دەبنە هۆی ئەوەی کە کوشتنی کاسبکاران بەردەوام بێت. لێرەدا لە گەڵ ئەوەی کە هیچ شک و گومان لە سیاسەتی دوژمنکارانەی کوماری ئیسلامی بە نیسبەت تاکەکانی کورد نیە و ئەوەش بۆ هەموو لایەک روون و ئاشکرایە، بەڵام بێدەنگی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە هەمبەر تاوانی کوشتنی کاسبکارانی کورد و هەموو تاوانەکان و پێشێلکاریەکانی دیکە لەدژی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا بە شیوەیەک لە شێوەکان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ئەوان بەردەوام بن لە تاوانەکان و پێشێلکاریەکانیان و ئەگەر چی بۆ ماوەیەک بەشێک لە کۆمەڵانی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان دوور بن ئاسەوارەکانی ئەم تاوان و پێشێلکاریانە بەڵام درەنگ یا زوو ئەوانیش دوکەڵی ئەو تاوانانە دەچێتە چاوی ئەوانیشەوەو بۆیە پێویستە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان یەک دەنگ دەبن لە پێناو رێگری کردن لە کوشتنی رۆڵەکانیان و کوشتنی هەر تاکێکی کورد لە هەر ناوچەیەکی رۆژهەڵاتی کوردستان بە کوشتنی هەموو خەڵکی کوردستان بزانن و لە رۆڵەکانی خۆیان بە خاوەن دەرکەون. چونکە لە هەلو مەرجی هەنووکە دا تەنیا ئەوانن دەتوانن بە نارەزایەتی خۆیان رێگری لە بەردەوامی کوشتنی تاکەکانی کورد بکەن.



### سەرچاوەو پەراوێزەکان:

١- یاسای بەربەرەکانی لە گەڵ هەلگرتن و گواستنەوەی کەلوپەلی قاچاخ بەندی ١٩

# پێناسە و جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان

ئامادە کردنی: ب . هیوا

**کورتە مێژوویەک بۆ ڕۆژی ٢٥ی نوڤەمبر**
**(کوژرانی خوشکانی میرابال لە ٢٥ نوڤەمبری١٩٦٠ دا)**
**خوشکانی میرابال ٤ خوشک بوون خەلکی کۆماری دۆمینیکەن، ٣ کەسیان لە سەردەمی دیکتاتۆریی رافائیل ترۆخیۆ بە هۆی دەستوپیوەندەکانی ئەو دیکتاتۆرە و لە ڕۆژی ٢٥ی نوڤەمبری١٩٦٠ دا پاش چەندین مانگ ئەشکەنجە کوژران. ناوەکانیان بریتی بوو: پاتریا مێرسدێس میرابال (٢٧ فێوریە ١٩٢٤– ٢٥ نوڤەمبر ١٩٦٠)، ماریا ئارژانتینا مینێروا میرابال (١٢ مارس ١٩٢٦ – ٢٥ نوامبر ١٩٦٠) و آنتونیا ماریا ترسا میرابال (١٥ اکتبر ١٩٣٥ – ٢٥ نوامبر ١٩٦٠). خوشکی چوارەم ئادلا (دده) میرابال لەو ڕۆژە دا کە خوشکەکانی کوژران، نەکوژراوە. ٢١ سال دواتر واتە لە ١٩٨١ لە کۆبوونەوەیەکی بەرین دا کە لە بۆگۆتا، پێتەختی کۆلۆمبیا، بە بەشداریی داکۆکیکارانی مافەکانی ژنان لە ئەمریکای لاتین و لە ناوچەی کارائیب پیک هات، پێشنیار کرا ڕۆژی کوژرانی خوشکانی میرابال، وەک ڕۆژی ڕەتکردنەوەی توند وتیژی بەرامبەر بە ژنان بناسرێت.لە ١٧ی دیسامبری ساڵی١٩٩٩وە ٢٥ی نوڤەمبر، ڕوژی کوژرانی ئەو خوشکانە بە «ڕوژی جهانیی خەبات لە گەڵ توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان» ناودێر کراوە.**



**توند و تیژی بەرامبەر ژنان**
**پێناسەی توند و تیژی بە گوێرەی «بەیاننامەیپێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان»:**
**ماددەی ١:**

لەم بەیاننامەیەدا، مەبەست لە دەستەواژەی «توندوتیژی دژی ژنان» هەر کردەوەیەکی توندوتیژ لەسەر بناغەی جنسیەتە کە ببێتە هۆی ئازاردانو زیان پێگەیاندنی جەستەیی، جینسی یان دەروونیی ژنان، یان لەوانەیە ببێتە هۆی ئەم جۆرە ئازارو زیانانە. هەڕەشە یان کردەوەی هاوشێوە، زۆری کردن لە ژنان، بێبەشکردنی زۆردارانەی ئەوان لە ئازادی کە لەبەرچاوی خەڵک یان لە چوارچێوەی ژیانی تایبەتیدا ڕوودەدەن، لە ڕیزی ڕەفتارو کردەوەی توندوتیژ دان.

**جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر ژنان**
**( بە پێی بەیاننامەیپێشگیری لە توندوتیژی دژی ژنان)**
**ماددەی ٢:**

لێکدانەوەی توندوتیژی دژی ژنان ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەوە، بەڵام هەر بەم نموونانە نابەسترێتەوە:

ئەلف- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بنەماڵەدا ڕوودەدەن، بۆ وێنە لێدان، ئازاردانی جینسیی کچانی مێرمنداڵ لە ماڵدا، توندوتیژیی پێوەندیدار بە جیاز، دەستدرێژی لەلایەن مێردەوە، خەتەنەکردنی ژنانو ئەو دابونەریتانەی زیان بە ژنان دەگەیەنن، توندوتیژی لە پێوەندیی بەدەر لە ژنو مێردایەتیداو توندوتیژی تایبەت بەژنان.

ب- توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە لە بەستێنی ژیانی بە کۆمەڵدا ڕوو دەدەن، بۆ نموونە: دەستدرێژی، کەڵکی خراپ وەرگرتنی جینسی، ئازاردانی جینسی و ترساندن لە شوێنی کار، لە ناوەندە فێرکارییەکان و شوێنەکانی دیکەدا، کڕین و فرۆشتنی ژنان و لەشفرۆشیی بە زۆری.

(پ) توندوتیژی جەستەیی، جینسیو دەروونی کە بە هۆی دەوڵەتەوە ئەنجامدەدرێ یان لە لایەن دەوڵەتەوە پشتگوێ دەخرێ.

توند و تیژی بە دژی ژنان چەمکێکە کە هەموو ئەو کارە توند وتیژانە دەگرێتەوە کە لە دژی ژنان بە کار دەهێنرێن. واتە جنسییەت یا ڕەگەزی مرۆڤەکە لەم جۆرە توند و تیژییانە دا، بناغەی توند و تیژییەکەیە.

کۆڕی گشتیی نەتەوە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەم جۆرە پێناسەی «توند و تیژی دژی ژنان» ی کردوە: «هەر چەشنە کردەوەیەکی توند و تیژ لە سەر بناغەی ڕەگەز یا جنسییەت کە ببێتە هۆی زیانگەیاندنی فیزیکی، جەستەیی یا دەروونی». دیارە «هەڕەشەی ئەنجامدانی ئەو جۆرە کردەوانەش،زۆرەملی یا زۆری لێکردن و ئەستاندنەوەی سەرەڕۆیانەی ئازادی»یش هەر دەچێتەوە ئەم خانەیەوە.

هەر کردەوەیەک کە بە جۆرێک لە جۆرەکان، ئێش ودەرد و ئازار تووشی ژن بکا، نیشانەی توند و تیژییە.ئەم جۆرە کردەوانەش لە فۆرم و قالبی جۆراوجۆر، لە زۆر ڕەهەند و بواری جیاوازدا، بەڕیوە دەچن و قوربانی دەستێنن. پڕئازارترین جۆری کردەوەی توند وتیژ،توند وتیژیی فیزیکییە کە بە زۆری پیاوان لە دژی ژنان، بە ئەنقەست و بە ئاشکرا بە کاری دێنن. بەڵام ئەمە تەنیا گۆشەیەک لە ڕاستییەکەیە و تەنیا بە ناسینی فۆرم و شێوەکانی دیکەی توند و تیژییە کە دەتوانین ڕەهەندە واقیعییەکانیتوند و تیژی بە دژی ژنان تێبگەیەن.

**جۆرەکانی توند و تیژی:**
**(لە ڕووی شوێنی ئەنجامدانی توند و تیژییەکەوە)**
**١–توند و تیژی لە چوارچیوەی خیزاندا**

لێدان،دەستدرێژیی سێکسی بۆ سەر مندالە بچووکەکانی خێزان، توند و تیژیی پیوەندیدار بە مارەکردن، ناچارکردن و بە زۆر چوونە لای هاوسەر، خەتەنەکردنی کچان و جۆرەکانیتری داب و نەریت کە ئازار بە ژن دەگەیەنن.توند و تیژیی پەیوەندیدار بە کارلێکێشان(استغلال)

٢- توند و تیژی لە چوارچیوەی کۆمەڵگەدا:

لاقە کردن، دەستدرێژیی سێکسی، تۆقاندن لە شوێنی کار کردن و دام و دەزگا پەروەردەییەکان و هەر شوێنێکی دیکە، بازرگانی کردن بە ژنانەوە و ناچارکردنیان بە لەشفرۆشی

٣- ئەو توند و تیژییەی دەولەت ئەنجامی دەدات:

دەستدرێژی و توند وتیژی لە دژی ژنان لە لایەن دام و دەزگا حکوومەتییەکان،

جۆرەکانی توند و تیژی( لە ڕووی ناوەرۆک و ماهییەتەوە):

**١) توند و تیژیی جەستەیی:**
**٢) توند و تیژیی دەروونی:**
**٣)توند و تیژیی سیکسی:**
**٤)توند و تیژیی سیاسی:**
**٥) توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:**
**٦)توندوتیژیی تەندروستی:**
**٧)توندوتیژیی پەروەردەیی:**
**٨)توند وتیژیی ئابووری:**
**٩)توند و تیژیی یاسایی:**

**جۆرەکانی توند و تیژی**

**١) توند و تیژیی جەستەیی:**

بە کارهێنانی هیزی جەستە بە شێوەیەکی مەبەستدار بەرامبەر کەسانی دیکە بە نیازی ئازاردان و زیان پێگەیاندن لە ڕووی جەستەوە(لیدان بە دەست یا هەر ئامێرێک، گازگرتن(گەستن)، خنکاندن، ڕاکێشانی قژ، چڕنووکگرتن، بۆکس لێدان کە هێندێک جار لیدانەکە دەبێتە هۆی گیان لە دەستدانی کەسەکە. ترسناکترین جۆرییش کوشتنی ژنانە بە ناوی پاراستنی شەرەفەوە. هەر وەها خەتەنەکردنی کچان کە دەبێتە هۆی خوێن لێرۆیشتنی زۆر و مردن و تووشبوون بە هێندیک نەخۆشیی وەک نەزۆکی و هەو کردن.

**٢) توند و تیژیی دەروونی:**

زۆرترین و کاریگەرترین شێوەی توند و تیژی کە کاریگەریی دەبێت لە سەر بنیاتی کەسایەتیی ئەو مرۆڤە بە درێژایی قۆناغەکانی تەمەنی.

زۆر جارئەم دیاردەیە بە توند و تیژیی عەقڵی ناو دەبرێت کە بریتیە لە خراپە کاریی زمانەوانیی بەردەوام، ورووژاندن، دوورکردنەوەی ژن لە هاوڕی و کەسوکارەکەی، بێبەشکردن لە سەرچاوەی ئابووری و سرووشتی و رووشاندنی کەسایەتی.

ناپاکیی هاوسەرێتی، سووکایەتیپێکردن، لۆمە، ڕقهەڵگرتن، گاڵتە پێکردن، ناجارکردنی ژنان بە پیادەکردنی سیکس یان بە زۆر دەرکردنی ژن لە ماڵ، بێبەشکردن لە منداڵ، ڕێگرتن لە دەربڕینی بیر و بۆچوون و پێشوازیکردنی میوان، هەر وەها ڕێگرتن لە سەفەر و کار ردن لە دەرەوەی ماڵ. هەر یەک لەوانەش ئاسەواری دەروونی خراپ بە جێ دێڵن.

**٣)توند و تیژیی سیکسی:**
**دەکرێت بە دوو بەشەوە:**

آ- توند و تیژی لە دەرەوەی پێوەندیی ژن و مێردایەتی کە بریتییە لە دەستدرێژی و لاقەکردن.

ب - زەبر و زەنگ لە چوارچێوەی خیزان کە زۆر بە کەمی قسەی لە سەر دەکرێ بە هۆی عەیبەوە،کە خۆی لە مامەلە و شیوازی سێکس دا دەبینێتەوە وەک بە زۆر سکپرکردن، منداڵلەباربردن و...

**٤)توند و تیژیی سیاسی:**

واتە نەبوونی ئازادیی ڕادەربڕین، بیرکردنەوە، هەڵبژاردنی بیرباوەڕ و شێوازە کولتوورییە جیاوازەکان.

میهرئەنگیز کار: توند و تیژیی سیاسی بە پشتگیریی لوتکە ڕەسمییەکانی دەسەڵات، واتە حکوومەت دژی ژنان ئەنجام دەدرێت. لە پشتیوانی نەکردن لە یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو و لە بەڕێوەچوونی سیاسەت دا دەردەکەوێت. لەمەش زیاتر لە بێبەشکردنی ژنان لە مافی یەکسان بە هۆی دام و دەزگاکانی دەسەڵاتەوە.

**٥) توند و تیژیی کۆمەڵایەتی:**

یەکێک لە گرنگترین هۆکارەکانی توند و تیژی، کێشە و گرفتە کۆمەلایەتییەکانە کە بە گشتی بێبەشبوونی ژنان دەگرێتەوە لە پیادە کردنی کەسایەتی و مافە کۆمەلایەتییەکانی خۆیان...توند وتیژیی کۆمەڵایەتی سیوازی جۆراوجۆر لە خۆی دەگریت وەک بێبەسبوونی ژنان لە کارکردن لە دەرەوەی مال و تەواو کردنی خویندن، بێبەشبوونی ژنان لە جلوبەرگ و هەلبژاردنی هاوڕی و پەیوەندییە تایبەتییەکان بە تاکەکەس و دراوسی و ریگرتن لە دەربڕینی راوبۆجوونی خۆی و گوی نەدان بە رای ژن لە بڕیارەکانی خیزاندا.

**٦)توندوتیژیی تەندروستی:**

مەبەست لە بیبەسبوونی ژنانە لە مافە تەندروستییەکان، نەبوونی سیستەمیک بۆ پاراستنی ژنان لەو نەخۆسیانەی تایبەتن بە ژن، بایەخنەدان بە هۆسمەندیی کاتی سکپڕی واتە بایەخدان بە خواردنی گونجاو، نەبوونی مۆلەتی کاتی منداڵبوون، هوشیارنەکردنەوەی ژنان لە بوونی ماوە لە نیوان دوو سکپڕی دا و...

**٧)توندوتیژیی پەروەردەیی:**

ئەم جۆرە توند و تیژییە لە نیو پرۆسەی پەروەردە و خویندن دا روو دەدات، درێژکراوەی هەمان توند وتیژییە کە لە لە نیو خیزان روو دەدەن. هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ فەلسەفەی خویندن.

**٨)توند وتیژیی ئابووری**

هۆکاری ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێ لە تەشەنەکردنی جۆرەکانی توند وتیژی دژ بە ژناندا، ئەوەش پێوەندداره بە باری گوزەرانی خیزان، بەدەر لەوەی لە نیو خیزانەکاندا پاشکۆیەتیی ئابووریی ژنان بۆ پیاوان بە یەکیک لە هۆکارە گرنگەکانی ئەنجامدانی توند وتیژی دادەنرێت، هەر وەها بازرگانیکردن بە جەستە ژنەوە یان بە کەموەرگرتنی کاری ژنان وەک بەرهەمهێن.

**٩)توند و تیژیی یاسایی**

لە کۆمەڵگەیەکدا کە داب و نەریت و کولتوور وئایین تێکەڵ بە یاسا ببیت، بارودۆخی ژنان روو لە مەترسی دەکات. بۆیە ئەگەر لە یاسا دا بڕگەی ریگر لە توند و تیژی دژ بە ژنان دابنی و هەر ژنێک لە ریگەی ئەو یاسایەوە بتوانی سوودمەند بیت، ئەو کاتە توند و تیژیی دژ بە ژنان سنوووردار دەبیت. کە واتە ئاستی توند و تیژی دژ بە ژنان دەگەڕیتەوە بۆ بڕگەکانی یاسا، بۆیە یەکیک لە مەرجەکانی رزگار بوون و بەدەستهینانی یەکسانی بۆ ژنان، گۆڕینی ئەو بڕگانەی یاسایە کە لە بەرژەوەندی ژنان دانییە.

**دەستدریژیی سیکسی، تاوان دژی مرۆڤایەتی**

یەکیک لە شوومترین جۆرەکانی توند و تیژی بەرامبەر بە ژنان، دەستدریژیی سیکسییە کە بە تایبەتی لە کاتی شەڕەکان دا زۆر دەبینرێت. لە کۆماری کۆنگۆ لە ماوەی ١٣ سال دا دووسەد هەزار ژن دەستدریژیی سێکسیان کراوەتە سەر. ریکخراوە نیودەولەتییەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ، ئەم دیاردەیەیان وەکوو تاوان دژی مرۆڤایەتی ناساندوە. لەم پیوەندییە دا جەخت لە سەر دوو شت دەکەنەوە:

یەکەم: پەلکێشکردنی تاوانبارانی دەستدریژیی سێکسی و هۆکارەکانی قوربانیبوونی ژنان لە کاتی شەڕدا بۆ بەر دەم دادگا و لێکۆڵینەوە و سازدران،

دووهەم: دابینکردنی یارمەتیی جۆراوجۆر بۆ قوربانییانی ئەم جۆرە توند و تیژیانە بۆ وینە یارمەتیی دەرمانی،پزیشکی دەروونی،پشتیوانیی حوقووقی و یارمەتیی ئابووری.

١٦ رۆژ بەربەرکانی لە گەل توند وتیژی بەرامبەر ژنان

بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان

لە ساڵی ١٩٩١وە کەمپەینیک بە دەستپێشخەریی ناوەندی جیهانیی ژنان لە زانکۆی راتگێرز وەڕێ کەوتوە. ناوی کەمپەینەکە ئەوەیە: «١٦ رۆژ هەڵمەتی جیهانی لە دژی توندوتیژییە جنسیەتییەکان». مەبەست لەو ١٦ رۆژە، لە ٢٥ی نوامبرەوە تا ١٠ی دیسامبرە کە رۆژی جیهانیی مافی مرۆڤە. لەم کەمپەینە دا ژنان و پیاوانی داکۆکیکاری یەکسانیی ژن و پیاو، لە سەرانسەری جیهان بە چالاکیی جۆراو جۆری هونەری، میدیایی، تویژینەوەیی و زانستی، هەوڵ دەدەن سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای ئەو توندوتیژییانە رابکێشن کە بناغەی جنسییەتیان هەیە و لە ئاکامە دڵتەزینەکانی ئەو توند وتیژییانە یاگاداریان بکەنەوە.

ئەم ناوەندە هەوڵی دا لە نیوان توند وتیژی دژی ژنان و نیزامیگەری یا میلیتارییەت، پردێک ببینیتەوە. سەرەرای ئەو پێناسە جۆراوجۆرانەی بۆ میلیتارییەت هەن،ئەم ناوەندە بەم جۆرە پیناسەی کرد: «میلیتارییەت(نیزامیگەری)، جۆرێک ئایدۆلۆژییایە کە کولتووری ترساندن و تۆقاندن دەخولقینی و بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان و گەیشتن بە بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری پەنا دەباتە بەر توند و تیژی، هیرش و دەستدرێژی، دەستیوەردان و داگیرکردنی نیزامی.» میلیتارییەت هەر وەها مەیدان دەدا بە زۆرێک لە توند و تیژییە پیاوانەکان کە مەترسی و ئاکامی نالەباریان هەیە بۆ سلامەتیی و ئەمنییەتی ژنان، بۆئەو پیاوانەی کە پێی نارازین و هەر وەها بۆ سەرجەمی کۆمەڵ. ناوەندی جیهانیی ژنان بە سەرنجدان بە پیوەندیی ئاڵۆزی ئاشتی و تەبایی لە مالەوە و لە جیهان وهەر وەها بە سەرنجدان بەو بوارانەی میلیتارییەت دەیانخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوە، بۆ ساڵی ٢٠١١-٢٠١٢ دروشمی «لە ئاشتیی لە جیهان دا هەتا ئاشتی مالەوە «ی هەڵ بژارد و ئەم ئەولەوییەتانەی وەک پێنج ئەولەوییەتی خۆی دەستنیشان کرد تا داکۆکیکارانی یەکسانی وخەباتکارانی بواری نەهێشتنی توند و تیژی بەرامبەر ژنان، لەم ١٦ رۆژە دا خۆی بۆ تەرخان بکەن:

١- لیک کۆبوونەوەی بزووتنەوەکانی پیوەندیدار بە ژنان، ئاشتی و مافی مرۆڤ لە سەر تەوەری خەبات بە دژی میلیتاریەت

٢- بلاوبوونەوە و بەرهەمهێنانی چەکی بچووک و رۆلی لە توند و تیژیی بنەمالەیی دا

٣- توند و تیژیی جینسی لە سەردەمی شەر وتێکهەڵچوونەکان و دواتر دا

٤- توند و تیژیی سیاسیی دژی ژنان و توند و تیژی بەرلەهەڵبژاردن، کاتی هەڵبژاردن و پاشهەلبژاردن

٥- بەڕێوەبردنی توند وتیژیی سێکسی و جینسییەتی بە هۆی مەئموورانی دەوڵەتی، بە تایبەتی مەئموورانی نیزامی و ئینتیزامییەوە



**سەرچاوەکان:**
_ چەند دوکیۆمێنتی نێودەولەتیی
_ مافی مرۆڤ: قادر وریا
_ توند و تیژی لە شوێنی کار، کنێر عەبدوڵلا

# چۆڵ بوونی دەنگ و ڕەنگی ژنان لە سیاسەت دا



حەلیمە ڕەسووڵی

لە سەدەی بیست و یەکەم دا مۆدێلی کۆمەڵگای پیاو سالار لە دنیا دا چی دیکە باوی نەماوە و خوازیارانی ئەم مۆدێلە کارکردنە بە بەردەوامی ڕێژەیان کەم و کەمتر دەبێتەوە. لەم سەردەمە دا بەشداری ژنان لە پانتاییە جۆراوجۆرەکان دا بۆتە باسێکی گرینگ و بەپێی بۆچوونی خاوەن ڕایان گەشەی کۆمەڵگا بەبێ گەشە و بەشداریی نیوەی ئەندامانی کۆمەڵگا سەقەت و ناتەواوە. بە بەشداریی ژنان لە بەڕێوەبردنی کۆمەڵگادا قازانجێکی گەورە بە هەمووان دەگات و هێزی چاکسازی بەهێزتر دەبێت. ئەگەر بمانەوێت بە جۆرێکی دیکە باسەکە بێنینە گۆڕێ و بنەماڵەیەک لەبەرچاو بگرین بەم جۆرەی لێدێت کە ئێمە هیچ کات ناتوانین بنەماڵەیەک بدۆزینەوە کە ژن یان پیاوی تێدا نەبێ بەڵام گەشە بکات. بە واتایەکی دیکە بنەماڵەیەکی ئاسایی پێویستی بە بوونی ژنێک و پیاوێک هەیە بەو هۆیەکە لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتییەوە هەریەک لەوانە خاوەنی تایبەتمەندیی خۆیانن و دەتوانن تایبەتمەندیەکانی یەکتری تەواو بکەن و دواتر کۆمەڵگا تەکمیل بکەن. ئەم باسە دەتوانێ لە گۆمەڵگایەکی بەرهەمهێنەر و لە حیزبێکی سیاسییش دا هەر وابێت و بۆ سەرکەوتن پێویستە کە کەڵک لە تایبەتمەندی هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ وەربگیرێ. ڕێکخراو، و حیزبە سیاسیەکان ئەگەر نەتوانن لە هێز و پتانسیەلی هەردوو ڕەگەز کەڵک وەرگرن بێ گومان تووشی گرفت دەبن. ئاڵوگۆڕەکان لە دەیەکانی ڕابردوودا بوونەتە هۆکارێک کە ئەو ڕاستیە دەربکەوێ کە بوونی ژنان لە سیاسەت دا پێویستییەکی حاشا هەڵنەگرە. لێرەدا بە پرسیارێک وتارەکەم درێژە پێدەدەم بەڕاستی ئامانج لەبوونی ژنان لە جیهانی سیاسەتدا و بە تایبەتی لە تروپکی دەسەڵات دا چیە؟

زۆر کەس لەسەر ئەو بڕوایەن کە زانستی سیاسەت وەک زۆربەی زانستەکانی دیکەی کۆمەڵگا بەپێی خواستی پیاوان بناغەکانی دارێژراوە و هەر بەوپێیەش بەڕێوە دەچێ. بەڵام بەپێی بنەمای یەکسانیی دووڕەگەز پێویستە ژن و پیاو پێکەوە سیاسەت ئیدارە بکەن . هاوکاری کردن بۆ پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی ئیدەئال هەموانی پێویستە بەهەر دوو ڕەگەزەوە بەڵام زیاتر سازدانی وەها بەستێنێک دەگەڕێتەوە سەر سیاسەتمەدارانێک کە هەستیان بە بۆشایی لەو خانەیەدا کردوە و ئەوان پێویستە بۆ بەرابەریی ڕەگەزی لە بیاڤی بڕیاردان داو بردنەسەری ڕێژەی ژنانی بەتوانا و سازدانی سیمایەکی نۆرماڵ، ڕەوتێکی ڕوو بە هەڵکشان لە ڕێژەی ژناندا وەڕێ بخەن. جێگای ئاماژەیە کە سیاسەت بەگشتی و سیاسەتی کوردی بەتایبەتی چی دیکە لە بەرژەوەندی دا نییە کە لە تیۆری سیاسەتی کلاسیک کەڵک وەربگرێ. بەو پێیە کە ئەم تیۆرییە، شێوازێکی جیاکارانەیە و تێیدا ژێر دەستەیی ڕەگەزی مێ دەبێتە فشارێکی گەورە بۆ سیاسەتمەداران،چونکە ئەم کارە لەگەڵ باوەر و بنەماکانی ئازادی یەک ناگرێتەوە. شیاوی گوتنە کە بۆ گۆڕینی هاوکێشەی دەسەڵاتی ژن و پیاو لە کۆمەڵگە دا نابێت تەنیا ژنبوون وەک ڕەگەز لەبەر چاو بگیرێ لەپێناو مۆدێرن کردنی سیما و ڕوخساری دەسەڵات دا ، بەڵکوو ژنانێک پێویستە بێنە پێشەوە کە هۆشیار و ئاگا و بە توانا بن. لە قۆناغی دواتر دا ئەرکی سیاسەتمەداران دەگۆڕێ و ئەوان دەبێ لێکدانەوە لەسەر بەسوود بوونی ئەو هەنگاوە بکەن و ڕادەی قازانجی بوونی ژنان لە پۆستە سەرەکیەکاندا شرۆڤە بکەن.

چاوەڕوانی لە خوودی ژنان لەم پێناوەدا چیە؟

تا ئێستا بۆمان دەرکەوتوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی کە لە دەسەڵات دان و وەک ژنێکی سەرکەوتووی سیاسی ناویان دەبرێ کەسانێکن کە سیاسەت کردنیان کۆپیی سیاسەتی پیاوانەیە و هیچ چەشنە بۆچوون و زاتی ژنانە لە شێوازی سیاسەت کردنیان دابەدی ناکرێت کە ئەمەش دە بێتە هۆی لاوازیی کاری سیاسیی بەشێک لەو ژنانە. ئەمە لە کاتێک دایە کە ئەوان دەتوانن پێکهاتەی سیاسەت بەرەو خواستەکانی ژنانەی خۆیان بەرن و سیاسەتی نوێ لە پێکهاتەی سیاسی دا دابڕێژنەوە.

**بۆمان دەرکەوتوە کە ڕێژەیەک لەو ژنانەی کە لە دەسەڵات دان و وەک ژنێکی سەرکەوتووی سیاسی ناویان دەبرێ کەسانێکن کە سیاسەت کردنیان کۆپیی سیاسەتی پیاوانەیە و هیچ چەشنە بۆچوون و زاتی ژنانە لە شێوازی سیاسەت کردنیان دابەدی ناکرێت**

کاری سیاسیی فەرمی بریتییە لە پێناسەیەک لەژێر سەردێڕی «لۆژیکی پێکهێنان» بەو واتایە کە لەسیاسەتی فەرمی دا ئامانجی سیاسی ساز دەکرێ. هەر بۆیە ژنان بەسانایی دەتوانن پێکهاتەیەکی دارێژراوی سیاسی بگۆڕن. ئەوان دەبێ لەنێو حیزبەکانیان دا لە بەرامبەر ئەو لەمپەڕانەی کە بەرگری دەکەن لە بەشداربوونی ژنان لە پرۆسە سیاسییەکان دا ڕاوەستن و نابێ بێڵن کە لێکدانەوەی هەڵەیان لەسەر بکرێ. زۆر جاران بۆچوونی پیاوانەی ژنان بە نیسبەت خۆیان دەبێتە هۆی ئەوەی کە بیروڕایان لە سیاسەت دا بە هێند وەرنەگیرێ کە ئەمەش دەبێتە هۆکاری پەروەردە کردنی ژنانێک کە قەبووڵیان کردوە، هەموو کات پاشکۆ بن و نەچنە پانتایی بڕیاردانەوە و بەم جۆرە ژنان لە قۆناغی «دواکەوتوویی پەروەردەیی» دا دەمێنێتەوە و بەردەوام بەرنامەو پرۆگرامەکانی پیاوان جێبەجێ دەکەن.

بۆیە تەنیا ژنبوون وەک ڕەگەز لە سیاسەتدا چارەسەری کێشە نییە. ژنان دەتوانن ببنە ئەهرۆم گەلێکی کاریگەر بۆ وەڕێ خستنی سیاسەتی عادیلانەو ئاشتیخوازانە لە ترۆپکی دەسەڵات دا کە ئەوەش خاڵێکی گرینگە کە پێویستە ببێتە بنەمایەک بۆ نیشاندانی هزری ژنانە کە هزرێکی چارەنووسسازە لە نیزامی سیاسەت کردن دا.

ئەوان دەتوانن چی دیکە نەهێڵن کە وشەی دیموکڕاسی ببێتە تەپڵی نێو بەتاڵ لە پێکهاتە سیاسیەکان دا. بەگشتی کاتێک کە ژن کەڵک لە هێژمونیی سیاسەتی خۆی وەربگرێ دەتوانی خوڵقێنەری دنیایەکی بەدوور لە هێرش و ململانێی ناسالم و توندوتیژی بێت. پێویستە ژنان پێناسەیەکی دیاریکراویان لە تیۆری سیاسەت و سیاسەتی پڕاکتیزەکراو هەبێ.

لەلایەکی دیکەشەوە چالاکانی ژن دەبێ ئەوە بزانن کە چالاکی لە بیاڤی ژناندا بەردەوام بەستراوەتەوە بە پرسە سیاسیەکان. بەو هۆیەکە کاتێک ژنانی چالاک باس لە گۆڕینی یاسایەک دەکەن ڕاستەوخۆ ئاماژە بە پێکهاتە سیاسیەکان دەکەن، لە واقیع دا ئەوان داوای گۆڕینی پێکهاتەیەک دەکەن کە ئەمەش ئەمرێکی سیاسییە. لەهەر شوێنێک و لەهەر کۆمەڵگایەک دا بەشداریکردنی ژنان لە سیاسەت دا پێویستە. فیمینیستەکان لەسەر ئەو باوەڕەن کە پێویستە ژنان لە کاری سیاسی دا بەشدار بن و لەهەمان کاتیشدا پیاوانیش بەشداربن لەکاری ناوماڵدا، واتە کاری ژیانی تایبەتی.

بەواتایەکی دیکە فیمینیزم داواکاری تێک شکاندنی پەرژینەکانی نێوان تایبەتی و گشتییە!

چەند هۆکارێک بۆ دوورە پەرێزیی ژنان لە سیاسەت:

چەند هۆکارێک کە بوونەتە هۆی دوورەپەرێزیی ژنان لە سیاسەت بریتین لە:

– نەبوونی متمانە بەخۆبوون و ترسان لە دەربڕینی بیروڕای خۆیان کە هۆکارێکە دەچێتەوە بۆسەر شێوازی پەروەردە لە بنەماڵە و کۆمەڵگادا.

– بێگانەبوون لەگەڵ کەشی سیاسی و بەهی خۆیان نەزانین و بێ ئەنگیزەیی لە بەشداری لە سیاسەتدا.

– متمانە نەکردن بە تواناییەکانی خۆیان.

– کەم ئەزموونی کە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە سەر ئەوە، لەئاستی ناوەندی دا بەرپرسایەتیی پێ نەبووە و ئەمەش هۆکارێکە کە کەم ئەزموون بێت لە ئاستی سیاسەتی کەلان دا.

– بیانووی ئەوەکە هەڵسەنگاندنی سیاسیان لاوازە کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەو ڕاستییە کە ئەو ئیمکان و دەرەتانەی لەبەر دەستی پیاوان دابووە بۆ فێربوون و بەرپرسایەتیی بەکردەوەو بنەما فکرییەکان، هیچیان لەبەردەستی ژن دا نەبوون.

دیارە ئەم خاڵانەی کە ئاماژەیان پێ کرا مەرج نییە لە کەسایەتی هەموو ژنێکدا خۆ بنوێنێ.بەو هۆیە کە هەر ئەو خاڵانەی کە ئاماژەیان پێدرا، لەلایەن هێندێک لە ژنانی نوخبە و بەتواناوە هێڵی سووریان بەسەردا هاتوە و ئەوان توانیویانە خۆیان بە هەمووان بسەلمێنن و بەڵام لەم پێناوەدا ماندووبوون و کاری زیاتر پێویستە. ژنانی خاوەن توانا و لێهاتوو دەبێ هەوڵ بدەن و پارێزگاری بکەن لە مافی دەربڕینی خواستەکانیان، چونکە مافی دەربڕینی بۆچوونی ژنانە مافێکی دیموکراتیکە و پێویستە ڕەچاو بکرێت. ئەوان پێویستە هەوڵی زیاتر بدەن بۆ بردنە سەری ئاستی زانیاریان سەبارەت بە مافەکانی خۆیان لەسیاسەت دا و هەوڵ بدەن لەپێناوی پێداچوونەوە و چاکسازی و گۆڕینی هزرو تێگەیشتنە هەڵەکان و شکاندنی بەربەستەکان. ئەوان پێویستە ببنە پاڵپشت و زەمینەساز بۆ بەشداریی زیاتری ژنانی دیکە لە سیاسەتدا و هەوڵ بدەن بۆپەردەلادان و ڕووماڵ کردنی لێهاتوویی ژنان کە تا ئێستا بەشاراوە ماونەتەوە.

لەکۆتایی دا جارێکی دیکە جەخت لەسەر ئەمە دەکەمەوە کە:

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان دەبێ هەست بەمە بکەن کە ئەوان ڕێژەیەک لە دەنگی مەشروعیان لەلایەن ژنانەوە پێ دراوەو بەشێک لە متمانەی سیاسیان لە کۆمەڵگای جیهانی دا پەیوەندی بە بەشداریی ژنان لەنێو ڕێکخراوەکەیان دایە. ئەوان دەتوانن هەوڵ بدەن لە پێناو سالم ڕاگرتنی سیستمی دابەشکردنی دەسەڵات و بەرگری کردن لە مۆنۆپۆڵ کردنی هێز لە لایەن گرووپ یاخود کەسانێکی تایبەتەوە کە ئەمە ئەرکێکی زۆر گرینگە. حیزبە سیاسیەکان ئەرکی سەرەکیان لەپێناو جەزب و کۆکردنەوەی ژنان بەرەو پرۆسە سیاسیەکان لەسەر شانە. ئەوان دەبێ بەبەرنامەو پلانی کاریەوە هەنگاو بنێن و دەرفەتەکان بۆ ژنان ئاوەڵاتر بکەن کە ئەم کارەش دەبێتە هۆی شەفافبوونیان و دەرخەری ئەمە دەبێ کە ئەوان نوێنەرایەتی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دەکەن بەبێ هەڵاواردن و لەپەراوێز خستن. هەروەها پێویستە کە ئەندامانی خۆیان لە گرنگیی یەکسانیی مافی ژن و پیاو لە کۆمەڵگادا وشیار بکەنەوە. هەروەها خاڵێکی دیکەی گرینگ ئەوەیە کە مکانیزمێک بدۆزنەوە کە کاتێک ژنان ئەرکی بەرپرسایەتیان قەبووڵ کردوە، پشتیوانییان لێبکرێت، واتە میکانیزمی پشتیوانی بۆ هاندان وبەردەوام بوونی ژنان لە پۆستە سەرەکییەکان دا پێک بێنن. بێ گومان پڕکردنەوەی چۆڵایی دەنگ و ڕەنگی ژنان لە سیاسەتدا، ئیرادە و ویستی دەویت و بەردەوامی دەخوازێ.

# نەسرین ستوودە لە مانگرتندا



مەسعوود فەتحی

لە ٢٥ مانگی رابردووەوە تا ئێستا نەسرین ستوودە پارێزەری ناسروای ئێرانی بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە دۆخی نالەباری زیندان مانگرتنێکی بێسنوری دەست پێکردوە. پێشتر و لە چەند کاتی جیاوازدا ئەم زیندانییە ناسراوەی زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی مانی لە خواردن گرتوە و بەم هۆیەوە سەرنجێکی زیاتری بیروڕای گشتی لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران بەرەو دۆخی نالەباری زیندانەکانی ئێران و پێشێلکردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە راکیشاوە. درێژبوونەوەی ماوەی مانگرتنی ستودە و پشتگوێخستنی ویستەکانی لە لایەن بەرپرسانی زیندانەوە و ڕێگرِی کردن لە دیتنی منداڵەکانی لە ملاقاتی حەوتووانەدا هێندەیتر چالانی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤی سەبارەت بە دۆخی جەستەیی ستوودە نیگەران کردوە.

نەسرین ستوودە پارێزەری دادگۆستەری لە خەرمانانی ١٣٨٩ دەسبەسەر کراوە و لە دادگا دا بە تاوانی «هەوڵدان بۆ تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی و پڕوپاگەندە لە دژی وڵات و ئەندامێتی لە کانوونی پارێزەرانی مافەکانی مرۆڤ» دا ١١ ساڵ زیندانی بە سەردا سەپاوە و بۆ ماوەی٢٠ ساڵ لە مافی پاریزەری بێبەش کراو و ٢٠ ساڵیش مافی چوونە دەرەوەی لە ئێرانی لێ قەدەغە کراوە، هەروەها بە تاوانی بێ حیجابی ٥٠ هەزار تمەنیش سزادراوە.

ستوودە لەم دواییانەدا و لەگەڵ جەعفەر پەناهی دەرهێنەری ئێرانی خەڵاتی ٢٠١٢ی ساخارۆفی بۆ «ئازادیی ئەندیشە»ی پێدرا. پێشتریش لە لایەن ئەنجومەنی قەڵەمی وڵاتی کاناداوە بۆ هەوڵە مرۆییەکانی خەڵاتی پێشکەش کرا.

نەسرینی ستوودە پارێزەریی کۆمەڵێ پەروەندەی سیاسی و مافی مرۆڤی لە ئەستۆ گرتوە کە گرینگترینیان بریتی بوون لە: پارێزەریی شیرین عیبادی براوەی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل، محەممەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و زیندانیی بەنێوبانگی کورد، عیسا سەحەرخیز، کەیوان سەمیمی، عاتیفە نەبەوی، خەدیجە موقەدەم، ئەحمەدی نەجاتی لە کووژراوەکانی دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ٨٨ و ئارەش رەحمانی لە ئەندامانی ئەنجومەنی پاشایەتی کە لە ساڵی ١٣٨٨ لە سێدارە دا.

### مانگرتن لە خواردن

مانگرتن لە خواردن بە واتای خۆ بواردنی دڵخوازانەیە لە خواردنی خۆراک یان خواردەمەنیی وشک و بە زۆری وەکوو تاقە ریگەیەک لە لایەن کەسانی دەسبەسەرکراو یان ستەملێکراو لە بەرانبەر هێز و دەسەڵاتداراندا بەکار دەهێنرێ.

مانگرتن لە خواردن مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و لە هێندی کۆندا باو بووە کاتێ کەسێ ستەمی لێدەکرێ لەبەردەم ماڵی ستەمکاردا دائەنیشت و بە مانگرتن لە خواردن نارەزایەتی خۆی دەردەبڕی، لە سەدەکانی نێوەڕاستیش دا لە ئیرلەند ئەم ریچکەیە درێژەی بووە.

ماهاتما گاندی ناسراوترین مانگرتووی مێژوو لە ماوەی ژیانی خۆیدا لە دەیەکانی ١٩٢٠، ١٩٣٠ و ١٩٤٠ دا حەڤدە جار مانی لە خواردن گرتوە. ئەو لە یەکێک لە نامەکانیدا بۆ لایەنگرێکی دەنووسێ: « لە هەلومەرجێکی تایبەت دا، خۆ پاراستن لە خواردن چەکێکە خوا بە ئێمەی داوە تا لە ئەوپەڕی بێدەرەتانی دا بە کاری بێنین.»

لایەنگرانی مانگرتن لە خواردن دەڵێن ئەو کاتەی هیچ دەرەتانێک نییە، مانگرتن لە خواردن وەکوو کەرەستەیەک بۆ بەرەنگار بوونەوەی بێ دادی و نابەرابەری بە کار دێ. کاریگەری و هێزی مانگرتن لە خواردن لە ئامادە بوونی مانگرتووەکەدا بۆ مەرگێکی دڵخوازانە شاردراوەتەوە.

### مانگرتنی ستوودە و ئاکامەکانی

رەزا خەندان هاوسەری نەسرینی ستوودە سەبارەت بە مانگرتنەکەی ئەمجاری ستوودەوە دەڵێت: «نەسرین بە هۆی دۆخی نالەباری زیندانەوە مانی لە خواردن گرتوە و وتوویە کاتێک هیچ هانایەکم نەماوە مانگرتن لە خواردن دوایین ڕێگەیە کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین هەڵی دەبژێرم.»

مانگرتنی ئەمجاری ستوودە زیاتر لە مانگێکە درێژەی هەیە و سەرەڕای نالەباریی دۆخی جەستەیی ناوبرا بەڵام تا ئێستا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی خۆیان لە وەدیهێنانی ویستەکانی بواردوە. ئەمەش بوەتە هۆی دەنگدانەوەیەکی میدیای بەربڵاو لەمەر پرسی زیندانیانی سیاسی، مەدەنیی ئێران و هاوکات نارەزایەتییەکی بەرچاوی چالاکان و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤی لێکەوتووەتەوە. ئەحمەد شەهید راپۆرتنێری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پرسی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران سەبارەت بە دۆخی ستوودە نارەزایەتی دەربڕی و نیگەرانیی خۆی لەم بارەیەوە لە بەیاننامەیەک دا لە ١ی نۆڤەمبەر بڵاوکردەوە.

هەیئەتێکی پارلەمانی ئوروووپا بۆ دانوستان لەمەر بەرنامە ناوەکییەکانی ئێران داوایان کردبوو لەکاتی سەردانیاندا بۆ ئێران چاویان بە نەسرین ستوودە و جەعفەر پەناهی بکەوێ بەڵام بە هۆی ئەوەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی پێشوەخت ئەو داوایەیان رەت کردەوە، ئەم هەیئەتە لە سەردانەکەی بۆ ئێران پاشگەز بوویەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێک لەو سیستەمە دیکتاتۆریانەیە کە زۆرترین ڕێژەی مانگرتن لە خواردن لە لایەن زیندانییەکانی ئەو وڵاتەوە بەڕێوەدەچێ. پێشتر ئەکبەر محەممەدی، چالاکی خوێندکاری کە بە هۆی نارەزایەتییە خوێندکاریەکانی ساڵی١٣٧٨ دەسبەسەر کرابوو، لە ساڵی ١٣٨٤ لە کاتی مانگرتن لە خواردن لە زیندانی ئەوینی تاران گیانی لەدەست دا.

ساڵی رابردوو هۆدا سابیر هەر لەم زیندانەدا و بە هۆی نارەزایەتی دەربڕین لە جۆری کوشتنی هالە سەحابی، کچی عێزەتوڵڵا سەحابی دەستی دایە مانگرتن و دواجار لە نەخۆشخانە گیانی سپارد.

زیندانیانی سیاسیی کوردیش زۆرترین ڕێژەی مانگرتن لە خواردنیان بووە و بە تاک و کۆمەڵ و بۆ ماوەی جیاواز مانیان لە خواردن گرتوە. هاوینی ئەمساڵ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند بە نارەزایەتی دەربڕین لە دۆخی زیندان و بێبەش کردنی لە مافی زیندانییەکی سیاسی بۆ ماوەی دوو مانگ مانی لە خواردن گرت.

هەرچەندە مانگرتنی زیندانیگەلێکی ناسراوی وەکوو بەرێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند و نەسرینی ستودە و .... رسواییەکی گەورەی بۆ کۆماری ئیسلامی لە ئاستی نێونەتەوەییدا لەمەر پێشێلکارییەکانی مافی زیندانیان لێکەوتووەتەوە و ئەو ڕێژیمەی وەک یەکێک لە گەورەترین پێشێلکارەکانی مافی مرۆڤ ناساندوە بەڵام ڕێژیمی سەرەڕۆی ئێران بەردەوام درێژە بە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و مافە سەرەتاییەکانی زیندانیان سیاسی و مەدەنی دەدا، ئەمەش وەهای کردوە کە مانگرتن لە خواردن وەک تاکە چەکی زیندانیان بۆ دەربڕینی نارەزایەتی لەمەر دۆخی زیندانەکانی ئێران لە لایەن زیندانییەکانەوە بەکار بهێنرێ و وەک فۆرمێکی خەبات لە نێو زینداندا خەریکە زەق دەبێتەوە. دوایین مانگرتن لە رۆژی ١٠ خەزەڵوەری ئەمساڵ دا بوو. لە کاتێکدا کە بەرپرسانی زیندانی ئەوین بەندی ژنانیان پشکنیبوو بێ ڕێزیان بە ژنانی زیندانی کرد و ژنانی زیندانی ئەو کردەوەی بەرپرسانی زیندانیان بە دەستدرێژی جینسی ناو بردو و نۆ کەس لەو زیندانیانە مانیان لە خواردن گرت کە ناسراوترینیان بریتی بوون لە: بەهارە هیدایەت، ژیلا بەنی یەعقووب، مەهسا ئەمیر ئابادی، شیوا نەزەر ئەهاری، نەسیم سوڵتان بەیگی.



### حداثە(حەدداسە) پەشغوون کچە گۆرانیبێژی کوردی ئیسرائیلی بۆ ڕۆژنامەی «کوردستان»:

# دڵنیام کە کورد ماف و لێوەشاوەیی بوونی وڵاتێکی سەربەخۆیان هەیە

مەسعوود پیران.ئوسترالیا

ناوم حداثە(حەدداسە) پەشغون، لەدایکبووی ئیسرایل. باوکم کەتەمەنی ٩٤ ساڵە، لەدایکبووی «نەرگی» یە لە باشووری کوردستان. دایکم(ساڵیک لەمەو بەر کۆچی دوایی کردوە) خەڵکی شاری ورمی بوو بەڵام لە«شنۆ» دایک بیوو. بەزمانی ئارامیک زۆر باش قسە دەکەم، گورانی دەنووسم و گۆرانییش بەئارامیک دەڵیم . بەزمانی کوردی تەنیا گورانی دەڵیم، کەمێکیش لەزمانی کوردی تێ دەگەم . ٥ سی دیم هەیە: ٢ بەعیبری، ٣ بەئارامیک و کوردی.جاروبارێش لەسەر YouTube یان دادەنێم. لەداهاتوودا لەسەر سیدییەک کار دەکەم کە فارسییە. هەر وەها لەهەموو جورە مەراسمیک لەناوخۆ و دەرەوەی ئیسرائیل بەشداری دەکەم وەکو: زەماوەند، کۆبوونەوەی گشتی، خەنەبەندان،مەراسمی تایبەتی مۆسیقا، لە



تەلەڤیزیون و رادیۆ و هتد لە ژوورەوە یا دەرەوەی ئیسرایل. ئەمرۆژانە هەوڵەکانم زیاتر لە سەر مۆسیقای کوردی چڕ کردۆتەوە، چونکی بە بۆنەی ریشە و رەچەڵەکمەوە زیاتر پێوەندییم پێوە هەیە. هەست دەکەم من سەر بەخەڵکی کوردم. دووهەم لێرە لە ئیسرائیل ئیمەی کورد کومەڵگایەکی بچووکین ئەگەر ئا گاداری پاراستنی زمان و فۆلکلورەکەمان نەبین ، تێدا دەچین.

چەند ڕۆژنامەوانیکی کورد لە بەشە جیاوازەکانی دنیا چاو پێکەوتنیان دەگەڵ من کردوە کە شانازییەکی گەورەیە، کاتێک دەزانم خەڵکی کورد ستایشی گورانیبێژێکی کورد دەکەن کە زمانی کوردیش نازانی، تەنها گورانیی پی دەڵێ .زۆریان بەنووسراوە گۆرانیم بۆ دەنێرن و داوام لێ دەکەن بیانڵێم .

بەوانە زۆر دڵگەرم دەبم و دڵگەرمی و توانایەکی زۆرم دەداتێ کە لە کاری مۆسیقا بەر دەوام بم . من ژیانی هاوبەشم پێک هیناوە خوێندنی مۆستاییم تەواو کردوە، وەکو تێکنیسیەن،کاری دادنسازی، دەکەم . گۆرانیی کوردی زۆر گوێ دەگرم ، ئەگەر گورانییەکم پی خۆش بێت.

داوای هاوکاری و یار مەتی لەخەڵکی کورد دەکەم (کەها سان نیە) . زۆر کۆنسێرتم بەرێوەبردوون و بە عیبری، ئارامیک، کوردی، فارسی، تورکی، عەرەبی، عێراقی مەراکشی. لەتەمەنی ٤ساڵییەوە، گورانی دەڵیم. من دەزانم کورد ئیش و ئازاری زۆری لە دەست سەددام حوسێن بینیوە، باش دەزانم وڵاتی سەربەخۆیان نییە و ئەوە «دەردی هاوبەش»مانە چونکی خەڵکی



یەهوودیش زوڵملێکراو بوون و نارەحەتیان زور دیتوە و ئەو وڵاتە چکولەی هەمانە دوایی شەرێکی زۆر پێک هاتوە.تا ئێستاش لەژێر مەترسیی دەرەکی دایە، (بەتایبەت دەنگی رەشەبای شەر کە لەئێرانەوە دێت). من دڵنیام و لەو باوەرە دام کەکورد ماف و لێوەشاوەیی بوونی وڵاتێکی سەربەخۆیان هەیە. بێگومان «چۆپی» گورانیبێژی دلخوازی منە. بەڵام زۆرم پی خۆشە کە لە ڕێگای تەلەڤیزیۆنی ماهوارەیی بزانم بەرهەمی تازەی چیە.

---

هەڵە چێنی

## بەراوردی دوو دونیای مەجازیی خۆش



مستەفا شێخە

جاری جاران کە باسیان لە دنیای مەجازی دەکرد، سوفیەکی ریش پانمان دەهاتەوە یاد کە سەری بەسەر سنگیدا شۆڕ کردووەتەوە و کوڵیک مووی ماش و برینجیان وەک کلووی بەفر کەوتوونەتە باوەشی و چاوەکانی لەسەریەک داناون و لە ناخی خۆیدا بە ناو ئارەزووەکانی دا پیاسە دەکات.

مامە سوفی، سواری شاپەری باڵی خەیاڵی دەبوو .لە خزمەت پیرو مورشیدیدا بە حەوت تەبەقەی ئاسماندا تێدەپەڕی. میوانی خوانی نیعمەتی هەراوی دڵخوازی خوی دەبوو. لە رووباری شیر و هەنگویندا ئەنگوستی تەڕ دەکرد و بەدڵی خۆی لێی دەچێشت. لە خزمەت پەریانی رووت و قوتی دنیای خۆیدا خۆشترین چێژی وەردەگرت. دوای ئەوەی بەسەر پەریی نازداری لەباری رووتی بەهەشتیاندا دەکەوت، دەهاتەوە یادی نەکا لەویش روانین لەو بەژن وبالایە، ببێتە هۆی ورۆژاندنی مەلائیکەی سەر شانی چەپی و دەفتەری ئاکارە دزێوەکانی رەشتر بکاتەوە، لە قوولایی دڵەوە دەینرکاند و بە دەربڕینی لەناکاوی وشەی «یاحەق»، خۆی و دەوروبەری بەشێوەیەک رادەپەڕاند کە چەند «ساڵیک» و تەرکە «دونیا»ی ناچار دەکرد جاریکی دیکە دەستنوێژی پاکی بشۆنەوە.

لە دونیای مەجازیی مامە سوفی دا، وشە بەم شیوەی ئێستای کاریگەری مەیدانی دنیای مەجازی نەبوو. مامە سوفی، پێش دەربڕینی وشەکانی لە دەروونی خۆیدا دەخواردەوە و تەنیا بۆ چێژ و تێگەیشتنی خوی دەیورووژاندن. پێویست نەبوو ریکیان بخات و بیانخاتە بەندی رستە و دوای چەندجار پێداچوونەوە بەگژ ئەم و ئەویاندا بکات.

دونیای مەجازیی جاران، زیاتر دەرفەتی دەدایە پیاوانی خاوەن ریشی لەتەمەنەوەچوو. ژنان و لاوان بە هۆی نەبوونی ریشەوە ئەو پێناسەیان بەدەستەوە نەبوو دەرگای دنیای مەجازییان لیبکرێتەوە.

دوای ئەوەی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنی مرۆڤی ئەم سەردەمە جێگەی بە دونیا مەجازییەکەی مامە سوفی لێژ کرد و بە هۆی کامپیوتێر و مامپیوتێر و ئینتێرنێت و مینترنێتەوە، دنیایەکی مەجازیی دیکە هاتە ئاراوە، دەرگای ئەم دنیایە بەسەر منداڵ وپاڵ و ژن و هەرزەکارانیشدا کرایەوە.

ئەم دونیا مەجازییە، هێندێکجار لە هێنەکەی مامەسوفی تێدەپەڕێنێت و دەگاتە ئاڵوگۆڕکردنی پیت و وشە و رستە. لێرە دا زمانەکە لە زمانی سەردەمی دنیای مەجازیی مامەسوفی جیا دەبێتەوە. ئەگەر وەک مامەسوفیی جاران رژد و پێداگربین و زور بچینە بەرەوە، کارەکە لە پیت و وشە و رستە تێدەپەڕێت و دەگاتە بەشێک لە جیهانی ماس میدیا. لەم جیهانەدا دەکرێ فریشتەکان بە نێر و مێوە لەوپەڕی دڵخوازیاندا چاویان بە نووری روخساری یەکتری رۆشن بێتەوە و بگەنە خەلی زۆر هەستیار و وەک مامەسوفی بە دەربڕینی نرکەی «یاحەق»یان، دەستنوێژی خۆیان وکۆمەڵێکی زیاتر تووشی نوێکردنەوە بکەن.

لەم دونیا مەجازییەدا بێئەوەی بەرەو حەوت تەبەقەی ئاسمان بفرین، بەدەوری یەکەم تەبەقەدا دەسوڕێینەوە. لە کاتێکدا لێرەوە پەنجە لە کیبورد دەدەین، بەرلەوەی رستەکە تەواو کەین، ئامێرەکەی بەردەستی کەسی بەرانبەرمان لەوسەری دونیا بەزمانی عیرفانیی ئەم سەردەمە خاوەنەکەی ئاگادار دەکاتەوە و دڵی خۆت بگرە خەریکە رستەیەکی دیکەت پێدا دەدات.

دنیای مەجازیی ئەم سەردەمە تەنیا بۆ پیاوە خاوەن ریشەکان بەرتەسک نەبۆتەوە. لەم دونیایەدا دز و جەردە و ریگر و ساختەچیش وەک مشکی پشیلە نەدیتوو تەراتێن دەکەن. رۆژ نییە پارەی بانکەکان نەبەن و زانیاریی بەدرو بلاو نەکەنەوە و پیاوەکانیان خۆیان نەکەن بە ژن و ژنەکانیش خۆیان نەکەن بەکوڕ. لێرەدا فرین بەرەو فریشتەکان مەترسیدارە. جاری وایە فریشتەیەکی جوانی رەزاسووکی قسە خۆش کە رووبەندی لادەدات، بە پیاویکی سمێل بابری قامک ئەستووری نێوچاوان گرژ دەردەچێت و دەردەکەوێت پیاویکی پێست ئەستووری بۆن دووکەڵاوی و سەرکەچەڵی بەسالاچووی خوێنتاڵیش، باڵا بەرزیکی شۆخ وشەنگی جوانچاکی بەلەنجە و لاری تازە لاوە.

قسەی خۆمان بێت، بە هەروو بارەکەیدا دونیای مەجازیی زۆر خۆشە.

.....................................................

---

## شیعری جیهان



**شاعیری هاو چەرخی مەکزیکی**
**«خۆزە ئمیلیۆپاچەکۆ» (١٩٣٩)**
(JOS Emlio Pacheco)

**عەلیرەزا رەحیمی**

خۆزە ئمیلیۆ) لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری مەکزیکۆسیتی هاتوتە دنیا.)

هەر لە هەرەتی لاویەتی بە کەلکوەرگرتن لە کەلتوورو نەریتی کۆنی وڵاتەکەی و تێکەڵاو کردنی بە ئەدەبیاتی ئاوانگارد توانی لە بواری شیعر بە باشی بدرەوشێتەوە.بوو بە رۆژنامەنووس ولەبلاوکراوە جۆر بەجۆرە کانی مەکزیک کاری کرد.بوو بە بەرپرسی بەشی ئەدەبی –ولە ژیانی شاعیرانەی خەڵاتی نەتەوەیی شیعر وخەڵاتی «ژورنالیستیی ئەدەبی»وخەڵاتی هەواڵی «ویچا ڤوروتیا» و خەڵاتی «میگدا دوو ناتو» وخەڵاتی «خوزە ئاسۆ سیلوا»ی ١٩٩٦وەرگرت.

هەروەها خەڵاتی بە نرخی « ئوکتاویو پاز»ی لە ساڵی٢٠٠٣ و خەڵاتی نیونەتەوەیی «پابلو نرۆدا»ی ٢٠٠٤ وەدەست هێنا.

**بەر هەمە شێعریەکانی:**

پێکهاتەکانی شەو (١٩٦٣)
ئارامشی ئاگر(١٩٦٦)
لێم مەپرسە چۆن زەمان تێپەردەبی(١٩٦٩)
دەچیت و...ناگەڕیتەوە(١٩٧٣)
دوورگەی دەرکراو (١٩٧٦)
لەمەو بەدوا(١٩٨٠)
کارکردن لە دەریا(١٩٨٣)

خوزئمیلیۆکۆلە نیوان ٣١ شاعیری بەناوبانگ و ناسراوی دنیا. وەکوو (ماریوبینێدتی) ئۆروگوئە)خوان خێلمەن) لە ئارژانتین، (نیکانوور پارڕا) لە(شیلی) و... دەیان شاعیری بەتوانا لە ئەمریکا وئیسپانیا توانی خەڵاتی ٦٠هەزار دۆلاری و نیونەتەوەیی ((فێدرکۆ گارسیا لورکا)) بەدەست بهێنێت. ئەمە لە کاتیک دایە کە زوربەی شاعیرانی جیهان بۆ بەدەست هێنانی ئەم خەڵاتە بەنەرخە رۆژمێرییان دەکرد.

**چەن کورتە شیعریک لەو شاعیرە:**

وشەیەک کە دەنووسم
هەر لەهەمان کات
پێم دەڵێ مانایەکی دیکەی هەیە...

***

دڵێن دەریا سەرەتای نییە؟
دەریا لە شوێنیک دەس پێدەکات.
کە یەکەم جار و یەکەم تروسکەی بەدەس هێنان–
لە ناخدا هول دەکات.

***

دڵۆپێک باران ...
بە درێژایی شەو لە نێو تاریکاییەکی نمناک دا...
دەلەرزی،
کوتپرا مانگ هەڵات وە، پێکەنی.

***

وڵاتی خۆم خۆش ناوێت!
بریقەی خولیانی دەس ناکەوێت.
بەڵام بەمەیشەوە،
ژیانم پی دەبەخشم،
دەیبەخشم بە هێندیک لە ئێنسانەکان
بە چەن جەنگەڵ و گوڵزاری،
بەئاسەواری مێژوویی و،
شاخەکانی و، یەک، دوو رووباری.
وڵاتی خۆم خۆش ناویت بەڵام...

ژیدەر: فصل نامە ی تخصص شعر جیهان
جلد دوم بهارو تابستان٨٨

1– Xavir Villaurrutia
2– Jos Asun Cion silva
3– Octavio paz
4– Pablo Neruda
5– Mavio Benedeti
6– Jan Gelman
7– Nicanor parra

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party
NO: 596 20 nov 2012

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، رادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv Hotbird:6 MHz 11200
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com

# ماموستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە خەڵاتی ساڵانەی «سەید برایم»ی پێ بەخشرا



لە ڕێورەسمی ساڵانەی «خەڵاتی سەیدبرایم» لە شاری کۆیە، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتی بەناوبانگی ئەدەبی و سیمای ناسراوی کوردستان خەڵاتی «سەیدبرایم»ی پێ بەخشرا.

ڕۆژی پێنجشەمە ١٨ی خەزەڵوەر لە هۆڵی سەنتەری گەنجان لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان ڕێورەسمی خەڵاتی ساڵانەی ئەدەبی سەیدبرایم بە بەشداریی کۆمەڵێک لە نووسەران و ئەدیبان و کەسایەتیی کوردو هەروەها بنەماڵەی ئەدیب و شاعیری ناوداری کورد، سەید برایم بەڕێوەچوو.

ڕێورەسمەکە بە خولەکێک بێ دەنگی ومارشی ئەی ڕەقیب دەستی پێ کرد.

پاشان وتاری بنەماڵەی سەید برایم لە لایەن «پێشرەو سەیدبرایم»ەوە پێشکەش کرا. هەروەها وتاری فەرمانداری کۆیە لە لایەن بەڕێز «شێخ چاپوک»ەوە پێشکەش کراو لە درێژەی ڕێورەسمەکەدا وتاری یاریدەدەری سکرتێری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ کاروباری ڕووناکبیری و وتاری بنکەی ڕووناکبیری گەلاوێژ پێشکەشکران.

لە بڕگەیەکی دیکەی ڕێورەسمەکەدا فیلمێکی دیکۆمێنتاری کە باسی لە ژیان و بەرهەمەکان و خەڵاتی کەسایەتیی خوالێخۆشبوو سەید برایم دەکرد پێشان درا.

لە بەشی هونەریی ئەم ڕێورەسمەدا کۆمەڵێک گۆرانیی ڕەسەنی دەڤەری کۆیە پێشکەش کران کە زۆربەیان وتنەوەی شێعرەکانی شاعیری ناودار سەید برایم بوون کە تێکەڵ بە دەنگ و موزیکی هونەرمەندان کرابوون.

لە دوایین بەشی ئەم ڕێورەسمەدا دانی خەڵاتی سەید برایم بە هەڵبژێردراوان بۆ وەرگرتنی ئەم خەڵاتە دەستی پێکرد.

لەم بڕگەیەدا چەندین خەڵات کە لە لایەن بنەماڵەی ئەدیب و شاعیری گەورەی کورد، خوالێخۆشبوو مامۆستا سەید برایمەوە ئامادە کرابوو، پێشکەش بە کۆمەڵێک کەسایەتی دیار لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ئەدەبی، سیاسی، هونەری، ئایینی و زانستی شاری کۆیە کرا. لەم پێوەندییەدا خەڵاتی بواری ئەدەبی و سیاسی پێشکەش بە مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە، کەسایەتیی دیاری ئەدەبی، سیمای ناسراوی گۆڕەپانی سیاسەت و تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان کرا.

# کۆچی دوایی مامۆستا شوکروڵڵای بابان



کوردستان و کورد: ڕۆژی هەینی ٢٦ی خەزەڵوەری ١٣٩١ی هەتاوی، مامۆستا شوکروڵڵا بابان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆچی دوایی کرد.

شوکروڵڵا بابان ساڵی ١٣٠٢ی هەتاوی لە شاری سنەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دایک بوو. قۆناخەکانی خوێندنی تا ئاستی دیپلۆم لەو شارە تێپەڕ کرد و پاشان بۆ درێژەدان بە خوێندن لە شاری تاران گیرسایەوە و لە بەشی ئیلاهیاتی زانستگای تاران دا لیسانسی وەرگرت. دوای خوێندن وەک کارمەند لە وەزارەتی ناوخۆ دا دامەزرا و پاشان لە ساڵی ١٣٣٧ لە بەشی کوردیی رادیۆ دا دەستی بە چالاکی کرد. و دواتر کە رادیۆ و لە گەڵ یەک تێکەڵ کران، ناوبراو وەک بەرپرسی بەشی کوردیی رادیۆ و تەلەڤیزیۆن لە هەر سێ پارێزگای ورمێ، سنە و کرماشان وەک بەڕێوەبەری گشتی درێژەی بە چالاکیدا. شوکروڵڵا بابان جگە لەوە کە بۆخۆی لە هەردوو بواری نووسینی شێعر و بابەتی ئەدەبی دا چالاک بوو، لە بواری خوێندنەوە و دیکلەمەی شێعری شاعیرانی کورد لە رادیۆ بە ناوبانگ بوو.

شوکروڵڵا بابان جگە لەوە کە وەک بێژەرێکی ناسراوی رادیۆ بە ناوبانگ بوو، دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی خۆی زیاتر بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و مێژووی کورد تەرخان کرد و لەم بارەوە چەندین بەرهەمی وەک جوغرافیای کوردستان، فەرهەنگی هەزار لاپەڕەیی فارسی ـ کوردی و کۆمەڵێک کتێب و نامیلکەی تری چاپ و بڵاو کردەوە.

# خەڵاتی مافی مرۆڤی کانادا بەخشرایە کۆنترین زیندانیی سیاسی لە ئێران




ڕۆژی سێشەممە ١٦ی خەزەڵوەر، ناوەندی نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ لە کانادا، خەڵاتی مافەکانی مرۆڤی ئەمساڵی خۆی پێشکەش بە عەبباس ئەمیرئینتزام، کۆنترین زیندانیی سیاسیی ئێران کرد.

ناوەندی نێودەوڵەتی مافەکانی مرۆڤ لە کانادا ڕایگەیاند کە ئەندازیار عەبباس ئەمیرئینتزام بەهۆی خۆڕاگری لە بەرانبەر پێشێلکارانی مافەکانی مرۆڤ و هەروەها هەوڵدان بۆ دەستبەر کردنی مافەکانی خەڵک لە ئێران، وەک براوەی خەڵاتی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ٢٠١٢ی ئەم ڕێکخراوە دیاری کرا.

ئەم خەڵاتە ڕۆژی یەکشەممە ١٤ی خەزەڵوەر لە کۆبوونەوەی ساڵانەی ئەم ناوەندەدا لە لایەن خاتوو «نازەنین ئەفشین جەم»ەوە پێشکەش بە «نیک ئاهەنگ کەوسەر» کرا کە وەک نوێنەری ئەندازیار ئەمیرئینتیزام لەو کۆڕەدا بەشداریی کردبوو. لەم کۆبوونەوەیەدا هەروەها پەیامی عەبباس ئەمیرئینتزام خوێندرایەوە.

# دەرهێنەرێکی کورد حوکمی ٢ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بە سەردا سەپا

بە تاوانی بەرهەم هێنانی دوو فیلمی دیکۆمێنتاری، دەرهێنەرێکی کوردی خەڵکی شاری مهاباد حوکمی ٢ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بە سەردا سەپا.

سەرچاوەیەک لە شاری مهابادەوە بە «ناوەندی هەواڵی کوردستان و کورد»ی ڕاگەیاندوە کە دەرهێنەرێکی لاو بە ناوی «ئومید قادری ئەقدەم» بە تاوانی دوو فیلمی دیکۆمێنتار لە سەر خەسارەکانی تەقینەوەی مین لە کوردستان و بەرهەمیکی دیکە بە ناوی «ئێرە سەردەشتە بە کاتی بەغدا» کە باس لە کارەساتی شیمیایی باران کردنی شاری سەردەشت دەکا، لە لایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی ڕێژیم لە شاری مهاباد، حوکمی ٢ ساڵ و ٦ مانگ زیندانیی بە سەردا سەپا.

هەردوو فیلمی دیکۆمێنتاری «مین» و «ئێرە سەردەشتە بە کاتی بەغدا» کە چەند جارێک لە کوردکاناڵ و تلویزیۆنەکانی دیکەی کوردی دا بڵاو بوونەتەوە باس لەو بەڵاو نەهامەتیانە دەکەن کە مرۆڤی کورد بە بێ تاوان، بە هۆی تەقینەوەی مین لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستان و شیمیایی کردنی شاری سەردەشت، بە سەری هاتوون.

ئومید قادری ئەقدەم، دەرهێنەری ئەم دوو بەرهەمە دیکۆمێنتارییە تەنیا ویستوویەتی باس لەو واقعیەتە تاڵە بکات کە مرۆڤی کورد بە هۆی شەڕی نێوان دوو دوژمن ( شەڕی ئێران و عێراق) تووشی چ بەڵاو نەهامەتی گەلێک بووە.




داوای لێبوردنی هێزە ئینتیزامییەکان بە هۆی کوشتنی ستار بێهێشتی . سایت «روز ئانلاین» .

بەر لە ماڵاوایی

# دوژمنایەتی کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ئامریکا لە قسەوە تا کردەوە

ئارش لۆرستانی

شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی ئێران بە دروشمەکانی «سەربەخۆیی، ئازادی» و «نەمان بۆ ئامریکا» بە ڕێبەرایەتی خومەینی و بەشداری لایەن و ڕەوتە سیاسییەکان و خەڵک بە ئاکام گەیشت.

هەردووکی ئەم درووشمانە نیشانەی متمانەبەخۆیی و سەربەخۆ بوون لە هەر هێزێکی بێگانەیە کە ماوەیەکی زۆر بەردەوام سەرچاوە سروشتی و مافی کۆمەڵگەی ئێرانیان بە تاڵان بردبوو و دیارە کۆمەڵگەیش بۆ پەڕینەوە لە قۆناخ و فەرمانڕەوایی سەرەڕۆیی و زوڵم ئامادەیی پێشان دەدا. خومەینی بە وتنەوەی دروشمی «ئەمریکا شەیتانی گەورە» یە و لە ژێر ناوی بەرگری لە حکوومەتی کۆماری ئیسلامی کە بەدەستی «ولی فەقیە» بەڕێوە دەبرێ، دەستی کرد بە کوشت و بڕی دژبەرانی سیاسی و جیابیران و شەڕی ٨ ساڵەی کە دەیتوانی لە جۆزەردانی ١٣٦٠دا تەواوی بکا کرد بە درێژترین شەڕی مێژوو و بە روونی ڕایگەیاند:

«شەڕ بۆ ئێمە نیعمەتە» دەستەواژەکانی «کەسانی بێگانە»، «سیخور»، «لە دین هەڵگەڕاو» و «کافر» و ..... بوون بە سەرەکیترینی ئەو دەستەواژانە کە بەو هۆیانەوە کێشەی خۆی لەگەڵ چالاکانی پێکهاتنی شۆڕش بێ یەکلا کردەوە و بۆ پتەو کردن و سەقامگیریی حکوومەتەکەی، دامەزراو و ڕێکخراوی فەقیهی، ئیتلاعات و سەربازی لە سەرڕاوە ڕێکخستنەوە یان دامەزراند. پێوەندیی ئابووری و دیپلۆماتیکی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی تا ڕێژەیەکی زۆر بە هۆی هێرش بۆ سەر باڵوێزخانەی ئامریکا و بە بارمتەگرتنی کارگێرانی باڵوێزخانە و تیرۆر، دابەزی و پاشهات و فشاری سیاسەتە هەڵەکانی خومەینی لە ساڵەکانی کۆتایی شەڕ و بە تایبەت مردنی بە جۆرێک خۆی دەرخست کە ئێران بۆ دووبارە ژیاندنەوەی بەشی ئابووری و پێوەندیی دیپلۆماسی ناچار بەلای چین و ڕووسیادا شکایەوە، چونکێ چین و ڕووسیای بە هێزی بەرانبەر هێژمۆنیی ئەمریکا دەبینی. پێوەندیی سنووورداری کۆماری ئیسلامی دەگەڵ ڕۆژئاوا ئەو کەشە کراوە سیاسی ـ ئابوورییەی بۆ چین و ڕووسیا خوڵقابوو و ڕکابەریی ئەم دوو هێزە لەسەر بەرژەوەندی زیاتر، ئێران تووشی دۆخێکی هێند نالەبار دەکەن کە دەسەڵاتبەدەستان بۆ دابینی داخوازییەکانیان ناچارن مل بۆ هەر ئیمتیازێکی نادادپەروەرانەی ئەم دوو وڵاتە بدەن و دارایی و سامانی سروشتی وڵات فیدای بەرژەوەندی توێژێکی کەمی دەسەڵاتبەدەست بکەن.

هەڵکشانی حەشیمەت و بەرزبوونەوەی ئاستی زانیاریی گشتی و خوێندەواریی خەڵک، بەتایبەت گەشە و پێگەیشتنی بەرەیەکی نوێ کە هیچ ئەزموونێکی لە شۆڕش و شەڕ نەبوو هیچ، تەنانەت زانیاریشی لە سەر نەبوو، هەروەها پێداویستی ڕوو لە هەڵکشانی تاکەکان هاوکات لەگەڵ گەشەی زانست و تەکنۆلۆژیی کۆمەڵگەی بەرەو قۆناخێکی نوێ برد کە دەسەڵاتی فەرمانڕەوا بۆ ڕاگرتن و پاراستنی سیستمی خۆی ناچار دەبوایە خۆی لەگەڵ ئەم ڕەوتە ڕێک خستبا. کۆتایی سەردەمی سەرکۆماریی ڕەفسەنجانی و پێویستیی ڕێککەوتن و بایەخدان بەم پێویستییانە وردە وردە لە کۆمەڵگەدا بوو بە فۆڕم و بوارەکەی بۆ سەردەمی چاکسازیی خۆش کرد. تاقمی دەسەڵاتبەدەستی کۆماری ئیسلامی کە حەزی نەدەکرد سیاسەتێکی نێوخۆیی و دەرەکی و گونجاو و دەگەڵ بارودۆخی واقعیی ئارایی بگرێتە بەر، بوارەکەی بۆ کەسانێکی هەڵپەرستی وەک خاتەمی ڕەخساند کە بە بەرزکردنەوەی درووشمی نەوەی نوێ و ڕاستییەکانی کۆمەڵگە، دەسەڵات بگرێتە دەست و بتوانێ بەستێنەکە بە ئاراستەی ئامانجەکانی خۆی بۆ گۆڕانکاری و گۆڕینی سترەکتۆری سیستم خۆش بکا، سەردەمی چاکسازیی بە ڕێبەرایەتی خاتەمی و بەرزکردنەوەی درووشمی «وتوویژی شارستانییەکان» بوو بە پێشەکی هاوکاری و وتوویژ لەگەڵ وڵاتە ڕۆژئاواییەکانە، سەردەمێک کە لەودا ئامریکا توانی لە ڕێگەی وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاواوە بەستێنی بازرگانی و هاوکاریی زیاتر لەگەڵ ئێران سەر لە نوێ ڕێکبخەنەوە کە دیارە بە هۆی ئەم کارانەوە پێوەندی سیاسی ـ ئابووریی ئێران چووە قۆناخێکی نوێوە، قۆناخێک کە لە بەرژەوەندیی خامنەیی و شۆنکەوتووانی هێڵی خومەینی نەبوو، هەر بۆیە لە ڕێگەی جۆراوجۆر و کارشکەنی و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی زۆرینەی کورسییەکانی پارلەمان، بەهێز کردنی هێزی ئیتلاعاتی و سەربازیی سوپا و بەسیج و خوڵقاندنی کارەساتی (کوی دانشگاە و قەتڵە زنجیرەییەکان) هەوڵیاندا بەرەی چاکسازی خوازان لاواز بکەن.

دوای تەواو بوونی دوو خول سەرکۆماری خاتەمی، خامنەیی ڕاستەوخۆ هاتە گۆڕەپانی هەڵبژاردنەوە تا بوارەکە بۆ بە سەرکۆمار کردنی کەسێکی نەناسراو و سەربەخۆی، واتە ئەحمەدینژاد خۆش بکا.

سەردەمی سەرکۆماریی ئەحمەدی نژادیش وەک سەردەمی خاتەمی خاڵی وەرچەرخانە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا. خواستی تاقمی دەسەڵات بەدەست بۆ گەڕانەوە بۆ پێش سەردەمی خاتەمی، هەڵکشانی ڕێژەی حەشیمەت و پێویستی هەلی کار، خۆش بژێوی و ئازادییە تاکەکەسی و کۆمەڵایەتییەکان، بڵاویی سەرچاوە ئابوورییەکانی کۆماری ئیسلامی و گەشەی لە ڕادەبەدەری هاوردەکردن، پێویستی یەکلا کردنەوەی کەسانی ئیسلاحتەلەب کە کەوتبوونە ڕیزەکانی دەسەڵاتەوە و ........

یەکێک لە کارە سەرەکییەکانی دەوڵەتی نوێ، بەهێز کردنی هێزی ئیتلاعاتی و سەربازیی و تەرخانی پارەیەکی زۆر بۆ کڕینی چەک و تەقەمەنی بۆ سەرکوتی دژبەران و گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێش لە خاتەمی بوو. هەروەها کۆماری ئیسلامی لەو ماوەیەدا کەڵکی خراپی لە پێوەندیی دەرەکی وەرنەگرت و بە سەرمایەگوزاری لە وڵاتە دواکەوتووەکان و دیارە زیاتر ئیسلامی، هەوڵی دروست کردنی بەرەیەکی ئیسلامی و هاوپەیمانی ستراتیژیکی لە ئاسیا و ئەفریقا داوە. ڕێکخستن و دامەزراندنەوەی هێزە تیرۆریستەکان و پشتیوانی لە بناژۆخوازیی ئیسلامی بە مەبەستی بە کردەوە کردنی «هەناردە کردنی شۆڕش» و «لە نێو بردنی ئیسرائیل» تێچووی قورس و هەلومەرجێکی سیاسیی خراپی بۆ ئێران پێکهێناوە.

خۆڕاگری و قووڵبوونەوەی شەپۆلی ناڕەزایەتییە ئابووریی، سیاسی، فەرهەنگییەکان دوای هەڵبژاردنی سەرکۆماری ساڵی ٨٨ و ویستی دەسەڵات بەدەست گرتنەوەی چاکسازیخوازان، دوای خولی یەکەمی سەرکۆماریی ئەحمەدینژاد، بە کەڵک وەرگرتنی لە لاوازییەکانی ئەم سەرکۆمارە و هەوڵەکانی خودی خامنەیی بۆ ڕاگرتنی شەپۆلەکانی ناڕەزایەتیی کە لەم قۆناخەدا لە ڕێگەی کەسایەتییەکانی وەک میرحوسێن مووسەوی و کەرووبی و خاتەمی ڕێبەری دەکران، دژایەتی و پێکدادانەکانی قووڵتر کردەوە و خەڵکیش بۆ نیشاندانی توورەیی و ناڕەزایەتی پەنگخواردوویان کەڵکیان لەم دەرفەتە ڕەخساوە وەرگرت و بە خۆپیشاندان و ڕێپێوان کاریگەرترین زەبریان لە سیستمی ڕێژیم وەشاند بە جۆرێک کە پاش ئەم ناڕەزایەتییانە مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامی ڕاشکاوانە بۆ وڵاتانی جیهانی ڕوون بوویەوە.

کۆماری ئیسلامی دەگەڵ دەستپێکی خولی دوویەمی سەرکۆماری ئەحمەدینژاد جگە لەو پشێوییانەی کە لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی پێکی هێنابوو و هەروەها بە بەردەوام بوون لەسەر پرۆسەی پیتاندنی ئۆرانیۆم و لاوازییە سیاسی و ناڕەزایەتیی گشتییەکانی نێو خۆ، ئامریکاو هاوپەیمانانی هێنایە سەر ئەم بڕوایە کە بۆ هێمن و هێور کردنەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و بەتایبەت کۆنترۆڵی کەنداوی فارس و تەنگەڵانی هۆرمۆز کە سەرەکیترین ڕێگەی گواستنەوەی وزەی جیهانە و هەروەها کزکردنی هێژمۆنی و دەسەڵاتی ڕووسیاو چین، بە توندی هەڵوێست بگرن و بە شێوەیەکی بێ وێنە گەمارۆکانی سەر ئێران قورستر بکەن، گەمارۆگەلێک کە هەڵوێستی توندی ئێران و هەروەها چین و ڕووسیاشی بە دوادا هات. بەڵام دەگەڵ درێژبوونەوە و بەردەوامی گەمارۆکان سەرەڕای زۆرینەی ناڕازیی کۆمەڵگە، سیستمی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە قەیراناویترین قۆناخی ژیانی خۆی و، بە جۆرێک کە تەنانەت ئەم ڕێژیمە ئامادەیە بۆ مانەوەی دەست لە دروشمی «نەمان بۆ ئەمریکا» هەڵگرێ و ڕاستەوخۆ دانوستانی لەگەڵ بکا و ئیمتیازی پێویستی بۆ مانەوەی ویلایەتی فەقیە پێ بدا.

و: تەها ڕەحیمی